# گوتاری ئاینی لەژێر وردبینیدا

# گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا

عومەر عەلی غەفوور

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عومەر عەلی غەفوور
گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٥٥
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٦٣ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: بۆکان نووری

# پێشەکی

شوێنکەوتن و پێ سەرسامبوون، لاساییکردنەوە، هاوکوفی، سەربەخۆیی و رەخنەلێگرتن، ئەمانە بەگشتی ئەو قۆناخانەن کە مرۆڤی خوێندەوار و بزۆز لە رەوتی گەشەی بیر و هزری خۆی لە بەرامبەر رۆشنبیر و زانا و خوێندەوارەکانی پێش خۆی، کە لە سەرەتادا نموونە و سەرمەشقی بوون، پێیاندا تێ دەپەڕێ.

تۆ کە توانای بیر و هۆش و ئەزموونەکانی ژیانت هێشتا لە سەرەتادان، بەچاوی سەرمەشق و رابەر سەیری خوێندەوار و رۆشنبیر و زاناکانی پێش خۆت دەکەیت، بە بیر و هۆش و زانیاری و تێزەکانیان سەرسام دەبی و شانازی دەکەیت بەوەوە بتوانی لاساییان بکەیتەوە.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بیر و زانیاری و ئەزموونەکانتدا وردە وردە بەرز دەبیتەوە تا دەگەیتە قۆناخێک خۆت بە هاوکوفی سەرمەشقەکانی رابردووت دەزانیت، ئیتر وردە وردە لەوە دەکەوی لاساییان بکەتەوە، بگرە لە هەوڵی ئەوەدا دەبیت ببیتە خاوەن کەسایەتیی رۆشنبیری و هزریی سەربەخۆی خۆت.

بەدوای ئەمەدا قۆناخێکی تر دێت، کە بەرهەمی لەسەر پێ وەستان و بڕوابەخۆبوون و شەقڵگرتنی تەرزی بیرکردنەوە و دنیابینی و کەسایەتیی فیکری و رۆشنبیریی تۆیە، کە تێیدا هەست دەکەیت بۆچوونی جیاواز و ناکۆکت لەگەڵ بۆچوون و شێوازی بیرکردنەوەی سەرمەشقەکانی رابردووت هەیە و وردە وردە دەکەویتە رەخنە لێگرتنیان.

ئەمە هەمان دۆخی فیکری و هەستییە، کە ئەز لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە،

تا ئەمڕۆ، کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک دەکات، لە پێوەندیم لەگەڵ گوتاری ئاینی و بەتایبەت گوتاری میمبەرەکانی مزگەوت و مۆچیاریکار (واعظ) و بانگخوازەکاندا، پێیدا تێ پەڕیوم.

وەک گەنجێکی تازە پێگەیشتووی خاوەن میولی ئاینیی ئیسلامی، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە وەک ئەشقێک بەدوای گوتاری ئاینییەوە بووم، بەتایبەت وتاری ئەو مەلایانەی زیندوو و بزۆز بوون و رەخنەیان لە بارودۆخی سیاسی و ستەمکاری دەسەلات دەگرت، ئەو کاتە لە هەڵەبجە و سلێمانی چەند خەتیبێک هەبوون وتارە حەماسییەکانیان کارێکی کردبوو گەنجان لە دوورە شار و گوندەکانەوە کەمەندکێشیان بووبوون بۆ نوێژی هەینی و گوێگرتن لە وتارەکانیان روویان لە مزگەوتەکانیان دەکرد.

ئەو کاتە بە وتار و موحازەرە ئاینییەکان بەگشتی سەرسام بووم و هەرچیم دەبیست بێ سێ و دوو لێکردن دەمکردە ئەڵقەی گوێم و هەندێ جار بۆ لەبیرنەچوون پوختەیانم دەنووسییەوە.

لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگار و کەڵەکەبوونی ئەزموون و خوێندنەوە و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی چەندان ساڵە، وردە وردە هەستی رەخنەگرانەم لەو گوتارە وەعزییە لا دروست بوو، بەتایبەت کە لەلایەک بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی رژێمی سەدام حوسێن لە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بەشێک لەو گەرموگوڕییەی ڕوحی یاخیبوونی گوتارەکان دروستی کردبوو نەما، لەلایەکی تریش هەستم دەکرد بنیاتی ئەو گوتارانە بنیاتێکی لاوازە و لە رووی مەنتیقی و زانستی و واقیعییەوە کەلەبەری تێدایە، هەست دەکەیت زۆر لە وتاربێژ و بانگخوازەکان بایەخدانیان بە رۆشنبیریی نوێ و بیرکردنەوەی زانستییانە کەمە، لە روووی بابەتی باسەکانیانەوە کێشە زیندووەکانی کۆمەڵیان تا رادەیەکی بەرچاو پەراوێز خستووە و بایەخی پلەیەکیان بە بابەتە قیامەتی و عیبادییەکانە.

ئەمە جگە لەوەی هەستی رەخنەگرانەی زانستییان لاوازە و بەبێ گەڕان بەدوای راستیی رووداو و هەواڵ و چیرۆکەکاندا و ساغکردنەوەیان، یان

هەڵسەنگاندنیان لە رووی مەنتیقی و واقیعییەوە، ئەوەی بەرگوێیان دەکەوێ و پێیان وایە وا دەکات وتارەکان کاریگەر بن لەسەر جەماوەر، ڕای دەگەیەنن.

تا دەهات ئەو بۆچوونەم لەلا بەهێز دەبوو کە لاوازییەکی سەراپاگیر لە جەستەی ئەو گوتارە ئاینییەی حزوورێکی گەورەی لە ژیانی ڕوحی و فەرهەنگی و تەنانەت فیکری و سیاسیشماندا هەیە، ئامادەیە، کە پێویست دەکات پەنجەی بخرێتە سەر، ئەگەر ئەو پەنجەخستنەسەرە تاڵ و ئازاردەریش بێ بۆ هەندێ لەو وتاربێژ و بانگخوازانەی زۆر لە گوتارەکەیان رازین و بە باشترین مومکینی دەزانن، بەبەڵگەی ئەوەی جەماوەر و هەوادار و عاشقێکی زۆریان هەیە.

یەکەم وتاری رەخنەیم لەسەر دیاردەی زەقبوونەوەی گوتاری وەعزی بەسەر گوتاری ئاینیی ئیسلامیی کوردستاندا، لە ژمارە (٢١٤)ی رۆژنامەی "یەکگرتوو" لە ٢٠-١١-١٩٩٨، بڵاو کردەوە بەناونیشانی "لەپێناو خەم و خیتابێکی نوێدا"، کە تێیدا رەخنەم لە چاپکردنی ئەو لێشاوە بەرفراوانە لە کتێب و نامیلکەی پەروەردەیی-وەعزئامێز لەبارەی بابەتە عیبادەتی و ئاکاری و ئەحکامییەکانی وەک وردەکارییەکانی نوێژ، رۆژوو، زەکات و سەرفترە، حەج و عەمرە، پایەکانی ئیمان، ویردەکانی رۆژ و شەو، نیشانەکانی قیامەت، دەرکردنی جنۆکە لە لەش، دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی، ئەحکامی غوسڵ و دەستنوێژ و... هتد گرت، کە لەو کاتەدا لە کوردستان چاپ و بڵاو دەکرانەوە، کە هەندێ بابەت بە چەندان ناونیشانی جیاواز و بەهەمان ناوەرۆک بەچاپی چەندبارە بڵاو دەکرانەوە و بازاڕی کتێبیی ئاینییان خنکاندبوو.

کەچی هەژارییەکی نوتەک لە بواری بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوە و کتێبی فیکری و مەعریفی جدی، کە پەنجە بخەنە سەر کێشە دەستەویەخەکانی کۆمەڵگەی کوردی و رێگەچارەیان لە روانگەی ئاینییەوە بۆ دەستنیشان بکەن، بەدی دەکرا، ئەمە لە کاتێکدا هەندێ تەوژمی سیاسیی-ئاینی باسیان لەوە دەکرد پرۆژەکەیان بەرنامەیەکی تێروتەسەلی فیکری-مەعریفی-شارستانییە و چارەسەری روونی بۆ گشت کێشەکان پێیە.

دواتریش له چەندان وتاردا گەڕامەوە سەر ئەو بابەتە و ڕەخنەم لێ گرت.

هاوکات ڕۆژانە ئەوەندەی پێم دەکرا چاودێریی وتارە ئاینییەکان، بەپلەی یەکەم وتارەکانی ڕۆژی هەینیی مزگەوتەکان چ ئەوانەی خۆم ئامادەیان دەبووم، یان ئەوانەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە وەشان دەکران، هەروەها بەرنامە و وتارەکانی زانا و بانگخوازە ئاینییەکانم دەکرد و ئەو خاڵانەی جێی سەرنجم بوون، لەگەڵ ڕۆژی ڕووداوەکەدا تۆمارم دەکردن، بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک کۆیان بکەمەوە و شتێکیان لەسەر بنووسم.

سەرەنجام دەستم دایە ڕێکخستنی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان و لە ژمارە ٤١٣-٤١٤ ی ڕۆژنامەی"ڕۆژنامە"دا لە ٢٤ و ٢٥-٢-٢٠٠٩ پوختەیەکیم بەناونیشانی "گوتاری ڕۆژانی هەینی پێویستیان بە پێداچوونەوەی ریشەیی هەیە"، بڵاو کردەوە، کە لەبەر سنووردارییی بواری ڕۆژنامەکە ناچار بووم زۆر کورت و چڕی بکەمەوە و زۆربەی وردەکاری و نموونەکان بخەمە لاوە.

دواتریش گەڕامەوە سەری و جارێکی تر ڕێکم خستەوە و بۆ هەر خاڵێکی تێبینیی و ڕەخنە بەپێی ئەو توانای لە بەردەست بوو، شیکردنەوە و سەرچاوەگیریم بۆ کرد.

دیارە ئەوەی لێرەدا نووسراوە، هەموو ئەو تێبینی و نموونانە نییە کە لای نووسەر کۆ کراونەتەوە، بەڵام ڕەنگە هەندێکیان هێشتا لەسەروەستانی زیاتر و بەڵگەی زیاتر و کاتی زیاتر و گونجاوتریان پێویست بێ، بۆ ڕوونکردنەوەیان.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم ئەم کارە لە جەوهەردا بۆ هەرچی بەهێزترکردن و بەزانستیترکردن و بەئینسانیترکردنی گوتاری ئاینییە، کە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردەوارییە، پێشم وایە بۆچوونەکانم دروستن، بەڵام مەرج نییە هەر ئەوە دروست بێ کە بەلای منەوە دروستە، چێژی ژیانیش لەوەدایە ئێمە جیاوازین و هەر بەو جیاوازیەیش یەکتر دەوروژێنین، کارلێک دەکەین و بیروڕاکانمان ئاڵوگۆڕ دەکەین و کۆی

هەموو ئەوانەیش، جولاندنی رەورەوەی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمانە، کە ئامانجی هەموو مرۆڤێکی پاک و دڵسۆزە.

بە ئومێدی ئەوەی ئێمەش یەکێک بین لەو رەگەزانە، کە ئەگەر بۆچوونەکانمان لێرە و لەوێیش راستیان نەپێکابێ، هێندەمان بەسە "دڵسۆزی" پاڵی پێوە ناوین بۆ پرۆژەیەک، کە باوەرمان وایە لە بەرژەوەندیی نیشتمان و گەل و نەتەوەی خۆماندایە.

نیسانی ٢٠١٠

## پێگەی مزگەوت و زانایانی ئاینی

لە سەدە بەراییەکانی مێژووی ئیسلامدا: کە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و شارستانییەتی ئەوکاتەی بڕیبوو زانایانی ئاینی تەنیا لە بواری ئاینیدا پسپۆڕ نەبوون، بگرە زۆر زانا هەبون لە پاڵ ئەوەی زانای ئاینی بوون لە بوارەکانی (تەفسیر، حەدیس، فیقه..) هاوکات فەیلەسووف و پزیشک و یاساناس و ماتماتیکناس و مێژوونووس و ڕابەری سیاسیش بوون.

هەریەک لە ئیبن روشد و ئەبوحامیدی غەزالی و ئیبن خەلدون و تەبەری و فەخرەدینی رازی و ئیبن سینا و فارابی و شافیعی چەندانی تر، لە پاڵ ئەرکە ئاینییەکانیاندا شۆڕەسواری مەیدانی ژانرە مەعریفییەکانی وەک فەلسەفە و ئەدەب و مەنتیق و پزیشکی و کۆمەڵناسی و سیاسەت بوون.

بە دەگمەن نەبێ، پیاوێک لە پیاوە گەورەکانی مێژووی کلاسیکیی ئیسلام نادۆزیتەوە کە زانای ئاینی نەبووبێ، تەنانەت ئەوانەیش کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی–ئاینیی ئەو کاتەوە دژایەتی کراون و لە کولتووری ئیسلامیدا وەک لادەر ناویان هاتووە، لەوانە حەلاج و ئیبن عەرەبی و ئیبن راوندی و ئەبوبەکر زەکەریا، زانای ئاینی بوون، لانی کەم لە قۆناخێکی ژیانیاندا.

لەبەرئەوە کەلەپور و شارستانیەتیی ئیسلامی لە سەدە بەراییەکانی مێژووی ئیسلامەوە تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاستیش بەرهەمی زانا ئاینییەکانی دنیای ئیسلام بووە و ئەو کەلەپوورەی بەجێیان هێشتووە تا ئێستەیش مەرجەعی فیکر و خەیاڵدانی ئاینیی کۆمەڵگە موسڵمانەکانە.

لە سەردەمی نوێیشدا و دوای کرانەوەی جیهانی ئیسلامی بەڕووی پێشکەوتنی خۆرئاوادا لە سەدەی نۆزدەمدا، یەکەم نەوەی ریفۆرمخوازان کە

دەرگەیان بە رووی کرانەوە و بیرکردنەوەی نوێ و بەخۆداچوونەوە و هەوڵدان بۆ ڕێنیسانس و پێشکەوتن کردەوە هەر زانایانی ئاینی بوون.

ریفاعە تەهتاوی (١٨٠١-١٨٧٣)، خەیرەدینی تونسی (١٨١٠-١٨٩٠)، جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧)، محەمەد عەبده (١٨٤٩-١٩٠٥)، محەمەد رەشید رەزا، (١٨٦٥-١٩٣٥) عەبدوڕەحمان ئەلکەواکیبی (١٨٤٨-١٩٠٢) محەمەد فەرید وجدی و نەدیم حوسێن (١٨٧٨-١٩٥٤) ئەلجسر (١٨٩٧-١٩٨٠) و ئەحمەد ئەمین (١٨٧٨-١٩٥٤) و عەباس مەحموود عەقاد (١٨٨٩-١٩٦٤) هاوشێوەکانیان زانا و رۆشنفیکری ئاینی یاخۆ ئایندۆست بوون، کە سەرەتای بیرێکی ئاینییانەی کراوە و پێشکەتنخوازیان دانا.[١]

کوردیش، کە وەک مەسعوود محەمەد باسی دەکات، لە بایەخدان بە کردنەوەی قوتابخانە ئاینییەکانی گوند و شارەکانی کوردستاندا (حوجرەی فەقێیان) ناوبانگی تایبەتی هەیە، لە مێژووی کۆن و نوێیدا چەندان زانا و رۆشنبیری ئاینی و ئایندۆستی گەورەی تێدا هەڵکەوتوون، کە جێدەستیان لە مێژووی فیکری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیدا لە بەرچاوانە، لەوانە مەولانای رۆمی، سەعیدی نوورسی، شێخ سەعیدی پیران، ئیبراهیمی حەیدەری شێخولئیسلام، قازی محەمەد، مەلای ئیبنوئادەم، مەلای گەورە، مەلا مستەفای بارزانی شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدینی سەجادی و عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەلا محەمەد شارەزووری و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز پریسی و چەندانی تر.

محەمەد ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس ناوی سەدان زانا و هەڵکەوتووی کوردی، لە ژن و پیاو، لە مێژووی کۆن و نوێی کوردا تۆمار کردووە، کە خزمەتی گەورەیان بە بیر و کولتووری ئیسلام و کورد کردووە[٢].

جگە لەو زانایانە کە رۆڵی بەرچاویان لە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و ستەمی سەردەکانی خۆیاندا هەبووە، شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردیش، ئەگەرچی زانای ئاینیش نەبوون، بەڵام بە پاشخانێکی ئاینییەوە ڕووبەرووی ستەم و ناڕەواییەکان بوونەتەوە.

مەسعوود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢) یەکێکە لەو نووسەر و بیرمەندە جیاوازانەی کورد کە وێڕای پاشخانە فیکرییە ناسیونالیستییە نائایینییەکەی، ڕۆڵی مرۆڤدۆستانە و دادخوازانە و نەتەوەپەروەرانەی مەلا و مەدرەسە شەرعییەکانی کوردستانی بە بەرزی نرخاندووە و بەتوندی ڕەخنەی لەوانە گرتووە کە بە چاوی سووک سەیری دامەزراوەی مزگەوت و زانایانی ئایینی کورد دەکەن.

مەسعوود محەمەد تەنانەت پێی وایە "هەموو شیعری کوردی بەر لە پەیدابوونی حزبە (چین پەروەر)ەکان لە کوردستاندا لە گۆشەنیگای دادپەروەری و فەرمانی ئاینیی پاکەوە بەرەو بەرهەڵستیکردنی کاری بەدەوە ڕۆیشتوون"(٣).

هەروەها باس لەوە دەکات کە شێوازی خوێندنی فەقێیایەتی لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا لە مێژووی دوور و نزیکیدا ڕۆڵێکی گەورەی لە بەیەکەوە گرێدانی پارچەکانی کوردستاندا دیوە و برەوی بە هەست و هۆشی نەتەوەیی داوە، هەروەها مەدرەسە شەرعییەکان ڕۆڵی خوێندنگە و زانکۆ هاوچەرخەکانیان بینیوە و زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانیان تێدا خوێنراوە و سەرچاوەی گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کورد و پێگەیاندنی چەندان زانا و ئەدیبی گەورە بوون، کە بەهۆی پلە و پایەی زانستی و ئاینییانەوە پلە و پایەی گرینگیان لە ناوەندی زانستی و نێو دەسەڵاتی سەردەمی خۆیاندا گرتووە.

مەسعوود محەمەد لەو بارەوە لە بەشی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی)دا باس لەوە دەکات کە "چەندان بنەماڵەی زانا بۆ ماوەی سەدان ساڵ شەوچرای خوێندەواری و ئەدەب بوون و... تا ڕادەیەک باری بێ کیانیی و بێ هێزیی و هەژاری میللەتەکەیان ڕاست کردووەتەوە... بێگانەیەک کە دەڵێ و دەنووسێ (قدوتنا و مولانا الشیخ خالد الکردي) بیەوێ و نەیەوێ تەواوێک لە گوتەی بێ حورمەت دەلێستەوە کە بێ شەرمانە لە کورد دەگیرێ".

هەروەها دەڵێ "هەریەکە لەو مەلا و پێشرەوانەی ئاین و تەریقەت و ئەدەب

بەقەدەر قارەمانێکی میللی پشتگیرییان لە کورد کردووە بەچەکی زانست و مەعنای سەردەمی خۆیان... مەلایەتی لە شیعری تێکڕای شاعیرانی پێش قۆناخی نوێ دیمەنێکی تا بڵێی بەرچاوە... ئارایشت و زینەتی بەشێکی زۆر لە شیعری شاعیرەکان راستەوخۆ لە کتێب و زانستەکانی مزگەوتەوە هەڵدەستان... لە دیوانی حاجی قادردا چەندان هەڵبەست هەن زادەی کوتومتی مزگەوتن، وەک ئەویش هەموو ئەو شاعیرانەی مەلا بوون و بەدوایی شۆرەتی غەلەبەی لێ کردوون وەک نالی و مەولەوی و وەفایی و بێخود و سافی، ئەسەری خوێندنی مزگەوت لە سەرانسەری دیوانەکانیاندا دێتە بەر هەموو چاوێک"(٤).

دواتر دەڵێ "خوێنەر وا تێ نەگا خوێندنی مزگەوتان شتێکە و زانست شتێکی ترە: بەر لە راپەڕینی زانستی نوێی ئەوروپا لە هەموو دنیادا هەر ئەوە زانست بوو کەوا لە مزگەوتەکان بە دەرس دەگوترانەوە، تا ئێستاش لەنێو زاناکانی ئەوروپادا کە ناوی ئیبن سینا دێ وەک ناوی ئەنیشتاین هاتبێ وایە، مەعلومتە ئیبن سیناش مەلایەکی زێدە گەورەی سەردەمی خۆی بووە. لە رووی نابەلەدیشەوە گەلێک لە گەنجەکانمان بەلایانەوە خوێندنی دین خوێندنی جەهلە، کەچی گومان لەوەدا نییە مامۆستای ئەو گەنجانەش نابن بە فەقێی باش لای مەلای ئیبنوئادەم ئەگەر ئیمڕۆ زیندووبایە...بە تێکڕایی خوێندەواری ئیمڕۆی کورد بەراورد بکە لەگەڵ مەلاکانی لەمەوپێش و هەر لایە بەپێی زەرف و کاتی خۆیان هەڵیان سەنگێنە، بێگومان تەرازووی مەلاکان یەکجار سەنگینتر دەبێ... مەلایەکی کوردی ٤٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ هاوتای خوێندەواری (نموذجی)ی سەردەمی خۆی بووە، واتە ئەو زیاتر کوڕی رۆژگاری خۆی بووە لە مامۆستایەکی کورد... پیاوێکی وەک ئیبراهیم حەیدەری کە بوو بە شێخولئیسلام لە دوارۆژانی خەلافەتی عوسمانی مەلایەکی هەولێری بوو، بەپێی دەوری خۆی پایەیەکی نەهێشتەوە لە رەوتی زانیاری و ئاینی و جیهانی کە بۆ مەلایەک مومکین بێ لێی سەرکەوێ. لەو دەمەدا ئەم مەلایە لە رووی هێز و دەسەڵات و ناو و مەقامی رۆشنبیرییەوە

چەندان مەیدان لە پێش خوێندەوارانی ئیمڕۆی کوردەوە دێ بەپێی کاتی خۆیان، پایەی شەیخولئیسلام لەوە بەرزترە یەکێک بگا بە پایەی پاداشتی نۆبڵ، خۆ دیارە تا ئێستا تاکە کوردیک نە ئەو پاداشتەی وەرگرتووە نە لە دوارۆژێکی بەرچاویشدا بەتەمایە وەری گرێ... خوێنەوارێکی دووسەد ساڵ لەمەوبەری کورد کە دەبوو بە پێشەوا لە مەیدانی رۆشنبیریدا شەهادەکەی لە فێرگەیەکی کوردستان وەردەگرت و لزومی نەبوو بەوە لە پێناویدا بچێ بۆ دەرەوە"(٥).

دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چۆن دیاردەی خوێندنی حوجرە و مزگەوتەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە هەموو نەتەوە موسڵمانەکانی تر زیاترە و ئەمەش بووە بە مایەی ئەوەی زانایانی کورد لە هاوپیشەکانیان لە نەتەوەکانی تر لەو سەردەمەدا پێش بکەون و دەڵێ "ئەم خوێندنە وەک لە کوردستاندا بە دەشت و شاریەوە باوەشی بۆ کرابووە نە لەنێو تورکان و نە عەرەبان و نە فارسان تا ئەوەی بزانم نە هیچ میلەتێکی تری ئیسلامدا هێندە خۆش ئامەدیی لێ نەکراوە... ئەم زاهیرەیە وا بووە سرنجی نووسەری غەیرە کوردیشی لێرە بەپێشەوە راکێشاوە، یەک لەمانە نووسەری تورک "رضا توفیق" لە کتێبی "مفصل قانون الفلسفة" قسە نەقڵ دەکا لە (میزان الحق)ی حاجی خەلیفە کە دەڵێ: زانستەکانی فەلسەفی لە رێی فەقێیەکانی کوردی کوردستانەوە لە تورکیادا ژیانەوە"(٦).

شانازیکردنی خۆیشی بەناو و شۆرەتی زانا و شاعیرانی کورد کە دەرچووی ناوەندە زانستییە ئاینییەکە بوون ناشارێتەوە و دەڵێ "من لە سەرنج و تێفکرینم لەگەڵ خۆمدا، بەوپەڕی سادەیی و بێ تەمسیلیسەوە، هەستی لەخۆ رازیبوونم دەجوڵێ کە دەبینم نالی و شێخ رەزام لە ریزی هەرە پێشەوەی شاعیرانی ئیسلامەوە دێن... مەولانا خالید و کاک ئەحمەدی شێخ شان بەشانی گەیلانی و شاهی بوخارا دنیای تەسەوفم بۆ دەگەڕێن... ئیبنو ئادەم و ئیبنو حاجیب بە قەدەر (عەزد و شریفی و جرجانی) لە مەلایەتیدا پێشەوان... بەشێکی زۆر لە خەفەتم دەرەوێتەوە بەو چرایە گەش و تریفەدارانە

کە لە بنگەکانی ئاینی و زانیاریی کوردستانی کۆنەوە بە تیشکی چاو خەبەرەکەیان عەیبی هەژاری و بێ دەسەلاتی و بێ کیانیی کوردم بۆ دادەپۆشن".(٧)

ئەگەرچی بە حوکمی پێشکەوتن و ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگە لە سەردەمی نوێدا نە زانا و رۆشنبیرانی ئاینی بە تاکە دەستەبژێر و سەرچاوەی رۆشنبیری و کارتێکردن و نە ناوەندی ئاینیش بە تاکە ناوەندی رۆشنبیری و سەنتەری بزواندن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە ماون و نە زانایانی ئاینیش دەتوانن و پێ ڕا دەگەن لە هەموو بوارە مەعریفییە جۆراوجۆرەکاندا پسپۆڕی پەیدا بکەن، بەڵام هێشتا زانایانی ئاینی و مزگەوت رۆڵێکی میحوەرییان لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی دنیادا بە گشتی هەیە، هیچ ناوەندێکی دیکە نادۆزیتەوە هێندەی مزگەوت سەردانیکارانی گوێڕایەڵیکردنی بە ئەرکی پیرۆزی خۆیانی بزانن، ئەگەر ئەو گوێڕایەڵییە رەهاش نەبێ.

## شەقام، داینەمۆی گۆڕانکاری

نکوڵی لەوە ناکرێ کە دەستەبژێرانی فیکری و سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی بەردی بناخە و داگیرسێنەری مۆمی داهێنان و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا و لە ڕێی بەرهەم و کرد و کۆشش و شەونخونی و قوربانیدانەکانی ئەوەوەیە کۆمەڵگە قۆناخە دواکەوتووەکانی بیر و ڕەفتاری خۆی بەجێ دێڵێ و بەرەو ئاسۆیەکی بەرزتر لە هۆش و هەست و خۆشگوزەرانی و روشد هەنگاو دەنێ.

سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکە، ئەو ناوانەی بۆ ئێمە پارێزراون و تا ئێستە نەوە دوای نەوە پێیان ئاشنا دەبن و لە داهێنانە فەلسەفی و زانستی و عیرفانی و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەهرەمەند دەبن و دەیکەنە بناخە و ڕێنیشاندەر بۆ هەنگاوی داهاتوویان و داهێنانی زیاتر، تەنیا ناوی ئەو دەستەبژێرانەن کە جێدەستیان لە بنیاتنانی شارستانیەتیی سەردەمی خۆیاندا نەخشاندووە.

فیساگۆرس و سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ و جالینۆس و و هیرۆدۆت و فەیلەسوف و زانا زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاون، زانا و فەیلەسووفەکانی چین کە زۆر لەوان کۆنترن،[٨] زانا و فەیلەسوف و فەقێیەکانی ئیسلام کە زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاون، بیرمەند و زانا و فەیلەسووفەکانی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و عەقڵانیەت و نوێدا، تا ئێستە ئاسەوار و داهێنانە و بۆچوونەکانیان لە زانکۆ و ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیرییەکاندا دەخوێنرێ و سوودیان لێ وەردەگیرێ.

ئەمە جگە لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و سەرکردە ئازادیخوازەکانی دنیا.

ئەمـانە کـە لەنێـو ملیـاران کـەسی سـەردەمی خـۆیاندا مـێـژوو ناویانی بە زیندوو هێشتووەتەوە، تەنیا بەهۆی ئەو رۆڵە گەورەیە کە لە نەخشاندنی رەوتی رووداوەکانی مێژوودا بینیویانە.

بەڵام ئەوەیش راسـتییـەکە کـە هیـچکام لە داهێنانەکانی دەسـتـەبژێر بەبێ دەسـتـبـار و باوەڕ پێـهـێنان و حـەمـاس و پاڵپـشـتـیی جـەمـاوەر و خـەڵکە گـشـتـیـیـەکـەی کـۆمـەڵگە نـاتوانێ جێ بگرێ و کـار لە رەوتی مـێـژوو بکا و گۆڕانکاری دروست بکا.

تۆ وەرە لە رێی بەتواناترین ئەندازیارەوە چاکـتـرین نەخـشـە و دیزاین بۆ ئاپارتمانێک، پردێک، شـارێک دابڕێژە، ئەگەر پارچە زەوییەکت نەبێ پلانەکەی لەسـەردا جێبـەجێ بکەیت، پارەت نەبێ پێداویسـتـییـەکانی پـێ دابین بکەیت، وەسـتـا و کـرێکارت دەسـتـە نەکەوێ کـارەکـەت بۆ بکەن، بیـرۆکـەکە جگە لە نرخێکی مەعنەوی هیچ ئاسەوارێک لەسەر ئەرز بەجێ ناهێڵێ.

لێرەوە رۆڵی کاریگەریی جـەمـاوەر و خـەڵک لە سـەرکەوتن یان ژێرکـەوتنی پرۆژە داهێنانکارییـەکاندا، جا ئاخـۆ زانستی بن یان سیاسی یان کولتووری یان... هتد، بەشی دووەم و تەواوکـەر و سـەرخـەری پرۆژەکـانی دەسـتـەبژێرە و بەسووک سـەیرکردنی رۆڵی گشتی هەڵەیەکی کوشندەیە.

جەماوەر، چەندە تۆ بە نەزان و دواکەوتوو و بێ توانای دابنێی، ئەو هێزە لە بن نەهاتووەیـە کـە زەبەلاحـترین هێزەکـانی دنیا نـاتوانن دەسـتـبـەرداری بن و بەجۆرێک لە جۆرەکان لێی نەترسن و حسابی بۆ نەکەن. رەنگە زەمەنێکی زۆر تا کەم گەلێک لە رێی چەواشەکردن یان تۆقاندنەوە بەیدەست بکرێ و ئیرادەی زەوت بکرێ، بەڵام سـەرەنجـام هـەر هێـزی جـەماوەر سـەردەکـەوێ، بۆ ئەمـەیش بەڵگەی زیندوو لە مێژووی کۆن و نوێماندا زۆروزەبەندەن.

عـەلی شـەریعـەتی پێی وایە تەنیا بـوونی هـەژاری لە کۆمـەڵگەدا بـەس نییـە بۆ سـەرهـەڵدانی یاخـیبـوون و شـۆڕش وەک هـەندێ قوتـابخـانەی فـەلسـەفی پێی وا بوو، بەڵکو "هـەسـتکردنی چینی بەشـخوراو و زەحـمـەتکێش بەهـەژارییـەکـەی و

به نالەباریی ئەو دۆخـەی تێـیـدایە، پاڵی پێـوە دەنێ بـۆ بزاوتن"، بۆیـە ئەركی نوخـبـە لە گـۆڕینی كـۆمـەڵگەدا ئەوەیە نەسـازی و كێـشـەكـانی ناو كۆمـەڵ و سـەردەم بـۆ نێـو هـەست و هـۆشـی خـەڵك بگوێزێتـەوە و ئیـتـر كـاتێ خـەڵكەكە هەستیان بە دۆخی نالەباری خۆیان كرد ئەو كاتە دەتوانن خۆیان ئازاد بكەن.

رۆسـۆ دەڵێ "رێگە بۆ خەڵك رۆشن بكەنـەوە و پێیـان مەڵێن چی بكەن، تەنیـا چاویان بكەنەوە و ئەوان خـۆیان رێگەكـە دەدۆزنەوە و دەزانن چی لەسـەریان پێویستە بیكەن".(٩)

لەبەرئەوە ئەگـەر بڕیار بێ ئێـمـە كـۆمـەڵگەكـەمـان بگـۆڕین ئەوە پێـویسـتـە لە بورجی عـاجـیـمـان بێـینـە خـوارەوە و دابەزینـە نێـو هەست و بیـركـردنەوەی جەمـاوەر، تێكەڵی هەست و نەستی ببین، سـەنتەری هەستكردن و كارتێكرانی بدۆزینەوە تا لەوێـوە كار لە بیركـردنەوە و دنیـابینیی ئەو بكەین بەو شـێـوەیەی پێمان وایە پێشی دەخات، ئەویش نەك بە زمان و لۆجیكێكی فەلسەفێنراوی وشك و لەخـۆبایی، كە چێـژ لەوە ببینـێ جەمـاوەر بە بیـستـنی وڕ ببێ و تێی نەگات، بگرە بە زمانێكی مەحرەمانە كە عەرەب وتەنی شیغافی دڵیان بپێكێ.

لێرەوەیە بایەخی شیكردنەوەی وتارەكـانی هـەینی دەردەكەوێ، كـە رۆژانە لە كەشـێكی رۆحیی كاریگەری گوێڕایەڵی بزوێندا وەك بەشێك لـە گوتاری ئاینی بەگوێی ملیۆنان كەسدا دەدرێ.

رەنگە زێدەرۆییـەكی ئەوتـۆمان نـەكردبێ ئـەگەر بـڵێین: وتاری رۆژانی هـەینی یەكەم و كـاریگەرترین سـەرچاوەیە لە داڕشتنی جۆری بیـركردنەوە و عەقڵیەتی تاكی كوردی ئەم وڵاتەدا.

بەپێـی زانیـارییـەكـانی وەزارەتی ئەوقـاف و كـاروباری ئاینیی حكوومـەتی هـەرێم لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا، لە هـەرێمی كـوردسـتـاندا ٤ هـەزار و ٨٩ مـزگـەوت هـەیە، بـەپێی ناسنامـەی بـاری كـەسـیـەتی ٩٥٪ی دانـیـشـتـوانی كـوردسـتـان موسـڵمانن، نێـزیكەی ملیـۆنێك كەس لـە چین و توێژە جۆراوجۆرەكـانی خـەڵكی كـوردسـتـان، هـەر لە مێردمنداڵێكەوە بیگرە تا دەگاتە پیرە پیـاوێك و هەر لە

کرێکارێکی نەخوێندەوارەوە تا دەگاتە مامۆستایانی زانکۆ و رۆشنبیران لە رۆژانی هەینی (جومعە)دا بە بەردەوامی و لە کەشێکی پڕ لە ویقاردا گوێ لە وتاری وتاربێژانی مزگەوتەکان دەگرن و وەک بەشێک لە پەیامی ئاینەکەیان بۆ ژیانی مرۆڤ وەری دەگرن.

ناوەندێک ئاراستەی عەقڵی ملیۆنێک کەسی ئەم وڵاتە بکات ناکرێ جێی بایەخی هەموولا نەبێ.

هەستیاریی ئەو وتارانە لەو رووەوەیە کە ئەوەی لە وتارەکاندا دەوترێ خەڵک وەک بۆچوون و تەعلیماتی ئاینەکە، نەک وەک بۆچوونی خودی وتاربێژ وەری دەگرن، بەتایبەت خەڵکە عامەکە کە بەشی زۆری ئامادەبووان پێک دێنن، لێرەوە هەر کەموکورتی و ناتەندروستییەک لەو وتارانەدا کاریگەریی خراپ لەسەر عەقڵیەتی ئاینیی کۆمەڵگە بەجێ دێڵێ.

خۆ ئەگەر ئەوەشمان زانی کە بەشێکی زۆر لە وتاربێژەکان یان لەو گەنجانەن کە ئەزموون و ئاسۆی بیرکردنەوە و ئاستی زانستییان لە سەرەتادایە، یان لەو زانا بە تەمەنانەن کە رۆشنبیرییەکەیان زیاتر هەڵقوڵاوی سەرچاوە کلاسیکییەکانی زانستە ئاینییەکانە و کرانەوەیەکی جێباسیان بەرووی فیکر و زانست و رۆشنبیریی هاوچەرخدا نییە، ئەو کاتە تێ دەگەین کە دەکرێ هەندێ لەو وتارانە لەبری گەشەپێدانی ئاستی هۆشیاری و بەهێزکردنی گیانی پێشکەوتن و عەقڵانیەت و مرۆڤدۆستیی تاکەکان، تەنانەت رەنگە بەبێ ئەوەی خودی وتاربێژەکانیش مەبەستیان بێ، ئاسەواری خراپ، هەندێ جار زۆر خراپ، لەسەر دنیابینیی ئاینی و تێگەیشتنیان لە دنیای سەردەم و پێکەوەژیان و ماف و رێزداریی مرۆڤ و لێکدانەوە و بیرکردنەوەی ژیرانە لە یاساکانی گەردوون و ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی مرۆڤ و گۆڕان بەجێ بهێڵن.

خۆ نەبانکردن لە جۆری ئەو وتارانە، کە لە یەکێ لە هەستیارترین و کاریگەرترین ناوەندەکانی ئاراستەکردنی رای گشتییەوە پەخش دەکرێن بە هەر پاساوێک، بێموبالاتییە بەرامبەر بە ئێستا و داهاتووی ئەم وڵاتە.

چاودێری و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ ئەو گوتارە نەک تەنیا ئەرکی نوخبە ئاینییەکەیە، هەروەها نەک تەنیا ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە، کە رەنگە ئەوەی بەلایەوە گرینگ بێ زیاتر هاوئاوازکردنی ئەو گوتارانە بێ لەگەڵ ویست و سیاسەتی خۆیدا، بگرە ئەوە کاری هەموو رۆشنبیرێکی خەمخۆریشە، با عەلمانییەکی عەیار ٢١ یان تەنانەت بێ باوەڕیش بێت و رۆژێ لە رۆژان بۆ نوێژێک سەری بە مزگەوتدا نەکردبێ و نەکات، چونکە عەقڵیەتی ئەو خەڵکەی لە میمبەری مزگەوتەکانەوە رێنوێنی دەکرێن، رەنگرێژی هەست و دنیابینیی گشتیی شەقامی کوردی دەکەن و رەوا نییە کەس خۆی لە کێشەکانی نەبان بکا، چونکە دوور یان نزیک کاریگەریی دوورایییەکانی ئەو گوتارە بەویش دەگات.

بە دەربڕینێکی تر، قسەکردن لەسەر ئەو وتارانە ئەرکی پابەند و ناپابەندە بە ئاینەوە، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە نە تەنیا ئەرکێکی عەقائیدی و ئایدیۆلۆجی، ئەرکێکی ئەخلاقییە بەرامبەر بە نەوەکانی داهاتووش نە تەنیا بەرامبەر بە نەوەی ئێستامان، چونکە باسەکە باسی سیاغەکردنی عەقڵیەت و کۆهەست و کۆنەستی گشتییە.

ئەمە جگە لەوەی رۆشنبیرانی ناپابەند، ئەوەیان پێ خۆش بێ یان نەبێ، وتارەکانی هەینی و سەرجەم گوتاری ئاینیی لە کوردستان و غەیری کوردستانیش یەکێ لەو هێزە گەورانەیە کە رامی هەستە سەرکەشەکانی مرۆڤ دەکات و وزە بە گیانی بەخشندەیی و کۆمەڵدۆستی دەدا و مرۆڤ لە زۆر تاوان و خراپە دەگێڕێتەوە کە رەنگە تەنانەت پۆلیس و یاساش نەتوانن بەو شێوەیە کۆنترۆڵی بکەن.

ئەمە تەنانەت زانایەکی ماتریالیستی وەک سیگمۆند فرۆیدیش دانی پێدا ناوە و راشکاوانە دەڵێ "بێگومان ئاین گەلێک خزمەتی بە شارستانیەتی کردووە و بەشدارییەکی بەرفراوانی کردووە لە رێی رامکردنی غەریزە ناکۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە".(١٠)

## دوانگەی ئاراستەکردنی عەقڵی گشتی بەکێ بسپێرێ؟

دیارە هەمــوو ئەو خــەڵکەی ڕۆژانی هەینــی دەچنە نوێژ و گـوێ لە وتارەکــانی مـزگـەوتەکــان دەگـرن، بۆ دەســتکەوتنی زانیــاری و خــۆ ڕۆشنبـیــرکـردن و ئاگـەداربوون لـە ڕووداوەکــانی ڕۆژ لەو وتـارانە ناچن، بگرە هەندێکیــان وەک بەشـێک لە پێـویستـیـیـەکانی ڕاپەڕاندنی نوێژی هەینی، کە بە دەقی ئایەتی قـورئان فـەرز کراوە، ئەو کارە دەکەن، ئەویش لەو ڕووەوە کە بەشـێکی زۆریان خـەڵکی خـوێندەوار و ڕۆشنبیرن و ڕەنگە تێیـاندا بێ لە وتاربێژەکەیش زاناتر بن، تەنانەت لە زانستە ئاینییەکانیشدا.

بەڵام بەشـێکی بەرچاویش لەو خــەڵکە، بەتایبـەت چینـی نەخــوێندەوار و تازەپێگەیشـتـوان، ئەو زانیــارییـانەی وتارەکـان وەک زمــانحــاڵی ڕێنوێنیـیـە ئاینییەکان و هەڵوێستی شەرعی لە شتەکان وەردەگرن.

لێـرەوە پێـویستـە وتاربێـژ لەلایەک قـووڵاییی بیـرکـردنەوە و شـیکردنەوە و سـەرمایەی ڕۆشنبیری و ئەزموونەکانی هێندە پێگەیشـتوو بن، کە لە ئاست ئاراســتــەکــردنی ڕێژەیەکی بەرچاو لـە گــوێگرە ڕۆشـنبــیــر و زانـا و خوێندەوارەکانیدا بێ و بەهۆی لاوازیی لۆجیکی وتاربێژەوە ئەو چەند ساتەی گوێگرتنیان لێ نەبێتە بار.

هەروەها مـادەیـەکی زانسـتی و ڕوحـیی دروست و خـاوێن بداتە گـوێگرە بێ ئەزموون و نەشارەزاکانی، کە خۆیانیان بەو سپاردووە و قسە و بۆچوونەکانی وەک هەڵوێست و "پەیامی خوا" وەردەگرن.

وتاردان بەناوی ئاینەوە بۆ هەزاران کەس بەرپرسیـاریەتییەکی گەورەیە و لە پیاوی گەورە دێ شان بداتە ژێر بەشێک لە پێداویستییەکانی.

کەم نین ئەو وتاربێژانەی نەیانتوانیوە لە ئاست گەورەیی ئەو ئەرکەدا بن و وەک هەر وەزیفەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کارە کردووە، هەر بۆیە جار بووە بۆ چەندان هەفتە وتاربێژی فەرمی لەوێ نەبووە وتاربێژێکی تری نیمچە خوێندەوار وتاری داوە.

ئاخر ناکرێ ئەو ناوەندە گرنیگە بەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی تواناکان بە هەموو دەرچوویەکی کۆلێج و پەیمانگە شەرعییەکان و قوتابخانە میللییە ئاینییەکان بسپێرێن، کە بە شارەزاییەکی سەرەتاییەوە بە کردەوە دەبنە زمانحاڵی ئاین و ئەوان رەنگرێژی عەقڵیەت و نەفسیەتی ئاینیی خەڵک دەکەن.

هیچ بەلای خوێنەری بەرێزەوە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لە کەسی باوەرپێکراوم بیستووە کە خزمی نزیکی خۆی، کە فری بەسەر زانستی شەرعیشەوە نەبووە، کراوەتە مەلا لە جێیەک، بەس بۆ ئەوەی مووچەیەکی بۆ ببرنەوە و لە هەڵبژاردنی زانایاندا دەنگێکی زیاتر بخرێتە سندووقی فلان حزبەوە.

گرفتەکە لەوەدایە مرۆڤی کەم ئەزموون زۆرجار بە زوویی بەو برە کەمە لە زانست و شارەزاییەی هەیەتی لە خۆی بایی دەبێ و بەبێ سڵەمینەوە قسە لە هەموو شتێک دەکات و بریار لە حەرام و حەلاڵکردنی شتەکاندا دەدات و وشەی "نازانم" لە فەرهەنگی خۆی دەسرێتەوە، وەک ئەوەی "نازانم" عەیبە بێ و کەسێ هەبێ وەلامی هەموو پرسیارێک بزانێ.

"نازانم" لە جێی خۆیدا جۆرێکە لە زانین و خۆناسین، ئەوەی پێی شەرمە بڵێ "نازانم"، ئەوە وا تەلقینی خۆی داوە کە هەموو شتێک دەزانێ، بۆیە دەبێ بۆ هەموو پرسیارێک وەلامی هەبێ، نەک نازانم.

کە تۆی زانا لە جێیەکدا وتت "نازانم"، ئەمە مانای وایە تۆ دنیای زانست گەورەتر و بەرفراوانتر لە سنووری زانین و دەرکی خۆت دەزانیت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایت سنووری "نەزانراوەکان" بەرتەسک بکەیتەوە، ئەوەیش نیشانەی پێگەیشتوویتە، بەلام کاتێ ناڵێی "نازانم" لە کاتێکدا کە نازانیت

ئەوە مـانای وایە تۆ بە زمـانی حـاڵ دەڵێی "من هەمـوو شـتـێک دەزانم". تەنیـا خوایشە کە لێی دەوەشێتەوە هەموو شت بزانێ.

هیچ خـاوەن پسـپـۆڕییـەک نییـە، چەندە بواری پسـپـۆڕییـەکـەی بەرتەسک و سـنووردار بـێ، هـەمـــوو نـهـــێـنی و دیوە تـاریک و نـەزانراوەکـــانی بـواری پسپۆڕییەکەی شارەزا بێ، چونکە ئەگەر وا بێ، واتە هیچ نهێنی و نەزانراوێک لەو پسپۆڕییەدا نەماوە، ئەمە لە کاتێکدا زاناکان بەردەوام لە لێکۆڵینەوەدان لە پسـپـۆڕییـەکـانی خـۆیاندا تا زیاتر تێیدا قـاڵ و پسـپـۆڕ بن، ئەوەیش بەڵگەی ئەوەیە هیچ کاتێک نییە ئەوان تێیدا هەمـوو شتێک لە پسپۆڕییـەکەیان بزانن و بتوانن وەڵامی هەموو پرسیارێکی تێدا بدەنەوە.

ئەگەر ئەمە بۆ زانستە تەجریبی و دنیاییەکان بەم شێوەیە بێ، کە ئێمە لە باوەڕکردن و کـارکـردن بە وەڵامی پسـپـۆڕەکەدا توانـای هـەڵبـژاردنمان هـەیە و ئاسەوارێکی ئەوتۆ لەسـەر ویژدان و رەفتار و دنیابینیمـان بەجێ ناهێڵێ، ئەوە بۆ قسەکردن لەسـەر مەسەلە ئاینییەکان، کە قسـەکردنە لەسـەر "ئەمر و نەهیی خـوا" و کـار لە ویژدان و رەفـتـاری مـرۆڤ و خـەو و خـەیاڵی رۆژانـەی دەکـات، دەبێ زیاتر لەوە بە وریایی و بایەخەوە دەستی بۆ ببرێ.

عـەلی شـەریعـەتی لـە کـتـێبـی (گـەڕانەوە بـۆ خـود)دا دەڵێ "ئـافـرەتێک پێنج پرسـیـاری لە ئەبوحـەنیفـە کرد لە وەڵامی سـێـیـاندا وتی: "نازانم!". ئافـرەتەکە بەسەرسوڕمانەوە لێی دەپرسێ: ئیمام! پارە لە بەیتولمال وەردەگریت بۆ ئەوەی لە مـزگـەوت دابنیـشـیت و بڵـێی نازانم؟! ئەویش وەڵامی دەداتـەوە: "نا بەندەی خـوا! ئەو پارەیـەی وەری دەگـرم لە بەرامـبـەر ئەوەیـە کـە دەیزانم، خـۆ ئەگـەر بیانەوێ پارەی ئەوەم بدەنێ کە نایزانم ئەوە پارەی دنیا بەش ناکات"(١١)

ئەمــە مــەنتــیـقـی مــامــەڵەکـردنی زانای زانـایە لەگـەڵ ئاین و پرسـیــارە ئاینییـەکان، کە "نازانم"ی پێ نەنگی نیە، چونکە دەزانێ زانست بێ سنوور و زانینی ئـەویش سنووردارە، بگرە نـەنگی بەلایەوە ئەوەیـە کە بە نـەزانی وەڵامی پرسیارێک بداتەوە و ئاین بشێوێنێ و خەڵکیش لە خشتە ببات.

لێرەوە شـەریعەتی سـەرسوڕمـانیی خۆی دەردەبڕێ لەوەی میمبەری وتاردان

بە زانا گەورەکان ناسپێردرێ و وەک جۆرێک لە بچووک سەیرکردنی ئەرکەکە دەدرێتە ئەو فەقێیانەی تازە بە تازە دەرچوون.

پێم وایە هیچ گۆڕانکارییەکی هزری و کۆمەلاّیەتیی سەرتاپاگیر لە کوردستاندا سەرکەوتوو نابێ ئەگەر گوتاری مزگەوتەکان لەگەڵی هاوئاهەنگ و دەستبار و تەریب نەبێ، لەبەرئەوە دوور لە هەر مەرامێکی ئایدیۆلۆجی و سوڵتەوی، کە بیەوێ مزگەوتەکان لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بقۆزێتەوە، پێویستە پلانێکی تۆکمەی نیشتمانی، مرۆڤدۆستانە، مەعریفەخواز و نائایدیۆلۆجی هەبێ بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی گوتاری مزگەوتەکان، بەشێوەیەک لە خزمەتی گەشەپێدانی کولتووری عەقلانیەت و مرۆڤدۆستی و دیموکراسیەت و سەروەریی مرۆڤ و لە ئاست پێشکەوتنی ئەمڕۆی دنیادا بێ.

ناکرێ بەشێوەیەکی وەزیفی سەیری میمبەری مزگەوتەکان بکرێ وەک ئەوەی کاریان تەنیا فەراهەمکردنی وەزیفە و مووچە بێ بۆ دەرچووانی قوتابخانە ئاینییەکان، بگرە پێویستە قووڵتر و دوورمەوداتر لەوە سەیری ئەو میمبەرانە بکرێ، چونکە ئەوانە عەقڵی نەوەکان دادەڕێژن.

رەخنەگرتنیش لە وتاربێژی تازەپێگەیشتوو، قەت بەرهەایی نییە، چونکە هەموو کات تەمەن تاکە پێوەر نییە بۆ دیاریکردنی توانای مرۆڤ، گەنجی وا هەیە توانا و هێزی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و دەرککردنی زۆر لە پێش ئاستی هاوتەمەنەکانی خۆیەوە.

لێرەدا باس لە حاڵەتە گشتییەکەیە، کە دەبینین، هەمووڵا سکالاّیانە لە دەست نزمیی ئاستی زانستیی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان بەجیاوازیی پسپۆڕییەکانیانەوە، کە دەرچووانی پسپۆڕییە ئاینییەکانیش لەوانە بەدەر نین، ئەمە جگە لەوەی ڕەگەزی زەمەن یاخۆ تەمەن رەگەزێکی جەوهەرییە لە پرۆسەی هەڵکشانی توانا و ئەزموونەکانی مرۆڤ لە بواری کار و پیشە و پسپۆڕییەکەیدا.

ئەمە راستییەکە و پێم وایە نکوڵی هەڵناگرێ و هەموو لایەکیش وەک یەک دەگرێتەوە.

ئەمە لەلایەک..

لەلایەکی تریشـەوە وتاربێژانی بەتەمـەنیش جگە لە گرفتە گشـتییەکان کە لەگەڵ لاوەکان تێیدا بەشـدارن، بۆ خـۆیان کـۆمـەڵێ گرفتی تریشـیـان هەیە، ئەویش ئـەوەیە ئەوان سـەر بە نەوەیـەکی پێـشـتـرن و زانیـاری و بیـروباوەڕ و بۆچووونەکانیـان چوونەتە قووڵاییی نەستیان و دەسکاریکردنیان ئاسان نییە، بگرە رەنگە دەست بۆ بردنیـان کاردانەوەی سلبیشـی لێ بکەوێتـەوە، لەبەرئەوە تەرکیزەکە زیاتر لەسەر نەوەی نوێیە، کە لە دنیایەکی نوێتردا گەشەی کردووە و هەلی بەخۆداچوونەوە و خۆپێگەیاندنی زیاتری لە بەردەمدایە.

## پێش دەست پێکردن

* گرینگە لە هەموو ناوەندەکاندا "رەخنەگرتن" لە فیکرەی پیلان (موئامەرە) جیا بکرێتەوە، واتە هەروەک ناکرێ دەسەلات رەخنەکانی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بە پیلان لە دژی خۆی دابنێ، ئاوایش نابێ ناوەندی ئاینی و بەتایبەت وتاربێژانی بەرێزی مزگەوتەکان رەخنەگرتن لە مەنهەج و ئاست و شێوەی وتارەکانیان بە نەفەسێکی خانەگومانانە بخوێننەوە و تەفسیری پیلانگێری بۆ رەخنەکان بکەن وەک رەخنە لە ئاین، یان سووکایەتیکردن بەوان، لە قەڵەمی بدەن.

سەیرکردنی رەخنەکان بە نەفەسی خانەگومانی تەنیا لەو رووەوە نییە کە پێت وابێ ئەوانەی رەخنە لە وتاری میمبەرەکان دەگرن، دەیانەوێ بەو کارە لە شکۆی ئیسلام بدەن و لێرەشەوە پێویست بکا نەک گوێیان بۆ نەگیرێ، بگرە بکرێنە بابەتی خوتبە حەماسییەکان، بەڵکو لەو رووەشەوەیە کە وا گومان دەبەیت بابای رەخنەگر خۆی بە زاناتر و زیرەکتر و قووڵتر دەزانێ و خۆی لە مامۆستاکانی خەڵک کردووەتە مامۆستا.

ئەمە گومانێکی خراپە، بەتایبەت ئەگەر بەسەر هەموو رەخنەکاندا گشتیی بکرێ، چونکە سەرەتا مەرج نییە کە مرۆڤ رەخنە لە بۆچوون یان هەڵوێستێکی کەسێک لە مەسەلەیەکدا دەگرێ، خۆی لەو بوارەدا لەو کەسە شارەزاتر و بەتواناتر بێ و باشتری پێ بکرێ، چونکە رەخنەگرتن خۆی پرۆسەیەکی سەربەخۆیە و شەرعیەتی مومارەسەکردنی نەبەستراوە بەوەوە من لە تۆ شارەزاتر بم و بۆ هەر رەخنەیەکیش رێگەچارەیەکی بەدیلم پێ بێ، چونکە پێشکێشکردنی بەدیل قۆناغ و پرۆسەیەکی ترە.

واتە مەرج نییە رەخنەگرتن و پێشکێشکردنی بەدیل هەردەم بەیەکەوە گرێدراو بن.

جیا لەمانەیش، لە ئاینی ئیسلامدا ئامۆژگاریکردن ئەرک و مافی هەموو کەسێکە، بەرامبەر هەموو کەسێک، وەک لە فەرموودەدا هاتووە "الدین النصیحة، قلنا لمن؟ قال: "لله، ولکتابه، ولرسوله، ولأئمة المسلمین، وعامتهم"(١٢).

* لە دوای مەعسووم، واتە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ)، کەس لە سەروو رەخنەوە نییە، ئەگەرچی پێغەمبەر خۆی رەخنەی لە خۆی گرتووە و هەندێ جار هاوەڵەکانیشی رەخنەیان لە هەندێ لە بڕیارەکانی گرتووە بەبێ ئەوەی تووڕە ببێ یان کافریان بکات، بەتایبەت لەو بوار و کاتانەدا کە وەحی ئامادە نەبووبێ.

وتاربێژەکان، وەک رۆژنامەنووسان، لەو توێژانەن زۆرترین رەخنە لە غەیری خۆیان دەگرن، ئەوەش مافێکی سروشتیی خۆیانە، چونکە ئەوان زانای ئاینین و ئەرکی زانای هەر ئاینێکیشە رەخنە لەو شتانە بگرێ کە بەلایەوە پێچەوانە و دژی بنەما و رێسا و یاساکانی ئاینەکەین.

بەڵام هاوکات پێویستە ئەوەیان لە بیر بێ کە ئەوانیش مرۆڤن و تەنیا وەک مرۆڤێکیش مافی رەخنەگرتنیان هەیە، لەوەشدا مرۆڤەکانیتریش هەمان مافی یەکسانیان هەیە و دەبێ ئامادەییی ئەوەیان تێدا بێ رەخنەیان لێ بگیرێ و لەو بارەوە پیرۆزیی شوێنەکە و ئەسڵی کارەکە نەکەنە پاساو بۆ رەتکردنەوەی رەخنە لێگرتنیان.

* ئەو تێبینییانەی بەندە و ئەو نموونانەی هێناونم لە ئەنجامی بەدواداچوونی نزیکەی ٢٠ ساڵی تایبەتی خۆمەوە لام کەڵەکە بوون و زۆریانم لای خۆم تۆمار کردوە، بەشی زۆریان خۆم شایەتحاڵیان بووم، لێرە و لەوێش چ لە رێی نووسینەوە بووبێ یان لە رێی دەمەتەقێوە بە گوێی هەندێ لە مامۆستایانی وتاربێژمدا چرپاندوون. تەنانەت ناوی کارەکتەرەکان و شوێنی وتارەکانیشم

تۆمار کردووه و بۆ هەر کەسێ گومانی هەبێ دەتوانم بۆی ئاشکرا بکەم، بەڵام تۆمارکردنی ئەو وردەکارییانەم لەم کتێبەدا بە پێویست نەزانی.

پێویستە ئەوەیش بڵێم ئەگەرچی باسەکە زیاتر تایبەتە بە وتاری هەینی، بەڵام رووپێوەکە ئەو وتار و وەعزانەیش دەگرێتەوە کە وتاربێژ و واعیز و بانگخوازەکان لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە پێشکێشیان دەکەن.

* ئەم نووسینە هەرگیز بانگەشە نییە بۆ سانسۆر خستنە سەر ئازادیی دەربڕینی وتاربێژان یان سنووردارکردنی کارکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە، چونکە دەسەڵات لە وڵاتی ئێمەدا حزبی لە پشتەوەیە و حزبیش ئەوەندەی مەبەستیەتی وتاری مزگەوتەکان و هەر دەزگایەکی تری ئاراستەکردنی رای گشتی لە بەرژەوەندیی ئەودا ببزوێ، هێندە مەبەستی نییە لەپێناو راستیی موجەڕەددا کاریان لەسەر بکا.

حزبیش چ عەلمانی بێ یان ئیسلامی بە پلەی یەکەم ئەوەی بەلاوە گرینگە پەیامی وتارەکان لە بەرژەوەندیی هەژموونی ئەودا بن، لەوە بەدوا شتەکانی تر هەموو لاوەکین، ئەوەتا هەر حزبێک کۆمەڵێک زانای ئاینی (مەلا)ی هەیە کە هەر یەکەیان گوتار و سەنگی ئاینیی خۆی بۆ پتەوکردنی پێگەی جەماوەریی حزبەکەی بەکار دێنێ.

ئەم نووسینە تەواو جودایە لەو پلانە حزبی و سوڵتەوییە، بگرە ئامانجی تەنیا پێداچوونەوەیەکی مەعریفی و ئەخلاقیی کۆی ئەو وتارانەیە کە بەردەوام زەین و ناخ و هۆش و شعووری ئێمە دەسکاری و رەنگرێژ دەکەن و پەیامەکەیش راستەوخۆ ئاراستەی خودی وتاربێژەکان کراوە نەک دەسەڵات، ئیتر لەو رێیەدا ئەگەر دەسەڵاتیش بتوانێ قەدەرێک خۆی لەو نەزعە سوڵتەوییەی دابڕێ و لەپێناو تۆکمەکردنی گوتاری ئەو ناوەندە گرینگەی ئاراستەکردنی رای گشتیدا گوێ بۆ ئەم جۆرە دەردەدڵ و دەردەعەقڵانەیش بگرێ، کارێکی باش دەکا.

ئەم نووسینە رەخنەیە لە سیستەمێکی بیرکردنەوە و گوتاری زاڵ لە

ناوەندی ئاینیی ئێمـەدا و لە هـەمـوو بارەکـاندا تـەنیـا بـۆچوونی کـەسـێکی بیـرکـەرەوە و خـەمـخـۆرە بۆ ئێـستـە و داهـاتووی مـیللەتەکـەی خـۆی و ئاینی مـیللەتەکـەی، کـە ئەگـەر ئەو خـەمـخـۆرییـە نەبوایـە خۆی لـە قـەرەی بابەتێکی وا نەدەدا، کە رەنگە بەلای هەندێکەوە ئەوە نەهێنێ خۆتی پێوە سەغڵەت بکەیت.

* ئەم بابـەتە تایبـەتە بە باسـکردنی ئەو لایەنانـەی کـە پێمـان وایە پێـویسـتـە هەڵوەسـتـەیان لەبارەوە بکرێ، هەرچی لایەنـە باش و جـوانەکـانی وتـارەکـانە بەپێویسـتم نەزانیوە لێرەدا لەسـەریان بوەسـتم، چونکە ئەوە دەبێتـە جۆرێک لە شیـعر هۆنینەوە و پیاهەڵدانێک، کە باسکردنی زیاتر لە موجـامەلەیەک دەچێ، ئەگینا ئاشکرایە کە وتارەکان خزمەتێکی گەورە بە لایەنی ڕوحی و ئەخلاقی و کۆمـەلایەتیی کۆمـەڵگە دەکەن و ئەگـەر بە گرینگ نەزانـرابان ئەم باسـەیان بۆ نەدەنووسرا.

## خاڵە لاوازەکانی گوتاری ئاینی

ئەو لایەنانەی گوتاری ئاینیی زاڵ لە کوردستان، کە بەلای بەندەوە جێی هەڵوەستە لەسەرکردن و رەخنەلێگرتن و پێداچوونەوەن، لە چەند تەوەرەیەکی سەرەکیدا خۆ دەنوێنن کە ئەمانەن:

### هاوسەنگیی سۆز و عەقڵ:

وتاری هەینی بۆ جەماوەرێکی گشتییە نەک بۆ نوخبەیەکی زانا و رۆشنبیر، زیاد لەوەش ئاین خۆی پێوەندییەکی قووڵی بە رۆحەوە هەیە، کە سەرچاوەی سۆزە، لەبەرئەوە ئاساییە و بگرە پێویستە کە بەرامەیەکی سۆزدارانە بە وتارەکان بدرێ، تا خەڵکەکە لەگەڵ ئەو ئەرکە دووبارە بووەوەدا تاقەتیان نەچێ و قسەکان کاریگەر بن.

هەروەها لە رۆژی هەینیدا، کە رۆژی پشووە لە کار و دەوام، مرۆڤ حەزی لەوەیە بۆ ساتێک لە جەنجاڵیی ژیان و چەلەحانێ و ململانێی فیکر و سیاسەت و بەرژەوەندییە دژ و ناکۆکەکان دوور بکەوێتەوە، لەبەرئەوە چاوی لەوەیە لە وتاری هەینیدا فۆرماتی مێشک و دەروون و رۆحی بکاتەوە لەو ژەنگ و ژار و تەپوتۆزەی ٧ رۆژی رابردووی کار و شەڕەشەقی ژیان لێی نیشاندووە.

ئەمەیش دەخوازێ وتاری هەینی وتارێکی میهرەبان و ناسک و سۆزاوی بێ، نە رەق و تیژ و عەقڵانیی وشک.

بەڵام نابێ ئەمە سەربکێشێ بۆ پەکخستنی هەستی وردبینی و عەقڵانیەت و زانستیبوون لە وتاردا، بەشێوەیەک لایەنە سۆزییەکە ببێتە بناخەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی وتاربێژ بۆ رووداوەکانی واقیع و مێژوو و تێگەیشتن لە سروشتی ئاڵۆزی مرۆڤ و ژیان و گۆڕانکارییەکان و کێشەکان و

ئاستی بیرکردنەوەی عەقڵانی و مەنتیقی و واقیعبینانەی بۆ ئاستێکی نزم دابەزێنێ، هەر لەبەرئەوەی ئەو جۆرە گوتارە کاریگەرترە، چونکە وتاربێژان بەشێکن لە توێژی خوێندەوار و رۆشنبیری میللەت و ناکرێ ئاستی بیرکردنەوەیان هەمان ئاستی خەڵکە سادەکە، یان نێزیک لەو بێ.

کاریگەریی سلبیی زاڵبوونی سۆز (عاتیفە) بەسەر عەقڵدا لای هەندێ وتاربێژ تەنیا ئەوە نییە کە راست و هەڵە، واقیع و ئەفسانە، لۆجیک و خەیاڵ تێکەڵ دەکرێ، بگرە لەو رووەشەوەیە کە هەندێکیان دان بەوەدا نانێن کە ئەوان هاوسەنگییان لە نێوان عەقڵ و عاتیفەدا رانەگرتووە، بگرە پێیان وایە گرێکوێرەی هەموو گرفتەکان لای ئەوان دەکرێتەوە. شەوی ١٦-٢-٢٠٠٥ لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا مامۆستایەک راشکاوانە وتی "ئەگەر نەتزانی دەزووەکە بە کونە دەرزییەوە بکەیت، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ مامۆستایەکی ئاینی، ئەوان دەزانن".

زاڵبوونی سۆز وا دەکات وتاربێژ جڵەو بۆ خەیاڵی شل بکا و بەبێ وردبوونەوەیەکی زانستیی لە ماهیەت و مەنتیقیەتی ئەو رووداوانەی دەیانگێڕێتەوە رووداو و چیرۆکی دوور لە واقیع، بەناوی چیرۆک و بەسەرهاتی واقیعییەوە بۆ ئامادەبووان بگێڕێتەوە، یان هەندێ جار رووداوێکی بچووک زیاد لە سنووری خۆی گەورە دەکات و دەیرازێنێتەوە، کە ئەگەر کەمێک لێی وردبیتەوە بۆت دەردەکەوێ رووداوەکە بەو شێوەیە نییە و زۆرجاریش هیچ خۆی ماندوو ناکا کە بۆ دڵنیابوون لە راستیی رووداوەکە بەدوای سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراودا بگەڕێ، یان ئەگەر رووداوەکە لە سەرچاوەیەکدا باس کرابوو، بە عەقڵی خۆی هەڵی سەنگێنێ بزانێ عەقڵ دەیبڕێ یان نا، ئەنجا بڕیار لەسەر گێڕانەوەی بدات.

هەفتانە دەیان رووداوی لەم جۆرە لە وتارەکانی هەینیدا دەبیستین، کە بەداخەوە زۆرێک لە ئامادەبووانیش پێی سەرسام دەبن و سەری سەرسوڕمانی بۆ دەلەقێنن، ئەمەش وتاربێژ هان دەدا لەسەر ئەو رەوتە بەردەوام بێ و بەشێوازێکی نموونەیی بزانێ.

زاڵبـوونی سـۆز بەسـەر عـەقـڵدا توانای شـیکردنـەوە و هەڵسـەنگاندنی بابەتییـانە لاواز دەکا، لەبەرئەوە زۆرجـار هەڵەی مەنتیـقی لە گێڕانەوەکان و لە شیکردنەوەکان و لە چارەسەرەکاندا روو دەدا.

هەروەها زۆرجار سـەنەد و سـەرچاوەی رووداو و چیرۆکەکان دیار نییـە و وتاربێژ بەدوای سـەلماندنی راسـتییـاندا نـاگەڕێ، بـگرە چۆنی بیسـتووە بەبێ رەخنەلێگرتن وەک راستییەک دەیگێڕێتەوە.

رەنگە یەکێ لەو هـۆیانەی وای کـردووە زۆرێک لـە وتاربێـژەکـان جـڵـەو بۆ خەیاڵیـان شل بکەن ئەوەیە لە کەشی وتاری هەینیدا خەڵک هەر گوێ دەگرن و بواری ئەوەیان نییـە قسە لەسەر قسـەکانی مامۆسـتایان بکەن وەڕەخنەیان لێ بگرن، خـۆ ئەگـەر وا نەبوایە وتاربێـژ بۆ ئـەوەی قـسـەکـانی رەت نەکـرێتـەوە بیرۆکەکانی پێشوەخت باشتر لە تەتەڵە دەدا، ئەنجا پێشکێشی دەکردن.

ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەکی باوە لەو رووداوانەی بەزۆری لە وتارەکاندا دووبارە دەبنەوە و لاوازییـەکی بەرچاو لـە لۆجـیکی دەقـەکـاندا هەسـت پـێ دەکرێ:

### بانگدان لەسەر مانگ:

هەر لە سـەرەتای هەشـتاکانەوە و تا ئێسـتاش لە چەندان وتار و هـەروەها لە هەندێ کتـێب و نامیلکەی وەعزیشـدا وەک رووداوێکی راسـتەقـینە باس لەوە دەکرێ کە نیڵ ئەرمسـترۆنگی سەرۆکی ئـەو تیمـی کەشـتیـەوانیی ئاسـمـانیی ئەپۆلۆ ١١ کـە لە ٢١ی تەمـووز/یۆلیـۆی ١٩٦٩ گـەیشـتـە سـەر مـانگ، لەسـەر مانگ گوێی لە بانگدان بووە، بەڵام نەیزانیوە ئەو دەنگە چییە، تا دوای چەندان سـاڵ سـەردانی قـاهیـرەی پایەتەختی مـیسـر هـەمـان دەنگی گوێ لێ بووەتەوە، کە پرسـیـاری کردووە ئەو دەنگە چییـە؟ پێیـان وتووە ئەوە بانگی مـحـەمـەدە، ئەویش وتویەتی دەی من لە ساڵی ١٩٦٩ لەسـەر مانگ ئەو دەنگەم گوێ لێ بوو، ئیتر مـوسڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە و بەو هۆیەوە لەلایەن ئاژانسی ناساوە لە کارەکەی دەکراوە، ئەویش وتـویتی "سوپاس بۆ خوا کارەکەم لە دەست دا،

بەڵام خوام دۆزییەوە".

ئەم چیرۆکە لە سایتەکانی ئینتەرنێتیشدا دەگێڕدرێتەوە، بەبێ ئەوەی سەرچاوەیەکی جێ متمانە بۆ زانیارییەکانیان باس بکەن، بۆ نموونە لەم لینکەدا باس کراوە: http://www.shabablek.com/vb/t43142.html

ئەوەی بەلای زۆرێک لە وتاربێژ و مۆچیاریکارەکانەوە گرینگە ئەوەیە چیرۆک یان هەواڵ و ڕووداوێکیان دەست بکەوێ، کە بشێ بینەر و بیسەری خۆیانی پێ شەحن بکەنەوە، ئیتر بە ئەرکی خۆیانی نازانن پێش لە جاڕدانی ئەو چیرۆک و سەرگوزەشتەیە هەندێ لە مەنتیقیەتی ئەم چیرۆکە وردببنەوە یان بەداواداچوونێکی بۆ بکەن، بزانن ئایا ئەسڵێکی هەیە یان تەنیا چنراوی خەیاڵە؟

دەنگ لە ڕێی هەواوە دەگوێزرێتەوە، ئەی دەنگی بانگ چۆن لەسەر مانگ گوێزرایەوە و گەیشتە گوێی ئەرمستڕۆنگ؟ تۆ بڵێی لەو کاتەدا جلە تایبەتییەکانیان و خودەکانی سەریان و کۆڵەپشتییە ئۆکسجینەکەیان لابردبێ و بەوە گوێیان لەو دەنگە بووبێ و تیشکە ژەهراوییەکانی گەردوونیش نەیپێکابن؟ یان هەر بەو جلوبەرگە شەتەکدراوەوە دەنگە غەیبییەکەیان پێ گەیشت؟ ئەی ئەرمستڕۆنگ بۆچی دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی ئەو ڕووداوەی نەگێڕایەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکرد تا بە ڕێککەوت لە قاهیرە بەرگوێی کەوت؟ ئەی بۆ کە دەریان کرد نەهات لانی کەم سەردانی چەند ناوەندێکی ئیسلامی بکا و گومانەکان لەبارەی ئەو هەواڵەوە بڕەوێنێتەوە؟ (لە هەندێ سایت لێدوانێکی ئەرمستڕۆنگم خوێندەوە کە نکوڵی دەکات لەوەی بەهیچ شێوەیەک لەسەر مانگ گوێی لە بانگ بووبێ).

دیارە وەڵامی ئەوانەی باوەڕیان بە چیرۆکە هەیە ئەوەیە دەڵێن: جا بۆ خوا ناتوانێ ئەو بەربەستە دنیاییانە ببڕێ و ئەو پەیامە بە گوێی ئەرمستڕۆنگ و هاوەڵانی بگەیەنێ تا بەوە موعجیزەی ئاینەکەی دەربخات؟

دیارە ئەم وەڵامە بەقەدەر ئەسڵی گێڕانەوەکە لاوازە، چونکە کەس لاری لەوە

نییە کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە، بەڵام ئایا خوا شتی وا دەکا، یان کردوویەتی؟ ئەگەر کردوویەتی بۆچی ئەنجامێکی نەبوو و نەبووە بۆمبێک و لە جیهاندا بتەقێتەوە؟ کە نەتەقییەوە، ئیتر مانای وایە پێشاندانی موعجیزەکە ئامانجی خۆی نەپێکا و نەبووە موعجیزە لای خەڵکی دنیا.

جیا لەوەیش هەموو زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە موعجیزەی گەورەی پێغەمبەری ئیسلام قورئانە، نەک موعجیزاتی هەستی و خاریق.

تێ ناگەم بۆچی عەقڵی ئاینیی ئێمە، بە زانا و خەڵکی گشتییەوە، هێندە چێژ لەوە دەبینن کە هەندێ شتی سەیروسەمەرە بکەنە بەڵگە لەسەر گەورەیی خوا یان موعجیزەی پێغەمبەر (د.خ) و ئیسلام، وەک ئەوەی لە سەرەتای نەوەدەکاندا ماوەیەک وێنەیەک لە کوردستان بە بەربڵاوی بڵاو کرایەوە کە گوایە دارستانێکی ئەڵمانیا بەخۆرسک وشەی (لااله الا الله)ی نەخشاندووە (ماوەیەک ئەو وێنەیەم لە ماڵی خۆمان هەڵواسیبوو)، دواتر دەرکەوت دارستانەکە تابلۆی هونەرمەندێکە.

یان پێش کیمیابارانی هەڵەبجە لە شارۆکەی سیروان منداڵێک نیشانەیەکی سروشتی لەلاتەوێڵی بوو بەلای وشەی (محمد)دا دەچوو، خەڵک ئەبڵەق بووبوون و وێنەکەی لە بازاڕدا ڕەواجی هەبوو، یان وێنەی تەماتەیەک یان شوتییەک بڵاو دەکرێتەوە کە بەحیساب لێی نووسراوە (الله).

ئایا گەورەیی خوا لەو گەردوونە گەورەیەدا هێندە روون نیە تا پێویست بکا لە نەخشاندنی وشەیەک بەنهێنی لەناو شوتییەک یان تەماتەیەکدا ئەوە بۆ خەڵک دەربخات؟

دوای بلەرزەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری تورکیا، کە دەیان هەزار موسڵمانی چینی هەژاری تورکیای تێدا مرد، وێنەیەک لە کوردستان بڵاو کرایەوە، کە تێیدا مزگەوتێک بەقیتی لەنێو یەکێک لە گەڕەکە خاپورکراوەکان ماوەتەوە و نەڕووخاوە، زۆر کەس بە حەماسەوە مانەوەی ئەو مزگەوتەیان بە موعجیزە دادەنا، گوایە لەبەرئەوەی مزگەوتەکە ماڵی خوایە نەڕووخاوە.

بەم مەنتیقە بێ، مردنی دەیان هەزار مرۆڤ بەقەدەر ڕووخانی مزگەوتێک لای خوا نرخی نییە. ئایا ئەمە مەنتیقی مرۆڤی موسڵمانە بۆ تێگەیشتن لە ڕێزداریی مرۆڤ؟

مزگەوتێک بڕووخێ مرۆڤەکان دەیانی تر لە جێی دروست دەکەنەوە، ئەی ئەگەر مرۆڤەکان نەمان مزگەوتەکان چ نرخێکیان دەبێ و کێ ئاوەدانیان دەکاتەوە؟ ئەی چی دەڵێن بەو فەرموودانەی باس لەوە دەکەن لەناوچوونی دنیا، یان لە هەندێ ریوایەتدا رووخانی کەعبە لای خوا ئەهوەنترە لە رژاندنی خوێنی موسڵمانێک بە ناهەق؟.(١٣)

رەنگە ئاسایی بێ ئەمە مەنتیقی بیرکردنەوەی مرۆڤێکی نەخوێندەوار بێ، سوودیش لەوە ببینێ بۆ دەمەزەردکردنەوەی باوەڕی خۆی، بەڵام رەوا نییە زانایەک و رۆشنبیرێکیش بەم شێوەیە بیر بکەنەوە و چێژ لەوە ببینن موعجیزەی ئیسلام لەسەر بناخەی پەکخستنی یاسا گەردوونییەکان بنیات بنێن، لە کاتێکدا ئەو یاسایانە لە ئاینی ئیسلامدا ڕێزیان لێ گیراوە.

## برنادشۆ: محەمەد کێشەکانی دنیای چارەسەر دەکرد

دیسان چەندان ساڵە لە وتارەکاندا قسەیەکی برنادشۆ دەهێنرێتەوە کە وتبێتی "محەمەد دەیتوانی لەو کاتەی خەریکی قاوەخواردنەوە بوو گشت کێشە ئاڵۆزەکانی دنیای ئەمڕۆ چارەسەر بکات".

لە ٣٠-٥-٢٠٠٢ مامۆستایەکی ئاینیی ناسراو لە وتارێکیدا بەم شێوەیە ئەم وتەزایەی گێڕایەوە "ئەو فەیلەسووفە غەربییە، برنادشۆ، جوانی وتووە لەو کاتەی لە کۆنگرەیەکدا بووە لەگەڵ پیتۆلان بۆ چارەسەری کێشەیەکیان گیریان خواردبوو، ئەویش وتی: قەسەم بەخوا ئەو کێشەیەی ئێستە ئێمە بەدەستییەوە گیرمان خواردووە و بەهیچ شێوەیەک بۆمان چارەسەر ناکرێ ئەگەر محەمەد ئێستا لێرە بوایە هەر بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە چارەسەری دەکرد".

ئەم قسەیە لە چ سەرچاوەیەک و لە چ کتێبێکی برنادشۆدا باس کراوە، دیار نییە و وتاربێژ خۆی لە قەرەی نادات و بە ئیشی خۆی نازانێ

بەدواداچوونی بۆ بکا، گرینگ ئەوەیە ئەو گێڕانەوەیە وتارەکەی بەهێز دەکات و سەرنجی گوێگران رادەکێشێ، ئیتر لە خۆی ناپرسێ باشە ئەگەر لە بەردەرگە دینسستێک یەخەی پێ گرت و وتی مامۆستا «برنادشۆ لە چ نووسراوێکیدا ئەم قسەیەی کردووە»، چۆن وەڵامی دەداتەوە.

گرفتەکە لەوەدایە هەندێ جار شەرعیەت بە گێڕانەوەی چیرۆک و سەرگوزەشتەی نامەتیقی و خەیاڵیش دەدرێ مادام ببێتە هۆی بەهێزکردنی باوەڕی خەڵک، کە ئەمە لە کۆنیشدا کراوە و هەندێ لە زانایان تەنانەت رێیان بەوە داوە فەرموودەی لاواز و ناڕاستیش بۆ هاندان و ترساندن (تەرغیب و تەرهیب)، واتە بۆ بەهێزکردنی باوەڕی خەڵک، دابنێن.

دیارە ئەو مامۆستا بەڕێزانە ئەو گێڕانەوەیەیان لە کەسێک یان سەرچاوەیەکەوە بیستووە، بەڵام بەدوایدا نەچوون تا ساغی بکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەر (د.خ) لە فەرمووودەیەکیدا دەفەرمووێ "کفي بالمرء كذبا ان يحدث بكل ماسمع"[١٤]، واتە بەسە بۆ مرۆڤ کە بکەوێتە درۆکردنەوە بەوەی هەرچی دەبیستێ باسی بکا.

راستییەکەی من دڵنیا نیم لەوەی ئایا برنادشۆ ئەم قسەیەی کردووە یان نا و دەقی قسەکەیشی چۆن بووە، ئەگەر قسەیەکی لەو جۆرەیشی کردبێ زۆر سەیر نییە، چونکە زۆرێک لە گەورە بیرمەند و فەیلەسووف و مێژوونووسەکانی خۆرئاوا لە بەرهەمەکانیاندا ستایشی بە زۆرلایەنی ئاین و مێژووی ئیسلام و کەسایەتیی پێغەمبەریان کردووە، نووسەری گەورەی رووسیا تۆلستۆی کتێبێکی هەیە بەناوی "حكم النبي محمد" کە تێیدا ستایشی چەندان هەڵوێستی پێغەمبەر دەکا[١٥].

دوکتۆر عیمادەدین خەلیل لە کتێبێکدا ژمارەیەکی زۆر لەو وتانەی کۆکردووەتەوە.[١٦] بەڵام ئەم قسەیەم بەم شێوەیە تێدا نەدیوە، بە دووری نابینم وتاربێژەکانیش هەر ئەو دەقە دەماودەمەیان بیستبێ و باسی دەکەن.

بە شوێن راستیی ئەو گوتەیەدا لە ئینتەرنێت بۆ ژیاننامەی برنادشۆ

دەگەڕام، لە سایتی جیهانیی ویکیپیدیا لە باسکردنی ژیاننامەی برنادشۆدا پەرەگرافێکی لە کتێبێکی برنادشۆ بەناوی "ئیسلامی راستەقینە" هێنابوو کە ئەمە دەقەکەیەتی: "من رێزێکی تەواو لە ئاینی محەمەد دەگرم بەهۆی زیندویەتییەکەیەوە، ئەو ئاینە تاکە ئاینە کە وای دەبینم هێزێکی گەورەی هەیە بەهۆی گونجانی لەگەڵ لایەنە گۆڕاوەکانی ژیان و گونجان لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا، لە ژیانی ئەم پیاوە سەرسوڕهێنەرەم کۆڵیوەتەوە و بەبۆچوونی من پێویستە ناوبنرێ (رزگارکەری مرۆڤایەتی)، بەبێ ئەوەی ئەوە مانای دوژمنایەتیکردنی مەسیح بێ"، "پێم وایە محەمەد ئەگەر بۆی برەخسایە حوکمی ئەم جیهانە نوێیەی بەتەنیا بکەوتایەتە دەست، بەخت یاوەری دەبوو بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی بەشێوازێک ببێتە مایەی بەختەوەری و ئاشتی، کە ئەم جیهانە زۆر لێی بێبەشن". (١٧)

"من پێشبینی دەکەم کە خەڵکی ئەوروپا لە داهاتوودا روو لە ئاینی محەمەد بکەن، ئەمڕۆیش ئەو قبووڵکردنە لە ئەوروپا دەستی پێ کردووە".

ئەو دەقە دەچێ بەلای ئەو گێڕانەوەیەدا، بەڵام ئەو باسی لەوە نەکردووە کە کێشەکانی دنیای لە "ماوەی قاوەخواردنەوەیەکدا" چارەسەر دەکرد. تەنیا ئەوەندەی وتووە کە محەمەدێکی نەخوێندەوار توانی لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار و دوور لە شارستانیەت ئەو شۆڕشە گەورە مێژووییە بەرپا بکا و مێژووی جیهان بگۆڕێ و شارستانیەتییەک بنیات بنێ، پیاوێکی وا هەڵکەوتوو ئەگەر ئەمڕۆ دەربکەوێ لە توانایدا دەبێ چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆیش بکا، بەڵام بە ساڵێک، بە ١٠ ساڵ، بە ٥٠ ساڵ، ئەوەی باس نەکردووە.

بۆچوونەکەیشی لە هەموو بارەکاندا بۆچوونی بیرمەندێکە کە دەکرێ پێکابێتی و دەکرێ نەیپێکابێ و ناکرێ ئێمە هەر لەبەرئەوەی مەجلیسی پێ گەرم بکەین وەک راستییەکی حاشاهەڵنەگر بیڵێینەوە، کە زیاتر بۆ دەرخستنی ئەوەیە پڕۆژەی ئیسلامی جیاواز لە رێبازە فیکرییە- سیاسییەکانی تری دنیا لە توانایدایە بەشێوەیەکی سیحری چارەسەری

کێشە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆ بکا.

ئەمە جگە لەوەی برنادشۆ سەیری محەمەدی کردووە وەک کەسێکی هەڵکەوتوو، کە نهێنیی سەرکەوتنەکانی لە توانا زاتییەکانی خۆیدا بووە، نەک وەک پێغەمبەرێک کە نهێنیی هێز و سەرکەوتنی بەپلەی یەکەم لە ئاسمانیبوونی پەیامەکەیدا بووبێ. ئەم دوو مەنتیقەیش زۆر لە یەکتر جودان و ناکرێ ئەمیان بۆ پشتئەستوورکردنی ئەویان بەکار بێ.

بەڵام با لێرەدا لە ئەسڵی بوون و نەبوونی گوتەکە بگەڕێین و بپرسین: ئایا راستە پێغەمبەر (د.خ) پێی دەکرێ "لە ماوەی قاوەخواردنێکدا" چارەسەری گشت کێشە ئاڵۆزەکانی دنیای ئەمڕۆ بکا؟

پێم وایە ستەم لە ڕوحی پەیامی پێغەمبەر (د.خ) دەکرێ ئەگەر بوترێ (بەڵێ)، چونکە پێغەمبەر خۆی بەو مەنتیقە سیحرییە و بە یاسای (کن فیکون) کاری بۆ چارەسەری کێشەکانی سەردەمی خۆی نەکردووە، بگرە بە مەنتیقی واقیع و بە کۆشش و بەرنامەڕێژی و قوربانیدان و بە نەفەسی درێژەوە ئەو کارەی کردووە،

سەیری پلان و کۆشش و زەحمەتییەکانی خۆی و هاوەڵانی بکە لە ماوەی ٢٣ ساڵ تەمەنی پێغەمبەرایەتیی ئەودا بزانە وا هەست دەکەیت ئەو کەسە بە موعجیزە و یاسای (کن فیکون) کارەکانی جێبەجێ دەکا و ئامانجەکانی دێنێتە دی؟

ئایا پێغەمبەر نەک "لە ماوەی قاوە خواردنێکدا" بگرە بە ساڵێک و دوانیش توانی کێشەکانی کۆمەڵگەی بچووک و سادە و سنوورداری مەکە و مەدینە چارەسەر بکا؟ بێگومان نەخێر، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە خوا یاسای بۆ ئەم گەردوونە داناوە و دەبێ بەرنامە و ئامانجەکان لە ڕێی پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانەوە کاریان بۆ بکرێ نەک بەشێوازی (کن فیکون)، کە تەنیا لە بەدیهێنەر دەوەشێتەوە.

زۆرێک لە موفەسیر و بیرمەندەکانی ئیسلام کاتێ باس لە حەرامکردنی

مەی دەکەن بە سێ قۆناغ نەک بە یەک جار، حیکمەتەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە مەیخوادرنەوە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا خوویەکی ریشەداکوتاو بوو نەدەکرا بە یەک جار حەرام بکرێ، بگرە بە چەند قۆناخێک و دوای سازکردنی زەوینەی رۆحیی پێویست، ئەنجا لە سێیەم جاردا قەدەخە کرا.

واتە پێغەمبەری ئیسلامیش بەپێی مومکیناتەکانی ژیان و مەنتیقی پڕ لە کێشە و کۆسپی واقیع کاری کردووە و هەنگاوی ناوە، هەر بۆیە هەندێ جار سەرکەوتنی بەدەست هیناوە و هەندێ جاریش شکستی هێناوە.

تەنانەت هەندێک لە رووناکبیرانی ئیسلامی کاتێ باس لە حیکمەتی قەدەخەنەکردنی کۆیلایەتی دەکەن لە ئیسلامدا، پاساوەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە سیستەمی کۆیلایەتی لە سیستەمی ئابوریی ئەو سەردەمەدا، وەک دیاردەی سوو (ربا) بووە لە سیستەمی سەرمایەداریدا، کە بڕبڕەی پشتی ئەو سیستەمەیە و بەبێ ئەوە کار ناکا، لەبەرئەوە ئیسلام نەیدەتوانی قەدەخەی بکا.

ئەمەیش، ئەگەر پاساوێکی دروست بێ، بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی پێغەمبەریش لە سنووری مومکیناتی سەردەمەکەی خۆیدا گۆڕانکاری کردووە و شتێکی نەکردووە کە مەحاڵ بێ و بە مرۆڤ نەکرێ.

ئاخر ئەگەر چارەسەری کێشەکان ئەوەندە سانا بوایە بۆچی پێغەمبەر (د.خ) خۆی و یارانی دووچاری ٢٣ ساڵ رەنج و ئازار و دەربەدەری و برسیەتی و شەڕوشۆڕ دەکرد؟ کەس هەیە بە خۆڕایی، خۆی و دۆستانی بخاتە رەنجەوە؟

تێ ناگەم بۆ دەبێ ئێمە لە رێی گێڕانەوەی رووداوی سەیروسەمەرە و نامەنتیقییەوە ئیمانی خەڵک بەهێز بکەین؟ یان بۆ دەبێ عەقڵی خەڵک بەو شێوەیە پێ بگەیەنین کە بەشێوەیەکی سادەکاریانە لە کێشە ئاڵۆزەکان بڕوانێ و وا تێ بگات دەکرێ ئەو کێشانە بەچاوتروکانێک حەل بکرێن و ئەوانیش بێ خەم پاڵی لێ بدەنەوە؟

## گەڕانەوەی ئاوی نیل و کارکردنی ئۆتۆمۆبێلی بێ بەنزین

لە خوتبەیەکی هەینی لە کۆتاییەکانی مانگی ٢٠٠٨/١٢ وتاربێژی مزگەوتێک ئەم دوو ڕووداوەی گێڕایەوە:

"لە سەردەمی عەمری کوڕی عاسدا ڕووباری نیل ئاوی لێ بڕا، عومەری کوڕی خەتاب نامەیەکی بۆ عەمر نارد، تێیدا نووسی: "ئەی ڕووباری نیل! ئەگەر بە ئەمری خوا دێیتەوە ئەوە داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە، ئەگەریش بە ئەمری خۆت دێیتەوە، ئەوە نامانەوێ" و داوای کرد ئەو نامەیە بخەنە ناو ڕووباری نیلەوە، ئەوانیش بردیان و خستیانە نیلەوە و ئاوی نیل یەکسەر گەڕایەوە".

"لە سییەکانی سەدەی بیستدا پیاوچاکێک بە سەیارە بە گوندەکاندا دەگەڕا بۆ بانگەواز، جارێکیان لەپڕ سەیارەکە وەستا، دابەزین سەیریان کرد قەترەیەک بەنزینی تێدا نەماوە، دەستیان بە دوعا و گریان کرد، لەپڕ کابرا کەوتە دڵی کە سەیارە ئیش دەکات، بە سایقەکەی وت هەستە سلف لێ دە، سولفی لێ دا، سەیارە بەبێ بەنزین ئیشی کرد و ڕۆیشت".

ئەم دوو ڕووداوە (گەڕانەوەی ئاوی نیل پاش وشکبوونی بەو نامەیە+ ئیشکردنی ئۆتۆمۆبێل بەبێ بەنزین)، کە بەداخەوە وەک هەموو کات مامۆستا نەیکردە ئەرکی خۆی سەرچاوەکانیان باس بکات، هیچ قسەیەکیان لەسەر ناکەم، بەڵام دەزانم زۆرێک دەڵێن بۆ خوا ناتوانێ شتی وا بکا؟ ئەوە نەبوو ئاگر ئیبراهیم پێغەمبەری نەسووتاند؟

بێگومان خوا هەموو شتێکی پێ دەکرێ، بەڵام قسەکە لەوەیە ئایا ئەوە دەکات؟ ئایا یاسا گەردوونییەکانیش فەرمانی خوا نین (ولن تجد لسنة الله تحويلا)، بۆچی دەبێ ئیمانی خەڵک بەوە بەهێز بکرێ کە باوەڕ بە خەرقی یاسا کەونییەکان بکەن نەک باوەڕ بە شوێنکەوتنی سەرسەختانەی یاسا کەونییەکان؟ خۆ نابێ ئێمە بەناوی کەرامەتیشەوە باوەڕ بە هەموو ڕووداوێکی سەیر و ناسروشتی بکەین.

شێخ محەمەد غەزالی دەڵێ "شتە خاریقەکان، وەک زانایانی ئیسلام بڕیاریان داوە، بەڵگەی خێر یان شەڕ نین، تەنیا ئیمانی راست و کردەوەی چاک بەڵگەی خێرن، تەنانەت ئەگەر هیچ کارێکی خاریقیش لەسەر دەستی ئیمانداری ساڵح روو نەدات".

دواتر دەڵێ "رووداوە خاریقەکان لەوانەیە بۆ یەکتاپەرست و سێپەرست، بۆ ئیماندار و بێباوەڕیش روو بدەن، لەبەرئەوە کردنی بەبەڵگە لەسەر کەرامەتی کەسێک، هەڵەیەکی گەورەیە".(١٨)

نە سەرگوزەشتەی تەقینەوەی دراماتیکیی ئاوی نیل و نە بەئیشکەوتنەوەی سەیارەی بێ بەنزین، نە لە قورئان و نە لە فەرمووودەی سەحیحدا نەهاتوون، بۆ دەبێ ئەو جۆرە چیرۆکانە بکرێنە بابەتی زاخاودانی عەقڵ و هەستی گوێگر، کە یەکێک لە ئاکامە ترسناکەکانی قووڵبوونەوەی باوەڕ بەبێ نرخیی یاسا گەردوونییەکان و ئەگەری پەکخستنیانە لە هەر ساتێکدا، کە هەموو ئەو زانست و زانیارییە کەڵەکەبووەی مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ پێی گەیشتووە بەرهەمی جێگیریی ئەو یاسا گەردوونیانەیە.

ئاخر ئەگەر ئەو یاسایانە جێگیر نەبن، دەکرێ ئەمڕۆ ئاگر سووتێنەر بێ و سبەی ببێتە تەزێنەر، بەفر ئەمڕۆ تەزێنەر بێ و سبەی ببێ سووتێنەر، ئاو لای ئێمە لە سەدی سەدیدا بکوڵێ بەڵام لە جێیەکی تر لە ٥٠ پلە یان ١٢٠ پلەدا بکوڵێ. لێرە هێزی کێشکردنی زەوی هەبێ و لە جێیەکی تر بە قودرەتی قادر هێزی کێشکردن نەمێنێ و پیاو بە کاوەخۆ لە شاخێکەوە خۆی بەربداتەوە و وەک باڵندە بەهێمنی لەسەر زەوی بنیشێتەوە بێ ئەوەی زیانی پێ بگات. ئەمساڵ خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵبێ و ساڵێکی تر لە خۆرئاواوە و ساڵی دواتر لە باکورەوە و.. هتد. بۆ نا؟ مەگەر لە توانای خوا بەدەرە؟.

نەخێر لە توانای خوا بەدەر نییە، بەڵام شتی وا ناکا. ئەگەر لە مێژوودا جاروبار رووی دابێ بۆ سەلماندنی پەیامی پێغەمبەرێک، ئەوە ئیتر ئەو حاڵەتە شازە قاعیدەکە هەڵناوەشێنێتەوە و بۆ هەر کەس نییە لە جێی خۆیەوە ئیدیعای رووداني موعجیزە و کەرامات بکات، ئەگینا موعجیزە و رووداني

نائاسایی دەبنە ئەسڵ و بناخە و یاسای جێگیر دەبێتە شاز.

پێم وا نییە ئەمە مەنتیقی ئاینی ئیسلام بێ، کە بە ئایەتی (بخوێنە) دەستی پێ کردووە.

ئاخر وتاربێژان تەنیا لە بیرکردنەوە و هەستی خۆیان بەرپرس نین، ئەوان سیاغەی عەقڵ و هەستی میللەتێک دەکەن، نابێ و ناکرێ بەئاسانی خۆیان تەسلیمی هەموو هەواڵ و رووداوێک بکەن.

ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم مامۆستا مەسعوود محەمەدە دەگێڕێتەوە کە باوکی، واتە مەلای گەورە وتوێتی "کەرامەت لای من ئەوە نییە کەسێک بەبێ پرد بەسەر رووبارێکدا بپەڕێتەوە، بگرە کەرامەت ئەوەیە پردێک دروست بکات هەموو کەس بەسەریدا بپەڕنەوە".

## یاخیبوونی کۆمەڵە بیرێک

لە ٧-٥-٢٠٠٤ خەتیبێکی تر گێڕایەوە "کابرایەک چەندان بیری گەیاندە ئاو، جارێک بیرێکی لێ دا تەڕایی دەرکەوت و خەریک بوو بگاتە ئاو، دەستی لێ هەڵگرت و وتی "سبەی تەواوی دەکەم"، بەڵام نەیوت "ئیشەڵا سبەی تەواوی دەکەم"، سبەی هاتەوە دە دوازدە مەتریتری لێ دا هەر نەگەیشتە ئاو، ئەو کابرایە دە دوازدە بیریتریشی لێ دا هەر نەگەیشتنە ئاو، چونکە نەیوت ئیشەڵا".

ئەم پیاوە کێ بوو، لە کوێ بوو، کەی وای کرد، کێ لە نزیکەوە ئاگای لەم بەسەرهاتە بوو؟ ئەمانە لای بابای وتاربێژ هیچ شایانی ئەوە نین بەدواداچوونیان بۆ بکا و تەنیا ئەوەندەی بەسە ئەویش لە وتارێکدا، لە مەجلیسێکدا، لە کتێبێکی مەواعیزدا بەرچاو و گوێی کەوتبێ بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگە بۆ باوەڕێک، کە بناخەیەکی پتەوی لە واقیعدا نییە و کەس ناتوانێ ئەو تەجروبەیە دووبارە بکاتەوە.

ئایا راستە ئیشەڵانەکردن دەبێتە مایەی ئەوەی ئاوی ژێر زەوی بنیشێ و بیر نەگاتە ئاو؟ نەک تەنیا بیرێک، بگرە چەندان بیریتریش بەو هۆیەوەمان لەو

کابرایە بگرن.

تۆ بۆ ئەوەی ئەنجامگیرییەک لە رووداوێک بکەیت و بیکەیتە باوەڕێکی چەسپاو لای خەڵک، پێویستە ئەو رووداوە بەو شێوەیەی تۆ ئیدیعای دەکەیت دەیان و سەدان جار دووبارە بکرێتەوە و بتوانیت تاقی بکەیتەوە، نەک کەسێک بێت ئیدیعای ئەوە بکات شتێکی وای لێ بینیوە، تۆیش بەبێ بەدواداچوون و سێ و دوو لێکردن جاڕی بدەیت.

ئاخر رۆژانە هەزاران جار خەڵکی ئێمە بەبێ ئیشەڵاکردن قەولی جۆراوجۆر بۆ داهاتوو دەدەن، بەبێ ئەوەی ئاکامی وا موعجیزەی لێ بکەوێتەوە. ئەی بۆ ئەوە چی دەڵێن؟

راستە لە هەندێ لە سەرچاوەکانی تەفسیردا هاتووە کە پێغەمبەر (د.خ) بەبێ ئەوەی بڵێ "ئیشەڵا" قەولی بە دەستەیەک لە جوولەکەکان دا کە سبەی وەحی بۆ دێ و وەڵامی پرسیارەکانیان لەبارەی پیاوانی ئەشکەوتەوە دەداتەوە، بەو هۆیەوە وەحی بۆ ١٥ رۆژ دانەبەزی،(١٩)

دواتر بەسەرهاتی پیاوانی ئەشکەوت دابەزی کە لە کۆتاییەکەیدا دەڵێ "ولاتقولن لشيء اني فاعل ذلك غدا الا ان يشاء الله"، بەڵام ئەمە ئەگەر راست بێ ئەو چیرۆکی دابەزینەی لەگەڵ بێ، کە لەوە دڵنیا نین، ئەوە هەرچۆن بێ لەلایەک سەرچاوەی زانیارییەکە پەیامبەرە و لەلایەکیتریش ئایەتەکە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە کە ئەگەر ئیشەڵات نەکرد کارەکەت سەرناگرێ و یاساکانی گەردوون دەوەستن، بگرە تەنیا ئامۆژگارییەکە وەک چەندان ئامۆژگاری تری هاوشێوەی وەک "اذا قرات القران فاستعذ بالله من الشيطان الرجيم"، بەبێ ئەوەی باس لەوە بکات کە ئەگەر ئیستیعازە نەکەیت، بۆ نموونە، زمانت دەوەستێ یان کارت مەیسەر نابێ.

ئەم لۆجیکە جگە لە راهێنانی مرۆڤی موسڵمان لەسەر باوەڕکردن بە شتی سەیر و سەرسوڕهێنەر هیچ سوودێکی بۆ ئیمان و ژیانی مرۆڤ نییە و لەنێو روحی پەیامی ئاینی ئیسلامیشدا جێگەیشی نابێتەوە، چونکە لە ئاینی

ئیسلامدا دەقێکی وا نییە کە تۆ ئەگەر فلان سەرپێچیت کرد، لە تۆڵەی ئەوەدا فلان یاسای گەردوون دەوەستێ و کار ناکا، بگرە سزا و پاداشتی کردەوە لە ئاخیرەتدایە.

## بۆنی سووتاوی دڵی ئەبوبەکر لە ترسی خوا

ئەز لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بەحەماسەوە خووم دایە شارەزابوون لە فەرمووده و لەبەرکردن و کارپێکردنیان و بۆ ئەو مەبەستە رەنگە هەزاران فەرموودەم لەبەرکردبێ و بە هەزارانی تریش ئاشنا بووم، بەڵام بیرم نایە ئەم فەرموودەیەم دیبێ کە باس لە سووتانی دڵی ئەبوبەکری سدیق دەکات لە ترسی خوا تا ئەو رادەیەی دراوسێکان وا بزانن ماڵی ئەبوبەکر گۆشت دەبرژێنن، رەنگە هەشبێ و من نەمدیبێ، چونکە ژمارەی حەدیس بە سەدان هەزارن.

بەڵام خۆم چەند جارێک لە خوتبەی حەماسی و گریێنەردا ئەو رووداوەم بیستووە کە باس لەوە دەکا یەکێک لە دراوسێکانی ئەبوبەکر دەچێ سکاڵا لای پێغەمبەر دەکا کە ئەبوبەکر گۆشت دەبرژێنێ و بەشی ئەو نادا. ئەویش ئەوە بە دوور لە ئاکاری ئەبوبەکر دەزانێ و چەند جارێک رەتی دەکاتەوە بەناوی ئەوەی رەنگە ئەو هەڵە تێگەیشتبێ. دوا جار کابرا هەر دێتەوە و سکاڵا دەکا، ناچار پێغەمبەر لەگەڵی دەچێ تا نزیکی ماڵی ئەبوبەکر دەبنەوە، یەکسەر پێغەمبەر راستییەکەی بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو بۆنی گۆشتە بۆسووی دڵی ئەبوبەکرە لە ترسی خوا دەسووتێ.

دیارە ئەم رووداوە بابەتێکی کاریگەرە بۆ وتار و جۆشدانی مەجلیسی وەعز، بەڵام ئایا دەکرێ جەرگی مرۆڤی زیندوو بسووتێ؟ یان ئایا ترسی خوا کە شتێکی ڕوحییە دەبێتە هۆی رووداني سووتانی دڵ؟

## گەنجێک سێ پەنجەی خۆی بەهیتەر دەتوێنێتەوە

یەکێکی تر لەو چیرۆکانەی بە هەندێ وردەکاریی جیاواز لە چەندان وتاردا

بەرگوێم کەوتووە چیرۆکی کوڕێکی ئیماندارە کە بۆ ئەوەی تووشی زینا نەبێ سێ پەنجەی خۆی بەهیتەر دەسووتێنێ.

یەکەم جار ئەم ڕووداوەم لە ئاهەنگێکی مەولوود لە مزگەوتێکی هەڵەبجە لە ناوەڕاستی هەشتاکان بیست و دواتریش لە چەند بۆنەیەکدا بیستمەوە.

کورتەکەی ئەوەیە کچە قوتابییەکی مەسیحی حەز لە کوڕێکی ئیماندار لە بەغدا، یان بەسرە دەکا، ئەویش ڕووی ناداتێ، ناچار کچەکە فرسەت دێنێ و دەچێتە بەشە ناوخۆییەکەی و دەچێتە ژوورەکەی کە بەتەنیا خەریکی سەعیکردن بوو، داوای کاری خراپی لێ دەکا، ئەویش هەرچی لێی دەپاڕێتەوە وازی لێ بێنێ، کچەکە کۆڵ نادات و هەڕەشە دەکا ئەگەر ڕازی نەبێ دەقیژێنێ و دەڵێ فلان هێناومی دەستدرێژیم بکاتە سەر.

ئەویش هیچی بۆ نامێنێتەوە، دەڵێ دەچیتە دەرەوە ئەگینا پەنجەی خۆم بەم هیتەرە دەسوتێنم، کچە باوەڕ بە قسەکەی ناکا و واز ناهێنێ، بۆیە گەنجەکە پەنجەیەکی دەخاتە سەر سیمی داخبووی هیتەرەکە تا بەتەواوی دەتوێتەوە، بەڵام کچەکە هەر کۆڵ نادا، بۆیە پەنجەی دووەمیشی دەخاتە سەر هیتەرەکە تا ئەویش دەتوێتەوە، کچەکە هەندێ دەحەپەسێ، بەڵام هەر ناچێتە دەرەوە، بۆیە کوڕەکە پەنجەی سێیەمیشی دەخاتە سەر هیتەرەکە تا دەتوێتەوە، ئەنجا کچەکە دەحەپەسێ و بە پڕتاو دەچێتە دەرەوە.

ئەنجامەکەیشی ئەوە دەبێ کچەکە و بنەماڵەکەی موسڵمان دەبن و کچەکە بەحەڵاڵی دەبێتە هاوسەری کوڕە ئیماندارەکە.

ئەڵبەت کە یەکەم جار پێش ٢٥ ساڵ ئەو چیرۆکەم بیست زۆر بەحەماسەوە باوەڕم پێ کرد و ڕەنگە چەندان جاریش خۆم کردوومەتە بابەتی باسکردن، بەڵام کاتێ بە هۆشێکی پێگەیشتووتر لێی ورد دەبیتەوە تێ دەگەیت مومکین نییە شتی وا ڕوو بدا.

کێ هەیە بتوانێ بەرگەی ئەوە بگرێ پەنجەیەک و دووان و سیانی بەدەستی خۆی، بەڵێ بەدەستی خۆی، بسووتێنێ تا ڕادەی توانەوەی بەبێ ئەوەی هیچ

نەبێ جارێک لە هۆش خۆی بچێ؟

ئەم جۆرە چیرۆکانە لە کتێبەکانی مۆچیاری و لەو کتێبانەی باسی دەستی پەروەردگار و دادپەوەریی ئاسمان دەکەن زۆر دەبیسترێن، وەک رووداوی واقیعیش باس دەکرێن نەک وەک سیناریۆیەکی هونەری لە شێوەی راز و چیرۆک و رۆمان، هەروەها وەک رووداوی هاوچەرخیش باس دەکرێن نەک وەک رووداوی مێژوویی، بەڵام ناو و شوێنی کارەکتەرەکان و کات و شوێنی رووداوەکە نادیارن، لەبەرئەوە باوەڕپێکردنیان ئەستەمە.

## مردنێکی دراماتیکی

لە خوتبەی رۆژی ٢٢-١-٢٠١٠دا کە لە تەلەڤزیۆنێکەوە پەخش کرا هاتبوو "لە ئەمەریکا ٥ هەزار پرۆفیسۆر کۆبوونەوەیەکیان کرد تا بزانن چۆن مردن نەمێنێ، مردن لۆ بمێنێ؟، لەو کاتەدا یەکێکیان دێتە سەر میکرۆفۆن و لەو لەحزەیەدا ڕوحی لەبەر دەبڕێ و دەمرێ، بەوە خوا نیشانی دان کە ناتوانن تەحەدای خوا بکەن و مردن کە خوا دایناوە نەمینێ، جا دواتر دەیوت خوا لە لەحزەیەکدا بە بلەرزە ١٠٠ هەزار کەس دەکوژێ، کێ دەتوانێ تەحەدای بکا و برێ با مردن نەمێنێ".

ئیتر ئەم مامۆستا بەڕێزە نەیوت وردەکارییەکانی ئەم رووداوەی لە چ سەرچاوەیەک وەرگرت، ئەو کۆبونەوەیە کەی و لە چ شارێک کرا؟ ئایا خوای گەورە کردویەتیی بە باو هەر کەس کارێکی ناشەرعی کرد یەکسەر پێی بنوێنێ و تۆڵەی لێ بکاتەوە و بیکاتە پەند؟ ئایا هەزاران لیکۆڵینەوە و کۆبوونەوە و سیمینار بۆ بابەتی زانستیی جۆراوجۆر، لەوانەیش کە لای هەندێ زانا ناشەرعی و تەنانەت دژی ئاینیشن، نەکراوە بەبێ ئەوەی کەس لەو لەحزەیەدا بمرێ؟ ئەگەر هەیە بۆچی ئەو رووداوە واقیعیانە بەبەڵگە و دۆکێمێنتەوە ناکرێنە نموونە، کە کەس بواری نابێ نکوڵییان لێ بکا؟

* لە ٣٠-١-٢٠١٠یش وتاربێژی مزگەوتێک لە خوتبەکەیدا گێڕایەوە "ملیاردێرێکی ئەڵمانی چەند ملیۆن یۆرۆی لە رێی مونەزەمات و شتی واوە

تەرخان کرد تا رێ لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام و جومعە و جەماعەت بگرێ، نەیزانی ئەم ئیسلامە خۆڕسکە و خۆی بڵاو دەبێتەوە"، ئیتر باسی نەکرد ئەو ملیاردێرە کێ بوو؟ کەی ئەو بڕیارەی دا، پشتیوانی کام رێکخراوی کرد و ئەم زانیارییانەی لە کوێوە وەرگرت.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەک بوون و هاوشێوەیان زۆرە و تەنیا بەم بەسەرهاتەی خوارەوە کۆتاییان پێ دێنم کە لە وتاری رۆژی ١٢-١-٢٠١٠ لە مزگەوتێکدا هاتبوو:

### دوو عاشق لە یەک کاتدا دین دەگۆڕن و دەمرن

کوڕێک و کچێک حەز لە یەک دەکەن، کوڕە دەنێرێتە داوای کچەکە، دەبینن لە خێزانێکی مەسیحین، خێزانی هەردوولا رازی نابن خزمایەتی لەگەڵ شوێنکەوتووی ئاینێکی تر بکەن، بەو هۆیەوە کوڕە و کچە هەردووکیان نەخۆش دەکەون، چەند مانگ و ساڵ دەکەون و تووشی سەرەتان دەبن.

کوڕەکە پێش ئەوەی بمرێ کەسوکارەکەی کۆ دەکاتەوە و پێیان دەڵێ مادام ئێوە بوونە هۆی ئەوەی من بەو کچە نەگەم، ئەوا من وازم لە ئیسلام هێنا و بوومە مەسیحی تا لەو دنیا بە یەک بگەین، ئیتر مرد.

لەولایشەوە کچەکە لە سەرەمەرگدا کەسوکارەکەی کۆ کردەوە و پێی وتن مادام ئێوە بوونە هۆی ئەوەی من بەو کوڕە نەگەم ئەوا من وازم لە مەسیحیەت هێنا و بوومە موسڵمان تا لەو دنیا پێی بگەم و وتی: اشهد الا اله الا الله و اشهد ان محمدا رسول الله- و مرد.

جا وتاربێژ وتی: بەمە ئەو کوڕ و کچە لەبەرئەوەی خۆشەویستییەکەیان دروست نەبوو بەیەک نەگەیشتن و لەو دنیاش بەیەک ناگەن، چونکە کوڕەکە بەکافری مرد و دەچێتە جەهەنەم، و کچەکەش بە موسڵمانی مرد و دەچێتە بەهەشت.[٢٠]

دیارە لەم چیرۆکەیشدا، کە وەک باس دەکرا رووداوێکی هاوچەرخ بووە، ناو و کات و شوێنی کەسەکان نەزانراو بوو، باسی ئەوە نەکرا کێ لە نزیکەوە

ئاگای لەم رووداوە بوو و گێڕاویەتییەوە. چۆن وا رێ کەوت کچە و کوڕە هەردووکیان بەهۆی بۆ یەک نەبوونیان تووشی سەرەتان بوون؟، هەردووکیان بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێ وازیان لە ئاینی خۆیان هێنا و چوونە سەر ئاینی خۆشەویستییەکەیان، هەردووکیشیان دوای وەرگەڕان لە دینی خۆیان مردن، بەم پێیە بێ دەبێ ئەو کوڕ و کچە موعجیزە بووبن.

ئەم فەنتازیایە تەنیا لە چیرۆکەکانی هەزار و یەکشەوە و چیرۆک و فیلمە رۆمانسییە خەیاڵییەکانی وەک مەم و زیندا جێی دەبێتەوە، نەک لە واقیعدا.

## مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەکان

چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، یان وردتر بڵێین ئەو دەقانەی بە فەرمووده ناسراون، بەدرێژاییی نزیک لە هەزار ساڵی مێژووی دوای کۆکردنەوەی ئەو دەقانە و پۆلینکردن و لە تەتەڵەدانیان و بەکارهێنانیان وەک سەرچاوەی فیکر و فیقهـ و ئاکاری ئیسلامی، مشتومڕ و جیاوازییەکی زۆری لە نێوان زانایان و قوتابخانەکانی فیکر و فیقهی ئیسلامیدا دروست کردووه.

ئەڵبەت بەگشتی هەموولا لەگەڵ ئەوە بوون کە سوننەت "کە بە گوتە و کردەوە و پەسەندکردنەکانی پەیامبەر پێناسە کراوە"[٢١] حوجەیە و "بەشی دووەمی وەحییە"[٢٢] و پێویستە بکرێتە سەرچاوەی فیکر و یاسادانان، بەڵام ناکۆکیی هەبووە لەوەی ئایا کام فەرمووده راستە و کامە ناڕاست و دانراوە و ئاست و پلەکەی چییە؟ کامەیان دەکرێ لە بواری عەقیدە و شەریعەت و سلوکدا بەکار بێ و کامەیان دەبێ تەنیا لە بواری شەریعەت یان تەنیا لە بواری ئامۆژگاری و پاککردنەوەی دەروونیدا بەکار بێن؟ لە کام حاڵەتدا کار بە عەقڵ دەکرێ و کار بە فەرموودەی جێگومان ناکرێ؟ ئایا فەرمووده دەتوانێ حوکمی قورئان نەسخ بکاتەوە؟ ئایا دەتوانێ حوکمی گشتیی قورئان تایبەت (تخصیص) بکات و حوکمی رەهای قورئان سنووردار (تقیید) بکات؟ ئایا دەکرێ فەرموودەی لاواز و دانراو بۆ بەهێزکردنی ئیمان بەکار بێ؟ ئایا دەکرێ هیچکام لە سەرچاوە مێژوییەکانی فەرمووده وەک قورئان بە بێ دوودڵی وەربگیرێ؟

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو ناکۆکییە مێژووییە–بەردەوامە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیاواز لە قورئان کە نووسەری تایبەتیی هەبووە و

بەرێکوپێکی ئایەتەکانی نووسراونەتەوە و زیاد لەوەیش لەبەر کراوە، پێغەمبەر خۆی فەرمانی بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی فەرموودەکانی نەداوە، بگرە بەپێی هەندێ دەق تەنانەت قەدەخەی کرودوە جگە لە قورئان هیچ شتێک لە زاری ئەوەوە بنووسرێتەوە، موسلیم ریوایەتی کردوە: "لاتکتبوا عني، فمن کتب عني غير القران فليمحه".[٢٣] واتە هیچ لە منەوە مەنووسن، هەر کەس شتێکی تری غەیری قورئانی لە زمانی منەوە نووسیوە با بیسڕێتەوە.

هەروەها هەڕەشەی توندی لەو کەسانە کردووە کە درۆ بەدەم ئەوەوە هەڵدەبەستن، "من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار"[٢٤]، واتە هەر کەس بەئەنقەست درۆ بە زاری منەوە بکات با جێگەی خۆی لە ئاگردا بگرێ.

قورئانیش لە چەندان ئایەتدا هەڕەشەی واوەیلا لەو کەسانە دەکات کە خۆیان کتێب دەنووسن و دەڵێن ئەمە لەلایەن خواوەیە، "فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ"}البقرة/٧٩}.

لەبەرئەوە هاوەڵان پارێزیان کردووە لە زۆر قسەکردن لەبارەی فەرموودەوە.

ئەلشەعبی دەڵێ "ساڵێک لەگەڵ ئیبن عومەر ژیام نەمبیست حەدیسێک لە پێغەمبەرەوە بگێڕێتەوە".

لە ریوایەتێکدا عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا دەڵێ بە زەیدی کوڕی ئەرقەممان وت: "باسی پێغەمبەرمان بۆ بکە. وتی گەورە بووین و لە بیرمان کرد و قسەکردن لەبارەی پێغەمبەری خواوە سەختە".[٢٥]

ڕێنەدان بە کۆکردنەوەی فەرمووده لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا، لەبەر هەر هۆیەک بووبێ و دواکەوتنی ئەو پرۆسەیە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی و سەدەکانی دواتر، کە بەپێی هەندێ سەرچاوە تا سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچی درێژەی کێشاوە، ناکۆکی و کێشەیەکی زۆری لە نێوەندی فیکری ئیسلامیدا دروست کردووە، کە تا ئێستەیش بەردەوامە.

ئەگەرچی بەگشتی کۆدەنگییەک هەیە لەسەر حوجیەتی سوننە و لە هێزی

شـەرعیـەتدا هیـچی لە قورئان کـەمـتـر نییـە[٢٦]، چەندان حـوکمـی بنـچینـەیی لەسـەر بنیـات نراوە، وەک کـاتەکان و چۆنیـەتی نوێژکـردن و دەسـتنوێژگرتن و ژمـارەی رکـاتەکـان و مـەرجـەکـان، وردەکـارییـەکـانی زەکـاتدان، چۆنیـەتیی مـارەکـردن و تەلاقـدان و تەنانەت هەندێ لـە حـوکـمـەکـانی سـزای یاسـایی (قیسـاس)، وەک رەجمی زیناکـەر و جەلـدی مەیخـۆر و حەرامـیی کۆکردنەوەی ئافـرەت و پووری لە مـاڵی یەک پیـاودا، حـوکـمی لە ئاین وەرگـەڕاو و قەدەخەکردنی ئیمـامەتی گەورە لە ئافرەت و حەرامکردنی بەکارهێنانی زێڕ و ئاوریشم بۆ پیاوان و... هتد.

بەڵام ناکـۆکـیـیـەکی قـووڵ و مـێـژوویی هـەیە لەسـەر ئەو دەقـانەی کـە بە فـەرمـوودەی راسـت دادەنرێن و لێرەیشـەوە جیـاوازیی گەورە لـە ئیـجـتیـهـادە فیـقـهییەکاندا دروست بووە و چەندان مـەزهەب سـەریان هەڵ داوە، کە تەنیا لەنێو ئەهلی سوننە و جەماعەتدا چوار مەزهەبی سەرەکی دروست بوون کە تا ئێستە ماون، جگە لە چەندانی تریش کە لەنێو چوون وەک مەزهەبی موعتەزیلە و خەواریج.

تەنانەت هەندێ تەوژم هەیە کە گومان دەخاتە سـەر کۆی پرۆسەی گێڕانەوە بەو مـیکانزمـەی فـەرمـوودەکـانی پێ نەقڵ بـووە، ئەمـە، وەک دانـەری "تدوین السـنـه" دەڵێ هەر لـە سـەرەتاکـانی مـێـژووی ئیـسـلام و لـە دوا کـاتەکـانی سـەردەمی سـەحـابەدا وەک تاکەکـەس هەبوون و لە کۆتاییی سـەدەی دووەمی کۆچیدا وەک گرووپ دەرکەوتوون و تەنانەت ئیمامی شـافیعی لە کتێبی (جماع العلم) دا وەڵامی داونەتەوە.[٢٧]

بەو واتایەی ئەگـەرچی لە رووی مـەبدەئەوە ئێـمـە پابـەندین بەوەی ملکەچی گـوتەکانی پەیامبـەر بین، بەڵام ئێـمـە نـاتوانین دڵنیـا بین لەوەی ئەو دەقـانەی دوای زیاتر لە سـەدەیەک دەمـاودەمکردن، کە ئەو سـەدەیە پڕ بووە لە کێشـە و ملمـلانێ لە نێـوان گـرووپە دەسـەڵاتدارەکـانی مـێـژووی ئیـسـلامـدا لەسـەر شـەرعیـەت بەخـۆدانی و بـەکارهێنانی دەقـە تەئسـیـسـیـیـەکـان بۆ پچـڕینی شـەرعیەتی ئاینی بۆ تەوژمەکەی خۆی، وەک خۆیان بە ئێمە گەیشـتوون و زۆر

تا کەم دەسکاری نەکراون و قسەی هەڵبەستراویان تێکەڵ نەکراوە، بەتایبەت لە بەشە سیاسییەکەیدا کە ستایشی هەندێ لە هاوەڵانی وەک مەعاویە دەکات، یان ستایشی خەڵکی هەندێ ناوچە دەکا، یان داوای ملکەچکردن بۆ حاکمی فاسق دەکەن.

ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە زانایان ڕێیان بەوە داوە کە حەدیسی لاواز بۆ هاندان و ترساندن (تەرغیب و تەرهیب) بەکار بێ، وەک خاوەنی تەفسیری (روح البیان) باسی دەکا، کە زاهیدێک حەدیسی لەبارەی فەزڵی قورئان و سورەتەکانییەوە دادەنا، پێی وترا: بۆ ئەوەت کرد؟ ئەویش دەڵێ: بینیم خەڵک قورئانیان پشتگوێ خستووە، حەزم کرد -بەو فەرمووده دانراوانە لەبارەی فەزڵی قورئانەوە- لای خەڵک شیرینی بکەم، پێیان وت: ئاخر پێغەمبەر وتویەتی هەرکەس بەئەنقەست درۆم بەدەمەوە بکا با شوێنی خۆی لە ئاگردا بگرێ، ئەویش دەڵێ من درۆم بەدەمەوە نەکردوە، بگرە درۆم بۆ کرووە!".[٢٨]

وەک زانراوە جگە لەو شەش سەرچاوەی بە شەش راستەکە (الصحاح الستة) ناسراون، کە فەرموودەکانی بوخاری و موسلیم و ئەبوداود و تەرموزی و نەسائی و ئیبن ماجە دەگرێتەوە و لە نێویاندا، گێڕانەوەکانی بوخاری بەپلەی یەکەم و موسلیم بەپلەی دووەم، هەردووکیان بە(متفق علیە) یان (رواه الشیخان) ناوبراوە، لە سەرچاوە بەهێزەکانن و ئەو چوارەکەی تر بەزنجیرە بەدوایاندا دێن لە بەهێزی و پەسەندیدا[٢٩]، بەڵام چەندەها سەرچاوەی تریش هەن کە زانایان پشت بە فەرموودەکانیان دەبەستن وەک ئیمام ئەحمەد و بەیهەقی و ئەلحاکیم و تەبەرانی و دار ئەلقوتنی و ئیبن عەساکیر و ئیبن ئەلجەوزی ئیبن حەبان و دارمی و دەیلەمی و چەندانی تر و بەکۆی هەموویان ژمارەی فەرموودەکان سەدان هەزار دەبێ، کە دیارە هەندێکیان دووبارە و گێڕانەوەی جیاوازی هەمان دەقن.

ئەم ژمارە زۆرە بارگرانی و ئاڵۆزییەکی گەورەی بۆ هۆش و خەیاڵ و زاکیرەی ئیسلامی دروست کردووە، لە بارێکدا قورئان خۆی ناگاتە ٧ هەزار ئایەت.

ئەمە جگە لەوەی مەزهەبی شیعەیش لە نیوەی یەكەمی سەدەی یەكەمی كۆچیدا لە دژی مەزهەبی سوننە سەری هەڵدا كە لە رووی سەرچاوەكانی سوننە و ناكۆكیی قووڵ و یەكلاكەرەوەی لەگەڵ ئەهلی سوننە هەیە. كە ئەمانە گومانیان لە باوەڕی زۆر لە هاوەڵان هەیە و ریوایەتەكانیان پەسەند ناكەن.(٣٠)

زانایانی فەرمـوودەی ئەهلی سـوننە خـۆیشـیـان دان بە ئەو كەلەبەرانەدا دەنێن كە لە میكانیزمی گەیاندن و سەلماندنی راستیی دەقی فەرموودەكاندا هەیە، كە هەرچۆن بۆی بچی لەوە دەرناچێ پێوەرەكان پێوەری مرۆڤكردن و بەم یان بەو رێژە لە پێكانی جەرگەی راستیی شتەكان لادەدا.

بۆ نموونە هەر خـودی ئەو پێـوەرانەی زانایانی فـەرمـووده بۆ جـەرح و تەعدیلی گێڕەرەوەكان دایان ناوە قسە هەڵدەگرن، چونكە ئەوان زیاتر پێوەری متمانە+ لەبیرنەچوونیان بۆ پیاوەكان داناوە تا متمانە بە گێڕانەوەكانیان بكەن، واتە جێی سیقە بێ و شت لە بیر نەكات، ئەمەیش بەچی دەزانرێ دوای تێپەڕینی سەد ساڵ و زیاتر؟ دیارە هەر بەقسە و شایەتیی كۆمەڵێ خەڵكی تر لەسەر ئەو پیاوانە كە تەزكییەیان بكەن بەوەی جێی سیقە و بیرتیژن.

كەواتە لێرەدا ئێمە سەرەتا دەبێ متمانە بە كۆمەڵە شایەتێك بكەین كە شایەتیمان بۆ بدەن فلان و فیسار گێڕەرەوە سیقە و بیرتیژن. خۆ ئەگەر متمانەمان بەجێ متمانەیی شایەتەكانیش كرد چۆن دڵنیا بین لەوەی هەڵسەنگاندنەكانیان بۆ ئەو كەسانە دروست بووە و پێكاویەتی، لە كاتێكدا خوای گەورە دەفەرموێ" فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى {النجم/٣٢} " واتە خۆتان تەزكییە مەكەن، خوا چاكتر دەزانێ كێ بە تەقواترە. ئایا هێندە ئاسانە مرۆڤ تەزكیەی ئیمان و بیرتیژیی كەسێك بكات؟

ئەگەر ئەوەیشمان سەلماند و تێمان پەڕاند، ئەی چۆن پاساوی جیاوازیی بۆچوونی زاناكان لەسەر هەمان راوی بدەین و باوەڕ بە قسەی كامیان بكەین؟ دەبینی گێڕانەوەی پیاوێك لای ئیمامێك پەسەندە و فەرمودەكەی بە راست دادەنێ، كەچی لای یەكێكی تر ئەو پیاوە بە "بێ متمانە" و "درۆزن" و "قسەهەڵبەست" دادەنرێ و فەرمودەكەی رەت دەكرێتەوە.

شێخ محەمەد بن تاهیری مەقدیسی لە لا١١-١٢ی کتێبی "شروط الائمة الستة"دا ئاماژە بەوە دەدا کە "موسلیم هەندێ فەرموودەی هێناوە کە بوخاری لەبەر گومانێک کە کەوتبووە دڵی لەبارەی راویەکانیانەوە، وازی لێ هێنابوون"(٣١)

هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێ "مەرجی ئیمام ئەحمەد -کوڕی حەنبەل بۆ وەرگرتنی فەرموودە لە راویەکانەوە- لە مەسنەدەکەیدا بەهێزتر بوو لە مەرجی ئەبوداود لە سونەنەکەیدا، ئەبوداود _فەرموودەی- لە هەندێ پیاو وەرگرتووە کە ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا پشتی تێ کردوون، لەبەرئەوە ئیمام ئەحمەد لە راویەکی وەرنەگرتووە کە زانیویەتی درۆ دەکا، وەک محەمەدی کوڕی سەعیدی مەسڵوب و هاوشێوەکانی، بەڵام لەوانەیە لە کەسێکەوە وەری گرتبێ کە بەهۆی لاوازیی توانای لەبەرکردنیەوە بە لاواز دانراوە".(٣٢)

دەیان فەرموودە هەیە لەنێو سەرچاوەکانی فەرموودە لای ئەهلی سوننە کە باس لە هاتنی محەمەدی مەهدی دەکەن، کەچی ئیبن خەلدون لە "المقدمة"کەیدا هەموو ئەو فەرموودانە بە لاواز دادەنێ و سەرجەم دەگاتە ئەوەی نکوڵی لە روودانی شتێکی وا بکا.(٣٣)

عەلامە و فەیلەسووفێکی وەک ئیمامی غەزالی لە کتێبە بەناوبانگەی "احیاء علوم الدین"دا بەبێ سڵەمینەوە و بەبێ لە تەتەڵەدان سەدان و هەزاران فەرموودەی بەکار هێناوە و کردونیەتییە سەرچاوەی بیرۆکەکانی، کە لەلایەن سەرچاوە موعتەبەرەکانی فەرموودەوە بە لاواز و دانراو لە قەڵەم دراون.(٣٤)،

کاتێ کتێبی ئیحیاکەی غەزالی، کە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە، لە پەراوێزدا فەرموودە بەکارهاتووەکانی ناوی ساغ کراونەتەوە و بەهێز و لاوازیان دەستنیشان کراوە، سەرت سوڕ دەمێنێ چۆن زانایەکی وا گەورە بەو شێوەیە داویەتیە بەر و بەبێ لە تەتەڵەدان ئەو سەدان فەرموودە لاوازەی بەکار هێناوە.

ئەگەر ئەمە حاڵی گەورە عارف و زانا و فەیلەسووفێکی وەک غەزالی بووبێ، ئیتر تێ دەگەین چ ئیشکالیەتێک لە دنیای فەرموودەکانەوە روو لە هزر و بیری

موسڵمان دەکا.

هەر لە سەرەتای کۆکردنەوەی فەرمووودەوە پرۆسەی لە تەتەڵەدانی فەرموودەکان دەستی پێ کردووە و زانایانی فەرموودە هەزاران فەرموودەیان بە لاواز و دانراو داناوە.[٣٥]

بەڵام ئەو پرۆسە رەخنەگرانەیە ئێستە تا رادەیەکی زۆر بووەتە بڤە و دەست بۆ بردنی قەدەخە یان نیمچە قەدەخەیە، بە پاساوی ئەوەی لەوە باشترمان پێ ناکرێ کە سەلەفی ساڵح کردوویانە، ئەمەیش لۆجیکێکە رەواییی خۆی تەنیا لە چەقبەستوویی هزر و بەپیرۆزکردنی رابردوو وەردەگرێ، نەک لە جەوهەری یەکەمی ئاین.

ئەگینا- وەک عەبدولجەواد یاسین دەڵێ- زیاتر لە سەد ساڵ لە سەرەتای ئیسلام تێپەڕیوە هیچکام لەو سەرچاوانەی فەرموودە کە ئێستە هەن نەبوون و موسڵمانانیش کاروباری ئاینیی خۆیانیان بەڕێوە بردووە[٣٦]. دواتر کە دەماودەم بە زیاد و کەمکردنێکی زۆرەوە گوێزراونەتەوە مافی هەموو نەوەیەکی موسڵمانە، کە قبووڵ نەکات گوتەی ئەم و ئەو بەناوی گوتەی وەرگری وەحییەوە وەک پەیامی ئاین بەسەریدا بسەپێنرێ بەبێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێ قسەیان تێدا بکا.

مافی هەموو موسڵمانێکە، کە پابەندە بەوەی شوێنکەوتەی ئاینەکەی بێ، دڵنیا بێ لە راستیی ئەو فەرموودانەی بەناوی گوتەی پێغەمبەرەوە پێی گەیشتوون و رەوا نییە ئەو مافە بۆ نەوەکانی هەزار ساڵ لەمەوبەر رەوا بێ و بۆ نەوەی سەدەی بیست و یەک رەوا نەبێ، چونکە "قبووڵکردنی فەرموودە ناڕاستەکان شتێک دێنێتە نێو ئاینەوە کە لە ئاین نییە".[٣٧]

بەپێچەوانەوە مافی خۆیەتی بە گوێرەی مەنتیقی باوی سەردەمەکەی و ئاستی بیرکردنەوەی، لە سەرجەم ئەو دەقانە رامێنێ و لەژێر تیشکی سەرچاوەی یەکەم و سەرەکیی وەحیدا کە قورئانە، لە بێژنگیان بداتەوە.

ئەوەتا کاتێ خاتوو عائیشە حەدیسی "مردوو بە گریانی کەسوکارەکەی

سزا دەدرێ" دەبیستێ، نکوڵی لێ دەکات و سوێند دەخوات کە پێغەمبەر شتی وای نەوتووە و دەڵێ "ئێوە لە کوێن لە فەرمـوودەی خوا کـە دەفەرمـووێ "ولاتزر وازرە وزر اخری"، واتە: کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ.

مـحەمـەد غـەزالی دوای باسکردنی ئەم بەسـەرهاتەی عـائیشـە، دەڵێ "لەگەڵ ئەوەی ئەم فـەرمـوودەیە لەلایەن عـائیشـەوە رەت کراوەتەوە، کـەچی لە کتێـبە سەحیحەکانی فەرموودەدا هەر جێگیر کراوە".(٣٨)

ئەگەرچی دەوترێ پێویستـە فـەرمـوودەی سـەحیح بەکـار بێ، بەڵام لەلایەک بەهۆی گـۆڕانی باری راسـتیی حـەدیسـەکـان لە زانایەکـەوە بۆ یەکـێکی تر و هـەروەها بەهۆی پێویسـتیـیەکانی توێژەر و وتـاربێژەکان بە فـەرمـوودەکـانی تایبـەت بە بـوارێکی تایبـەتی، هـەروەها بەهۆی فـراوانیی دنیـای فـەرمـوودە و زۆریی ژمـارەکـانیـان و ئەسـتـەمـیی لێک جـیاکـردنەوەی راسـت و ناڕاسـت و پلەکانیان لەلایەن هەموو وتاربێژ و بانگخواز و توێژەرێکەوە، لەبەرئەوە دەبینی دەیان و سـەدان فـەرمـوودە تا رادەی بەناوبانگبـوون لەلایەن وتـاربێـژەکـان و تەنانەت توێژەر و بیرمـەندەکـانیشـەوە بۆ گەڵاڵەکردنی تیـۆرەکـانیـان و پشت ئەسـتـوورکـردنی بیر و ڕاکانیـان بەکاریان دێن، کەچی زۆرێک لەوانە دانراو یاخۆ لاوازن.

***

ئەوەی لێـرەدا و بۆ ئەم بابەتەی ئێـمە مـەبەسـتە ئەوەیە، ئایا وتاربێـژەکان لەناو ئەم مشتومڕ و ناکۆکییە قووڵەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ فەرموودەکان دەکەن کە چەندان جۆر و ئاسـتیـان هەیە و ناکۆکیی لەبارەیانەوە هەیە، بەتایبەت کە هەندێ لە فـەرمـوودەکـان واتای نامـۆ بەدەسـتـەوە دەدەن؟ ئایا ئـەوان لە وتارەکانیاندا تەنیا فەرموودە ڕاستەکان بەکار دێن یان بەپێی پێویستیی بابەتی وتارەکانیان هەڵدەبژێرن و گوێ بە پلەی راستییەکەی نادەن؟.

لەبەرئەوە ئێـمە چاوەڕێ ناکەین وتاربێـژەکان، کە زۆرێکیـان لە سـەرەتای تەمـەنی گەنجێتیدان و تفاقی زانستییان کەمە، بەو ئەرکە هەستن و شـەن و کەوی هـەمـوو فەرمـوودەکانی نێـو سـەرچاوە ئیسـلامـییـەکان بکەن، لێرەوە

زۆرجار وتاربێژەکان، دیارە نەک تەنیا لە کوردستان، بۆ بەهێزکردنی کاریگەریی وتارەکانیان سڵ ناکەنەوە لەوەی تەنانەت فەرموودەی لاوازیش بەکار بێنن.

لەم دواییەدا لە سایتێکی ئینتەرنێت کتیبێکم دابەزاند بەناونیشانی "مئة حديث من الاحاديث الضعيفة و الموضوعة وهي منتشرة بين الخطباء و الوعاظ" واتە ١٠٠ فەرمووده لاواز و هەڵبەستراو کە لەنێو وتاربێژ و مۆچیاریکارەکاندا بڵاون، کە هەندێکیان هەر بە راستی زۆر بەناوبانگن لەوانە:

* من لم تنهه صلاته عن الفحشاء والمنكر، لم يزدد من الله إلا بعداً.
* إياكم وخضراءُ الدِّمن فقيل: ما خضراء الدِّمن؟ قال المرأةُ الحسناء في المنبت السوء.
* من حج، فزار قبري بعد موتي، كان كمن زارني في حياتي.
* اختلاف أمتي رحمة.
* أدَّبني ربي. فأحسن تأديبي.
* الناس كلهم موتى إلا العالمون، والعالمون كلهم هلكى إلا العاملون والعاملون كلهم غرقى إلا المخلصون والمخلصون على خطر عظيم.
* أنا عربي والقرآن عربي ولسان أهل الجنة عربي.
* صوموا تصحوا.
* لولاك ما خلقت الدنيا.
* المتمسك بسنتي عند فساد أمتي له أجر شهيد.
* الأقربون أولى بالمعروف.
* خير الأسماء ما عبِّد وما حمِّد.
* النظرة سهم من سهام إبليس من تركها خوفاً من الله آتاه الله إيماناً يجد حلاوته في قلبه.

* ليس الإيمان بالتمني ولا بالتحلي، ولكن ما وقر في القلب وصدقه الفعل.

* رجعنا من الجهاد الأصغر إلى الأكبر.

* أبغض الحلال إلى الله الطلاق.

* إياكم والحسد فإن الحسد يأكل الحسنات كما تأكل النار الحطب.

* الحكمة ضالة كل حكيم ، فإذا وجدها فهو أحق بها.

رۆژانە ئەم فەرموودانە و چەندانی تر لە وتارەکاندا بەکار دێن و دەبنە پێکهێنەری عەقڵی ئاینیی ئێمە، کەچی دواتر دەردەکەوێ زۆرێکیان دانراون یان گومان لە راستییاندا هەیە. ئاخر رەوا نییە قسەی ئەم و ئەو بەقسەی وەرگری وەحی دابنرێ و لێیان بکرێتە دین، کە نەتوانن رەخنەی لێ بگرن، یان پیچەوانەی بجووڵێنەوە.

لەم رۆژانەدا کچەکەم کە لە قۆناخی سەرەتاییە، لە قوتابخانە هاتەوە وتی "باوکە مامۆستاکەمان وتویەتی خوا ئەم دنیایەی لەبەر خاتری پێغەمبەر دروست کردووە، راست دەکا؟".

وەک دەبینی ئەوە هەمان فەرموودەی "لولاك لولاك لما خلقت الافلاك"ە کە دانراوییەکەی بەناوبانگە، کەچی مامۆستای قوتابخانە دەیکاتە بەشێک لە رۆشنبیریی ئاینیی قوتابییان.

من لێرەدا خۆم بە ئەهلی ئەوە نازانم بڕیار لەسەر راستی و ناڕاستی فەرموود بدەم، ناشتوانم لە خۆمەوە تانە لە راستیی هەر فەرموودەیەک بدەم کە زاناکان بەپێی میکانیزمی پەسەندکردنی سەنەدی راوییەکان بە راستیان داناون، بەڵام ناتوانم لە ئاست واتای غەریبی هەندێ لەو دەقانەی بە فەرمووده ناسراون و سەنەدەکەیشیان پەسەند کراوە پرسیار نەکەم، کە وردکردنەوەیان مانای وا بەدەستەوە دەدا کە جێی سەرسوڕمانە و مرۆڤی بیرکەرەوە ناچارە هەڵوەستەی رەخنەگرانەی لە ئاستدا بکات و گومان لە راستیی گێڕانەوەکە بکا.

**چەند نموونەیەک:**

* لە ٢٦-١٠-٢٠٠١ وتاربێژی مزگەوتێک وتی: "پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ: هەر کەس رۆژووی نیوەی شەعبان بگرێ پاداشتی ١٢ هەزار شەهیدی بۆ دەنووسرێ".

* هەر هەمان وتارخوین لە ١٨-١٠-٢٠٠٢ وتی "لە حەدیسدا هاتووە هەر کەس (١١ و ١٣و ١٥)ی شەعبان بەرۆژوو بێ ئەجری ٧٠ پێغەمبەری هەیە و ئەگەر لەو ساڵەدا بمرێ بە شەهید حسێبە".

ئایا راستە گرتنی رۆژوویەکی ئارەزوومەندانە پاداشتی ٧٠ پێغەمبەر، یان ١٢ هەزار شەهیدی هەیە؟

* لە وتاری هەینیی رۆژی ١١-١٢-٢٠٠٩ وتاربێژێک گێڕایەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ هەر کەس ٤ رکات نوێژی سوننەت پێش نوێژی نیوەڕۆ و ٤ رکات دوای نوێژ بکات خوا جەستەی لە جەهەننەم حەرام دەکات".

دیارە هاوشێوەی ئەم حەدیسە زۆرن کە باس لەوە دەکەن ئەگەر فلان کردەوە بکەیت خوا لە جەهەننەم دەتپارێزێ، بەڵام ئەگەر راست بێ بەو کارە مرۆڤ جەستەی لە جەهەننەم حەرام بکرێ، کەوابێ ئیتر با مرۆڤ ئەوە بەرێکوپێکی بکا و هیچی تر نەکات، بەڵام ئایا ئەمە دەبێ؟ بێگومان نابێ و کەس ناتوانێ ئەو قسەیە پەسەند بکا. کەوابێ دەبێ ناتەواوی و ناوردییەک لە مەتنی ئەو فەرموودەیە روودابێ، ئەگینا تووشی نەسازیی (تناقض) دەبین.

* لە ٢٦-١٠-٢٠٠١ وتاربێژی مزگەوتێکی هەولێر گوتی "پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ هەر کەس رۆژی نیوەی شەعبان بە رۆژوو بێ پاداشتی ١٢ هەزار شەهیدی بۆ دەنووسرێ، لە گوناهەکانی پاک دەبێتەوە وەک ئەو رۆژەی لەدایک بووە بۆ ماوەی ٨٠ رۆژ".

* هەمان خەتیب هەینیی پێشتر وتی "پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ هەر کەس ٦ رۆژ لە مانگی رەجەب بگرێ وەک ئەوەیە هەزار حەج و عومرەی کردبێ".

* له ١٦-١-٢٠٠٩يش خەتیبێک دەیوت بەپێی حەدیس هەر کەسێک ڕۆژی ١٠ جار سورەتی ئیخلاس بخوێنێ کۆشکێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێ و هەر کەس جارێک بڵێ "سبحان الله والحمدلله ولااله الا الله والله اکبر" درەختێکی لە بەهەشتدا دەدرێتێ.

هەندێ فەرمووده کە باس لە پاداشتی ئەم یان ئەو کردەوەی خێر دەکەن، ئەگەر وردیان بکەیتەوە تووشی بنبەستی بیرکردنەوە دەبیت، چونکە بەپێی ئەم فەرمودەیەی دوایی بێ، مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ملیۆنان درەخت لە بەهەشتدا، واتە وێنەکە هەندێ جیدیەت لەدەست دەدا.

هەروەها هەندێ فەرموده هەن، کە سەنەدەکەیشیان پەسەند کراوە، بەڵام واتا ڕاستەوخۆکانیان ئاکامی ترسناک و ناکۆک لەگەڵ هەندێ بنەمای تری جێگیری ئایندا بەدەستەوە دەدەن، ئەوەیش زانا و توێژەرانی ناچار کردووە تەئویلی جۆراوجۆر بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ناکۆکییە بکەن. لەوانە:

* ئەو فەرموودەیەی باسی شیرپێدانی گەورە (ارضاع الکبیر)[٣٩] دەکات، کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا هەرایەکی لە میسر نایەوە دوای ئەوەی شێخ عیزەت ئەلعەتیە سەرۆکی بەشی فەرمووده لە کۆلێجی ئوسوڵ دینی زانکۆی ئەزهەر، بەپشتبەستن بەو فەرموودەیە فتوای دا کە دروستە ئەو ژن و پیاوانەی لە ژوورێکدا بەتەنیا پێکەوەن، ژنەکە چەند جارێک مەمک بداتە پیاوەکە بەوە دەبنە مەحرەم و مەترسی خولوه (واتە بەتەنیا پێکەوەبوون) نامێنێ.

ئەمە لە کوێ و ئەو هەموو حوکمە توندگیرانە لە کوێ کە تەنانەت دەستدانی ژن و پیاوی نامەحرەم بە حەرام دادەنێن.

* یەکێکی تر لەو فەرموودانە بریتییە لە فەرمودەی "من بدل دینه فاقتلوه"[٤٠]، واتە "هەر کەس ئاینی خۆی گۆڕی بیکوژن"، کە بەپێی ئەم فەرموودەیە هەر کەس لە باوک و دایکێکی موسڵمان بوو، دواتر شوێن ئاینێکی تر کەوت، یان وازهێنانی لە ئیسلام ڕاگەیاند فتوای کوشتنی دەدرێ، ئەوەیش لەگەڵ

ئایەتی"لااکراه في الدین"دا ناکۆک دەوەستێتەوە، کە واتای "زۆرلێکردن لە دیندا نییە" دەگەیەنێ.

ئەگەر تۆ مافی ئاینگۆڕینت نەبوو مانای وایە زۆرت لێ کراوە ئاینێک قبووڵ بکەیت کە باوەڕت پێی نییە، ئەوەیش لەگەڵ بنەمای ئازادیی بیروباوەڕ و ئایندا کە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە مادەی ١٨دا جێگیری کردووە ناکۆک دەبێ (٤١)، هاوکات هەندێ لە نەیارانن دەیکەنە بەڵگەی ئەوەی ئیسلام باوەڕی بە ئازادیی بیروباوەڕ نییە و بەزۆر ئیسلام بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم قسەیە هەندێ لە توێژەرانی ئیسلامی فەرموودەکەیان بەستووە بە دۆخی شەڕەوە و دەڵێن "کوشتنی مورتەد لەبەر کوفرەکەی نییە، بگرە لەبەر چوونیەتی بۆ بەرەی شەڕ لە دژی موسڵمانان"، واتە کاتێک دەکوژرێ کە وەرگەڕانەکەی بەشێک بێ لە خیانەتی سیاسی.

بیرمەندی ئیسلامیی میسری محەمەد سەلیم ئەلعەوا دەڵێ "لە ئاین وەرگەڕان (ردە) تاوانێکی سیاسییە، کە لە یاخیبوونی چەکداری لە دەوڵەتێکی دادپەروەردا خۆی دەبینێتەوە".(٤٢)

شێخ یوسف قەرەزاوی سەرۆکی یەکەتی زانایانی موسڵمانی جیهانی مەرجی کوشتنی وەرگەڕاو بەوەوە دەبەستێتەوە کە ئەو کەسە "لە ئیسلام دەرچێ دوای هاتنە ناوی و ئەو دەرچوونەیشی رابگەیەنێ، وەک تەحەدییەک بۆ کۆمەڵی موسڵمان"، ئەویش بە پشتبەستن بەو حەدیسەی کە دەڵێ "لایحل دم امريء مسلم الا باحدى ثلاث،... والتارك لدينه المفارق للجماعة".(٤٣)

***

* یەکێکی تر ئەو فەرموودەیەیە کە دەڵێ "لایفلح قوم ولوا امرهم امراة"(٤٤)، ئەمەیش کراوەتە بناخە بۆ قەدەغەکردنی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت لەلایەن ئافرەتانەوە، بەبێ لە بەرچاوگرتنی تواناکانی ئەو ئافرەتە، ئەمە لە کاتێکدا قورئان لە باسکردنی بەلقیسی شای سەبەئدا نەک تانە لە

وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن ئافرەتێکەوە نادا، بگرە وەک پاشایەکی ژیر و بەسەلیقە و دیموکرات دەیخاتە روو، کە بۆ چارەسەری کێشەکانی پرسی بە ستافی کابینەکەی دەکا (سورەتی النمل ٢٢-٣٥).

حوکمی ئەم حەدیسە لەلایەن هەندێ لە توێژەرانەوە سنووردار کراوە بە حاڵەتێکی تایبەت، بەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئەم قسەیەی لە باسکردنی شای فارسەکانەوە کردووە و مەرج نییە بکرێتە قاعیدە بۆ هەموو ئافرەتێک.

* یان ئەو فەرموودەیەی کە باس لەوە دەکات شەیتان ناتوانێ بچێتە وێنەی پێغەمبەرەوە (د.خ) و هەرکەس پێغەمبەری لە خەوندا بینی ئەوە بەراستی ئەوی بینیوە، "من راني في المنام فسيراني في اليقظه-او كانما راني في اليقةّ- لايتمثل الشيطان بي". متفق عليه.(٤٥)

ئەمەیش ئیشکالێکی گەورەی دروست کردووە، چونکە رۆژانە دەیان خەڵک باس لەوە دەکەن کە پێغەمبەریان لە خەوندا دیوە، هەریەکەشیان سەروسیمایەکی جیاواز لەوتیری دیوە، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی فەرموودەکە دەبێ هەمان سیما و کەس بێتە خەونی هەمووان.

لە ٢٧-١٢-٢٠٠٠ لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا ئەو پرسیارەیان لە مامۆستایەکی ئاینی کرد، بەوە وەڵامی دایەوە کە دەبێ ئەو کەسەی دەبینرێ سیمای لەگەڵ ئەو سیفەتانەدا یەک بگرێتەوە کە لە کتێبی وەسفەکانی پێغەمبەر (اوصاف النبي)دا هاتووە.

ئەم لێکدانەوەیە تەنیا راڤەیەکە بۆ خۆقوتارکردن لە پرسیارەکە، ئەگینا دەقی فەرموودەکە وا ناڵێ، چونکە بەپێی ئەو وەڵامە بێ هەندێ لەو وێنانەی لە کەسایەتیی پێغەمبەردا دێنە خەوی مرۆڤ وێنەی راستەقینەی ئەو نین، واتە چەند وێنەیەک هەیە، لە کاتێکدا بەپێی فەرموودەکە هەر کەس پێغەمبەری لە خەودا دی ئەوە ئەوی دیوە.

ئەمانە و چەندان فەرمودەی تر، کە مانا راستەوخۆکانیان مرۆڤ دەخەنە گێژاوەوە، وەک هەندێ فەرمووده کە نوێژنەکەر بە کافر دادەنێ، لەوانە "من

ترك صلاة العصر فقد حبط عمله" "ان بين الرجل و بين الشرك و الكفر ترك الصلاة" "العهد الذي بيننا و بينهم الصلاة، فمن تركها فقد كفر"[٤٦].

بەپێی ئەم فەرموودانە نوێژنەکردن مرۆڤ کافر دەکات، لە کاتێکدا دەیان هەزار موسڵمان نوێژ ناکەن و هیچ زانایەکیش ئامادە نییە بڵێ ئەوانە کافر بوون، خەواریج نەبێ کاتی خۆی پێیان وا بووە موسڵمان بە ئەنجامدانی گوناهە گەورەکان(واتە کەبائیر) کافر دەبێ.[٤٧]

## سیاسەت و گرووپگەرایی

**بەحزبیکردنی ئاین:**

ئەگەر سیاسەت واتای "گرینگیدان بە کاروباری گشتی و بەڕێوەبردنی وڵات" بێ، ئەوە هەموو کەس، ئاینی و نائاینی، مافی هەیە قسە و دەوری لەو بوارەدا هەبێ (من لم یهتم بامر المسلمین فلیس منهم).

هەر وەک بە حوکمی ئەوەی کارەکتەری سەرەکی چالاکیە سیاسییەکان لە وڵاتی ئێمەدا حزبەکانن و هێشتا تاک نەیتوانیوە ببێتە رەقەمێک کە بتوانێ جێپەنجەی خۆی لەو دنیایەدا بچەسپێنێ ، ئاساییە کە مامۆستایانی ئاینیش ئینتیمایان بۆ هەر حزبێک هەبێ کە بڕوایان بە پێڕەو پرۆگرامی هەیە. ئەوە مافێکی سەرەتاییی هاوڵاتیبوونیانە و کەس ناتوانێ لێیان زەوت بکا.

بەڵام ئاین و شوێنە ئاینییەکان سەرمایەیەکی مەعنەویی نیشتمانین، نابێ بخرێنە خزمەت حزب و رەوت و تەوژم و ئاراستە و بەرژەوەندیی گرووپێکی نەتەوەیی، مەزهەبی، حزبیی تایبەتەوە.

لەبەرئەوە مەرجە ئینتیمای حزبی و ئایدیۆلۆجیی وتاربێژ لە وتارەکانیدا رەنگ نەداتەوە، چونکە ئەو کاتە مزگەوتەکان بەسەر حزب و تەوژمەکاندا دابەش دەبن و ئەو پاکیزەییە لەدەست دەدەن کە هەموو کەس و لە هەموو رەوت و ئاراستەیەک بەبێ سڵەمینەوە بۆ نوێژ و جومعە روویان تێ بکەن.

لە هەندێ ناوچەی کوردستان خەڵکەکە و مزگەوتەکان بەسەر حزبەکاندا دابەش بوون، دەبینی وتاربێژێک ئەندام یان هەواداری فلان حزبە، لایەنگرانی ئەو حزبە لەوێ نوێژی هەینی دەکەن، وتاربێژێکی تر لایەنگری حزبێکی ترە لایەنگرانی ئەو حزبەیش لەو مزگەوتە جومعە دەکەن. هەندێ جار شێوازی

ڕێوڕەسمەکانی نوێژی هەینیشیان جیا دەکەنەوە.(ئەمەم بە کردەوە لە هەندێ ناوچەی کوردستان دیوە).

ئەز وای دەبینم بۆ زانایانی ئاینی دروستتر و جوانتر دەبوو ئەگەر لە دەرەوەی پرۆسەی حزبایەتیکردنەوە بمابان و نەبوونایەتە بەشێک لە هێز و دامەزراوەکانی حزبە نەتەوەیی و ئیسلامییە ناکۆکەکانی کوردستان و بە ئەرکی گەیاندنی پەیامی ئیسلامەتییەوە خەریک بوونایە، چونکە ئەوان بە دەقی فەرمووده میراتگری پێغەمبەرانن و ناکرێ میراتگرانی ئەو زاتانە بەسەر حزبەکاندا دابەش بن و هەر یەکەیان دەقەکانی ئاینەکە بەپێی بەرژەوەندیی حزبەکەی لێک بداتەوە.

لەم بارەدا ئاینەکە دەبێتە خزمەتکاری حزب، لە کاتێکدا هەموولا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاین لە سەروو هەمووانەوەیە.

حزبایەتیکردن شەڕی بەرژەوەندی و بردنەوەی پلە و پایە و کورسییە و لەو ڕێیەشدا حزبەکان بەردەوام دەکەونە هەڵەوە، ئەمە بەشێکە لە سروشتی کارەکە.

بابای زانای ئاینیی سەر بە حزبیش ناچارە لە هەموو قۆناخ و هەڵەکاندا بەرگری لە سیاسەتی حزبەکە بکات و پاساو بۆ هەڵەکانی بێنێتەوە، واتە حزب دەستە چەورەکەی بەوانیشدا دەسڕێ، ئەمە لە بارێکدایە کە لە کوردەوایدا مەلا هێندە بە کەسێکی پاک و بێ هەڵە ناوی چووە کە وەک پەند دەوترێ "مەلایش هەڵە دەکات". یان دەوترێ "پارە بدە و مەلا لە مزگەوت بێنە دەر" واتە لە خەیاڵگەی کوردیدا مەلا دواین کەسە کە ڕەنگە هەڵە بکات یان بکرێ بە پارە فریو بدرێ.

کەچی وا دەبینین لایەنگرانی حزبێک متمانەیان بە زانا ئاینییەکانی سەر بە حزبەکەی خۆیان هەیە، بەڵام بەچاوی گومان و لە ڕوانگەیەکی حزبییەوە بۆ زانا ئاینییەکانی سەر بە حزبەکانی تر دەڕوانن و ئەو ڕێز و حورمەتەیان لێنانێن کە لەوانەی خۆیان دەنێن، ئەمە لە کاتێکدا هەردووک زانا و هەڵگری

هەمان پەیامن. دیارە لەوەدا زاناکان خۆیشیان پشکی بەرپرسیاریەتییان بەردەکەوێ.

خۆ ئەگەر زاناکان خۆیان لە ململانە حزبییەکانەوە نەگلاندایە و نەبوونایەتە بەشێک لە حزبەکان، جا عەلمانی بن یان ئیسلامی، ئەوا جێی ڕێزی هەموو لایەک دەبوون و بەو شێوەیە خەڵک ئەوانی بە نوێنەری ڕاستی دەزانێ و لە کێشە و قەیرانەکاندا گوێی بۆ بۆچوونەکانیان دەگرت، بەمە هەم خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکیان بەگشتی مسۆگەر دەکرد، هەم خۆیان و ئاینەکەیان لە چڵک و چەپەڵییەکانی دنیای سیاسەت بەدوور دەگرت، هەمیش دەیانتوانی چاودێرێکی بەهێز و قسەبیستراو بن بەسەر دەسەڵات و حزبەکانەوە و لە کاتی کێش و قەیران و مشتومڕەکاندا بە ئاراستەی دروست پاڵپەستۆیان بخستایەتە سەر حزب و دەسەڵات، ئەوانیش نەیاندەتوانی بەئاسانی ئەو پاڵپەستۆیە پشتگوێ بخەن.

بەڵام بەداخەوە ئەوە نەکرا و زاناکان بەسەر حزبەکاندا دابەش بوون، زۆر لە مەلاکان لە باتی ئەوەی گوێ بۆ گیراو و مامۆستا بن، بوونە کادیری فەرمانبەرداری حزبەکان، بوونە بەشێک لە ئامرازەکانی حزب لە ململانێ و شەڕەکانیاندا و لە کاتی دابەشبوونی حزبەکاندا ئەوانیش وەک ڕێکخراوەکانی هونەرمەندان و قوتابییان و ئەندازیاران و وەرزشکارانی حزبەکان دابەش بوون. بەوە هەریەکەیان بوونە مەلای لایەنگرانی حزبەکانی خۆیان، نەک مەلای گشت موسڵمانان.

**بەنەتەوەییکردنی ئاین:**

هەمان پێناسە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەسەر دەمارگیریی نەتەوەیی و مەزهەبیی زانا ئاینییەکانی نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکاندا دەچەسپێ، ئەویش کاتێ مەلا و ئایەتوڵاکانی نەتەوەکان لە بری کارکردن بۆ بەرجەستکردنی پەیامی بان -نەتەوە و بان- مەزهەبی ئاین، دەبنە پاسەوانی سەرسەختی گرووپە ئەتنی و مەزهەبییەکانیان و هەوڵیش دەدەن ئاین بەو

شێوە بخوێننەوە، کە شەرعیەت بەو ئیختیارەیان بدا.

مەلای کورد و عەرەب و تورکمان، هەوڵ دەدا ئاین لە بەرگی نەتەوەکەی خۆیدا بخاتە روو و دەقەکانی بۆ دۆزینەوەی رەوایەتیی بانگەشە نەتەوەییەکانی بەکار بێنێ. لەنێو مەزهەبی شیعە و سوننەیشدا بە هەمان شێوە.

ئەز پێم وایە وێرای هەموو هەوڵەکان بۆ بەنەتەوەییکردنی ئاین لەلایەن ئەم یان ئەو نەتەوەوە، کە زیاتر ئامانجێکی سیاسی لە پشتەوەیە، پێم وایە ئیسلام پەیامێکی بان نەتەوە و حزب و مەزهەبە.

هیچ ئاینێکی جیهانی ئاینێکی نەتەوەیی نییە وەک چۆن هیچ فیکرێکی جیهانی نابێتە فیکرێکی نەتەوەیی. ئەگەر ئیسلام ئاینێکی نەتەوەیی بێ دەبێ ئاینێکی عەرەبی بێ، نە کوردی یان تورکی یان فارسی، چونکە پێغەمبەرەکەی لە نەتەوەی عەرەبە و کتێبە پیرۆزەکەی بە زمانی عەرەبییە و زمانی عەرەبی زمانی فەرمیی ئاینەکە و دەسەڵاتە مێژووییەکەی بووە بۆ سەدان ساڵ.

بەڵام ئەگەر ئەو ئاینە عەرەبایەتی بکردایە، یان روحێکی نەتەوەیی تێدا بوایە، نەدەبووە ئاینی فارس و تورک و کورد و هیندی و ئەندەنووسی و مالیزی و چینی.

ئەو هەوڵانەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و زانا ئاینییەکانی سەر بە حزبە نەتەوەییە کوردییەکان دەیدەن بۆ بەنەتەوەییکردنی ئاینی ئیسلام، پڕۆژەیەکی سیاسیی حزبییە زیاتر لەوەی پڕۆژەیەکی فیکریی هەڵقوڵاو بێ لە خوێندنەوەی جەوهەری ئیسلام، ئامانجیش شەرعیەتدانە بەو ئایدیۆلۆجیایەی کردوویانەتە مەرجەعی کاری سیاسییان، کە بەلای هەندێ لە ناسیونالستەکانەوە بە پەیامێکی عەرەبگەرای دژ بە کولتوور و ناسنامەی کوردی دادەنێن.

یان هەڵەتێگەیشتنە لە ناسنامەی ئیمپراتۆرییەتە مێژووییەکانی جیهانی ئیسلامی (عەرەبی، تورکی، فارسی)، وەک ئەوەی ئەوان لە ئیسلام پرۆژەیەکی

سیاسی-شارستانی- نەتەوەییيان دامەزراندبێ، ئەمە لە کاتێکدا لەو سەردەمانەدا نەتەوایەتی (ناسیونالیزم) بەو چەمک و مانایەی ئێستە باوە و تەمەنی لە دوو سەدە زیاتر نییە، نەبووە، خۆ ئەگەر بووشبێ لە ئاستێکی عەفەوی و سەرەتاییدا بووە.

تەنانەت ئەگەر واش دابنێین خەلافەتە عەرەبی و تورکی و فارسییەکانی مێژوویش رەنگدانەوە و هەڵگری گیانێکی نەتەوەیی نەتەوە باڵادەستەکانیان بوون، ئەوە مەرج نییە ئەمە بۆ سروشتی ئاینەکە بگێڕینەوە، چونکە ئەو دەسەڵاتانە لە رووی پابەندبوونیان بە وردەکارییەکانی ئاینەوە هێندەش سەرڕاست نەبوون کە هیچ سیاسەت و بڕیار و سیستەمێکی ناشەرعی مومارەسە نەکەن و بە موو لە تەعالیمەکانی ئاینی ئیسلام لانەدەن، بگرە ئەوان بەرژەوەندیی کورسی و دەسەڵاتەکەیان پێوەری یەکەمیان بووە نەک پابەندبوون بە بنەما ئاینی و ئەخلاقییەکانەوە، ئەگەر وا نەبووایە نەیاندەتوانی بەو شێوە بێ رەحمانەیە هاوئاینە رکابەرەکانیان سەرکوت بکەن.

لێرەوە ئاساییە ئەگەر زانیبێتیان نەتەوەگەرایی پێگەکەیان بەهێز دەکات پەنایان بۆ بردبێ، بەڵام ئەز ئەو ئەگەرە بە دوور دەزانم، خۆ ئەگەر وایش بووبێ دەبێ دواین شت باس لە "ئاینیبوون"ی ئەو نەزعەیە بکرێ.

ئەمە نە بەو مانایەی ئیسلام دژی نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەک، بگرە بەو مانایەی ئاین خەمی نەتەوەیی بەو واتایەی لە فەرهەنگی سیاسی و فەلسەفیی ئەمڕۆدا هەیە هەڵنەگرتووە، نەیکردووە بە خەمی خۆی برەو بە زمان و کولتوور و سیاسەت و دەوڵەتی عەرەبی یان کوردی یان فارسی بدا، ئەگەر وای کرد دەبێتە فەلسەفەیەکی ناسیونالیستی پڕ لە ناکۆکیی ناوەخۆیی، چونکە ناکرێ و ناگونجێ منی کورد و ئەوی عەرەب و یەکێکی تری تورک یان فارس، کە سروشت و بەرژەوەندیی جیاواز و ناکۆکمان هەیە، بەپشتبەستن بە هەمان دەق و بنەماکانی ئیسلام نەتەوەگەرایی بکەین.

ئەوە ئیشی نەتەوەکان خۆیانە بەو کارە هەستن و رۆڵی ئیسلام رۆڵێکی کۆکەرەوەیە، بەو واتایەی رێ لەوە بگرێ ئەو نەتەوایەتییە بەرەو نەتەوەپەرستی

و ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیەت بڕوات، بەشێوەیەک من رقم لە عەرەب بێ هەر لەبەرئەوەی عەرەبە و تورک رقی لە کورد بێ هەر لەبەرئەوەی کوردە.

ئالێرەدایە ڕۆڵی ئاینی هاوبەشی نەتەوەکان، کە پردی پێکەوە گرێدان و بۆتەی بەیەکەوەبەسترانی نەتەوە هاوئاینەکانە، نەک ئەوە ئاینەکە خۆی بکرێتە ئامرازێک بۆ شەڕی نەتەوەیی لە دژی هاوئاینێکی تری خۆت لە نەتەوەیەکی تر.

ئەوە کە لە مێژوودا کراوە و عەرەب و فارس و تورک دەوڵەتیان لە سایەی شارستانیەتی ئیسلامیدا دامەزراندووە، بەو مانایە نییە کە فارس ئیسلامی فارساندبێ و تورک تورکاندبێتی، تا ئێمەیش بیکوردێنین.

هێندە هەیە دەکرێ ئێمە بڵێین ئیسلام ڕێگر نییە لەوەی ئێمە کورد بین و کار بۆ نەتەوەی خۆمان بکەین، چونکە دەقێکی لەو جۆرەی تێدا نابینینەوە. بەڵام بۆشمان نییە بەرگێکی کوردی لەبەر بکەین، چونکە بەزۆرەملێ نەبێ ئەوەیش جێی نابێتەوە.

لە دەقە بنچینەییەکانی ئیسلامدا زۆر دەق دەبینین کە باس لە برایەتی و یەکەتیی مرۆڤەکان دەکەن، وەک "وان هذا امتكم امة واحدة" "انما المؤمنون اخوه"، بەڵام دەقێک نادۆزیتەوە ڕاشکاوانە پشتگیری لە نەتەوایەتی بکات، تەنیا ئایەتێک هەبێ ئەوەیە کە دەفەرموێ "وجعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا"، ئەمەیش بە زۆرەملێ نەبێ واتای نوێی نەتەوایەتی نادات. بگرە لە هەندی فەرموودەدا ئەو دەمارگیرییە بە شتێکی بۆگەن (نتن) لە قەڵەم دراوە و داوا کراوە موسڵمانان خۆیانی لێ دوور بگرن.

ئاین قسە لەگەڵ مرۆڤ دەکات دوور لە تایبەتمەندییە خۆرسک یاخۆ کۆمەڵایەتییەکانی، ئاین وەک چۆن پەیامێکی تایبەت نییە بۆ نەتەوەی عەرەب یان غەیری عەرەب، پەیامێکیش نییە بۆ سپیپێست یان ڕەشپێست، بۆ چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەند یان بۆ چینی هەژار و زەحمەتکێش، بگرە بۆ مرۆڤی موجەڕەدە و ئامانجیشی ئەوەیە مرۆڤ و کۆمەڵگەیەکی باوەڕدار و چاک پێ

بگەیەنێ، نە ئەوە ببێتە بۆتەیەک بۆ ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیەک، رەنگێک، مەزهەبێک، چینێک یان حزبێک.

هەریەک لەوانە دەتوانن خەم و خەونەکانی خۆیان لە ئایندا ببیننەوە و بیکەنە بناخەی جموجوڵ و کۆشش و بەرنامەکانیان، بەڵام ئەوە لە جەوهەری جیهانییانە و ئینسانییانە و بان–نەتەوە و بان– چین و بان –رەگەز و بان– مەزهەب و بان– حزبیانەی ئاینەکە ناگۆڕێ و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو جەوهەرە و پێشاندانی ئاین وەک بۆتەی یەکێک لەو نەزعە تایبەتانە، شێواندنی ئاین و کوشتنی جەوهەرە ئینسانییە کۆکەرەوەکەیەتی، کە بۆ راگرتنی بەلانسی پێوەندییەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازە نەتەوەییە، مەزهەبییە، چینایەتییە، رەگەزییە، حزبییە هاوئاینەکانی کۆمەڵگە و رێگرتن لە هەرەسی رایەڵەکانی ئەو پێوەندییانە، پێویستە.

بەڵام جێی داخە، ئێستە ئاین ئەو جەوهەرە ئینسانییە ئەخلاقییەی لێ وەرگیراوەتەوە و هەر لایەک وەک یەکێک لە چەکەکانی دەستی خۆی لە دژی رەقیبەکانی بەکاری دێنێ، لێرەیشەوە ئاین بووەتە ئایدیۆلۆجیای نەتەوە و مەزهەب و حزبە ناکۆکەکان و ئەو پاکیزەییە و ئەو رۆڵە ئاشتەوایکارانەیەی تا رادەیەکی زۆر لە دەست داوە. زانایانی ئاینیش بەشی شێری ئەو کارەیان راپەڕاندووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، دەکرێ زانایانی ئاینی بەر بەم رەوتە و بەم شێوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاین بگرن، ئەویش لانی کەم بەوەی کاتێ نەتەوایەتی یان حزبایەتی دەکەن، لەو سنوورەدا و بەو گیانەوە بیکەن کە ئاین رێگەی پێ داوە، داکۆکی لە حزبەکەیان، لە مەزبەکەیان، لە نەتەوەکەیان و بەرژەوەندییەکانی بکەن، بەڵام بەنەفەسێکی ئینسانی نە ناسیۆنالیستی یاخۆ شۆڤێنی و دەقە ئاینییەکان بەزۆرەملێ بۆ پاڵپشتیکردنی گوتاری نەتەوەیەک، یان حزبێکی دیاریکراو راڤە نەکەن.

وتاربێژی مزگەوتێک، کە سەر بە تەوژمی ئیسلامیشە، لە وتارێکیدا دەیوت "پێویستە هەمووومان نەخشەی کوردستانی گەورە لە ماڵەکانماندا هەڵواسین،

چونکە فەرمانی خوایە کە پێویستە کورد دەوڵەتی هەبێ".

ئاخر کەی ئاین کردوویەتی بە ئیش و خەمی خۆی، عەرەب یان کورد یان تورک دەوڵەتیان هەبێ یان نەیانبێ؟ ئەمە جێکردنەوەیەکی زۆرەملێیانەی حەز و نەزعە ناسیۆنالیستییەکانە لەنێو دەقەکاندا بەبێ ئەوەی دەقەکان ئەو واتا فەلسەفییە نوێیەیان لێ بخوێنرێتەوە.

دەمەوێ بڵێم: هەر کاتێ وتاربێژ لایەنگری (تەحەیوز)ی بۆ حزبەکەی یان بۆ مەزهەبەکەی یان بۆ نەتەوەکەی یان بۆ دەسەڵات کرد لە بەرامبەر ئەوانی تر، بەبێ لە بەرچاوگرتنی لایەنی هەق و ناهەق، هەروەها بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە ئەو رەمزی پەیامێکی ئینسانیی و جیهانی و بان نەتەوە و مەزهەب و حزبە، ئەو کاتە لەوە دەکەوێ نوێنەرێکی راستەقینەی پەیامەکە و میراتگری پەیامبەری ئەو ئاینە بێ.

ئەمە نە بەو مانایەی لە ناونیشانەکەی دەشۆرێتەوە، بگرە بەو مانایەی لە سەنتەرەکەی دەترازێ، کە چەقی قورساییە ئاینییەکەیەتی و بڕیارە مەرجەع و دەمڕاست و قسەبیستراوی هەمووﻻ بێ بەبێ جیاوازی.

ئەوەتا زانایانی شیعە و سوننەی عێراق بوونەتە بەشێک لە ئامرازەکانی حزب و مەزهەبەکانیان و لەوە کەوتوون خەڵکە موسڵمانەکەی لایەنەکانی تر وەک مەرجەع و میراتگری پێغەمبەر سەیریان بکەن.

ئاخر چ کوردێک هەیە خۆشی لە مەلایەکی عەرەبی شیعە یان سوننە بێ کاتێ عەرەبایەتی دەکەن و داوای کەمکردنەوەی مافەکانی کورد دەکەن؟ کێ هەیە بەهۆی ئەوانەوە هەیبەتی مەلای عەرەبی لەلا کەم نەبێتەوە و وەک کادیرێکی حزبی سەیریان نەکات.

دیارە بەلای خەڵکی عەرەبیشەوە ئەو مەلا کوردەیش کە کوردایەتی دەکات و زمانێکی ناسیۆنالیستی بەکار دێنێ، وەک رەمزێکی ئاینی سەیر ناکرێ و رێزی ناگیرێ، بگرە وەک کادیرێکی حزبی سەیر دەکرێ.

لە کاتی ناکۆکیی و مشتومڕەکانی نێوان کورد و لایەنە عێراقییەکان و

شەڕی شیعە و سوننەی عەرەب لەم ساڵانەی دواییدا، مامۆستایەکی ئاینی، لە وتارەکانیدا زۆر باسی لە کوردایەتی و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە دەکرد تا ئەو رادەیەی تەئسیلی شەرعی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە دەکرد و دەیکردە بەشێک لە داواکاریی ئایەتەکانی قورئان، جارێک هەڵێکم بۆ هەڵکەوت پێم وت "مامۆستا! ئەگەر مەلای شیعە وتی شیعە و مەلا سوننە وتی سوننە و مەلای کورد وتی کورد، ئیتر چ بەهایەک بۆ هاوبەشایەتییە ئاینییەکە و ئیسلام دەمێنێتەوە؟ ئەسڵ ئەوەیە زاناکان هێمای یەکەتیی و تەبایی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵی موسڵمان بن و داوا لە لایەنە ناکۆکەکان بکەن کۆتایی بە فیتنە و شەڕ بێنن، نەک خۆیان ببنە بەشێک لە هۆکار و ئامرازەکانی پارچە پارچەبوون".

***

یەکێک لە مەترسییەکانی وابەستەبوونی مامۆستایانی ئاینی بە حزب و دەسەڵاتەوە ئەوەیە ئەوان ناچار دەبن بەپێی سیاسەت و هەڵوێست دەسەڵات و حزبەکان قسە بکەن و دەقەکان تەئویل بکەن. حزب و دەسەڵاتیش بەپێی بەرژەوەندیی خۆی داوای هەڵوێست لە وتاربێژ دەکا نەک بەپێی ئەوەی کە ئاین خۆی چۆنە وا بکەن.

دەبینی کاتێ ئیشی بەوەیە کەس قسە لە قسەیدا نەکات بە مەلاکان دەڵێ "ئێوە کارتان باسی خوا و پێغەمبەر و نوێژ و رۆژووە و کارتان بە سیاسەت و حکوومەتەوە نییە"، بەڵام کاتێک لەلایەن نەیارەکانییەوە تەنگاو دەکرێ و پێویستی دەکەوێتەوە میمبەرەکەی مەلاکان، پێیان دەڵێ "ئیسلام پەیامی رزگارییە و ئەرکی ئێوەیە خەڵک هان بدەن بۆ پشتیوانیی لە حکوومەت و حزب لە دژی عەرەبی شۆڤێنی و بەعس و مالیکی و نازانم چی".

واتە حزب و دەسەڵاتی عەلمانیش، کە ئیدیعای جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات دەکات و تێکەڵکردنیان بە مەترسی دادەنێ، لە کاتی پێویستیدا ئاین و رەمز و ناوەندەکانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دێنێ.

لە کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستاندا لە کۆتاییی ٢٠٠٥دا کە

مەترسیی هەبوو خەڵک بەهۆی ناڕەزاییيان لە سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی نەچن بۆ دەنگدان، مامۆستای سەر بە دەسەڵات هەبوو فتوای دەدا هەرکەس دەنگ نەدات کافرە، کەسیش لە دەسەڵات نەیوت "کاکە ئێمە ساڵانێکە شەڕی ئەوە دەکەین لە مۆتەکەی تەکفیر و سیستمی بیرکردنەوەی تەکفیرییانە رزگارمان بێ، ئێوە چۆن وا بە سووک و ئاسان خەڵک لەسەر دەنگنەدان کافر دەکەن؟!".

واتە ئەگەر هەڕەشەی تەکفیر، کورد وتەنی، لە بەرژەوەندیی پەزەکان بێ شتێکی ئاسایییە. هەروەها هەر خۆم لە خوتبەی مەلای سەر بە تەیاری ئیسلامیشدا بووم دەیوت "هەر کەس دەنگ نەدات خائینە بە خوا و بە پێغەمبەر و کەسێکی هیچە".

هیچ حزبێک بە زاناکانی ناڵێ "مامۆستاینە ئێوە خۆتان پسپۆڕن لە ئایندا و سەرپشک بن ئاین چۆنتان پێ دەڵێ وا بکەن و گوێ بەوە مەدەن ئێمە بەوە رازین یان نا".

ئەمەیە بەکارهێنانی ئاین و زانایانی ئاینی بۆ مەرامی سیاسی.

بەستنەوەی دەق و رێنوینییە ئاینییەکان بە هەڵوێستە سیاسی و حزبییە کاتی و تێپەڕەکانەوە رەنگدانەوەی سلبی لەسەر پیرۆزی و سەنگینی و بەهای ئەو دەقانە لە کۆنەستی خەڵکدا دەکا.

## ئاشنایی بە رۆشنبیریی سەردەم

لە گوندا زۆر جار زانای ئاینی لە هەمان کاتدا پزیشک و فەیلەسووف و ماتماتیکناس و یاساناس و فەلەکناس و کیمیاناس و مێژوونووس بووە، ئەویش لەبەر سنووردارییی ئەو زانستانە لەلایەک و نەبوونی زانا و دامەزراوەی پسپۆڕ لەو بوارانەدا لەلایەکی ترەوە، هەروەها قووڵیی هەستی مەعریفەخوازیی زاناکانیش لەلای سێیەمەوە.

تا ئەم دوایییانەش لە گوندەکاندا وا سەیری خوێندەوار و بەتایبەت مەلای دێ دەکرا کە هەموو شتێک دەزانێ.

لە کۆتاییی هەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە گوندەکەی خۆمان پاندانێکی چوار نووکیم وەک خەڵاتی بە یەکەم دەرچوونم لە پۆلی دووی سەرەتایی وەرگرتبوو، پاندانەکە تێک چوو، بێ سێ و دوو لێکردن بردمان بۆ لای مەلای گوندەکە بۆمان چاک بکاتەوە.

بیرم دێ هەر لەو ساڵانەی منداڵیمدا لە لادێ، باوکم سکێشەیەکی لێ هات، چووە لای مەلای گوند چارەسەری بکا، ئەویش پێی وتبوو برۆ پیاڵەیەک نەوت بخۆ چاک دەبی. ئەویش بەبێ دوودڵی نەوتەکەی خواردەوە، مەپرسن چی بەسەر هات!.

بەڵام ئەم مەنتیقە بۆ ئەم سەردەمە، کە خوێنەوار و زاناکان و پسپۆڕییەکان زۆر بوون بەسەرچووە، نە کەس داوای لێ دەکرێ و لەسەری پێویستە هەموو شتێک بزانێ و نە ئەوەیشی لە توانادایە، لەبەرئەوە پێویستە رێزی پسپۆڕییەکان بگرین و دەم لە بوارێکی مەعریفی نەکوتین کە تێیدا شارەزا نین، بەتایبەت کاتێ مەسەلەکە پێوەندیدار بێ بە ئاینەوە، چونکە قسەکردن لە

بابەتێکدا کە تێیدا شارەزا و قاڵ نەبیت، بە دەگمەن نەبێ جگە لە هەڵە و تێکەوتن هیچی لێ ناکەوێتەوە.

قورئان لەو رووەوە هۆشداری توندی بە مرۆڤ داوە کە قسە لە شتێکدا نەکات زانیاری وردی لەبارەیەوە نییە، چونکە ئەوە بەرپرسیاریەتییە. وەک دەفەرموێ "وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً }الإسراء/٣٦}، واتە "لە شتێک مەدوێ و شوێن شتێک مەکەوە کە زانست و زانیاریت لەبارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بینین و بیستن و تێگەیشتن هەر هەمووی ئادەمیزاد بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە".

هەروەها رەخنە لەوانە دەگرێ کە بەبێ زانست قسە لە مەسەلەیەک دەکەن، یان ئیدیعایەک دەکەن (وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ {الحج/٣}. "هەندێ لە خەڵک بەبێ زانیاری لەبارەی خواوە موجادەلە دەکەن".

"بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ }الروم/٢٩}. واتە "بەڵکو ستەمکاران شوێنی ئارەزووی خۆیان دەکەون بەبێ زانیاری."

"وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ.. {الأنعام / ١٠٨} ، واتە "نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە (بێباوەڕان) هاواریان لێ دەکەن و دەیانپەرستن بێجگە لە خوا، نەوەکو ئەوانیش بە ناهەق و بەنەزانی جوێن بدەن بەخوا".

"فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا لِيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ {الأنعام/١٤٤}، واتە "کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆی بەدەم خواوە هەڵبەستووە تا بەبێ زانست خەڵک سەرلێشێواو بکات".

هەروەها داوایان لێ دەکا ئەگەر زاستێکیان هەیە پێشانیان بدەن "..قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إَلاَّ تَخْرُصُونَ {الأنعام/١٤٨}، واتە "بڵێ ئایا هیچ زانیارییەکتان لایە بۆمان دەربخەن، ئێوە تەنیا شوێن گومان دەکەون و هیچ نین جگە لەوەی درۆ دەکەن".(٤٨)

بەڵام هەندێ وتاربێژ رێ بە خۆیان دەدەن بەناوی ئیسپاتکردنی راستییە

ئاینییەکانەوە بەناوی زانایانەوە لێدوانی ئیسپاتنەکراو بدەن و ئیدیعای بوونی لێکۆڵینەوە و تیۆری زانستیی ئەوتۆ لەبارەی هەندێ مەسەلەوە دەکەن، بەبێ ئەوەی بتوانن وردەکارییەکانی بخەنە روو و بۆ گوێگری بسەلمێنن کە ئەو شتەی باسی دەکەن هەیە و راستە. بەدەربڕینەکەی قورئان "ئەو زانستەی پێیان وایە لایانە، کە هەندێ جار تەنیا قسەیەک بووە بیستویانە یان لە کتێبێکی مەواعیزدا بینویانە، نایخەنە روو.

زۆرجار رستەی لەم شێوە لە وتارەکانەوە دەبیستین "زاناکان سەلماندوویانە بەکارهێنانی ئاڵتون بۆ پیاو زیانگەیێنە"، "لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریان خستووە تێکەڵکردنی کوڕ و کچ لە قوتابخانەکاندا زیانی هەیە"، "زانست سەلماندویەتی ژمارەی ئافرەت لە پیاو زیاترە"، بەبێ ئەوەی وردەکارییەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە ئاشکرا بکەن.

لە ٢٢-٨-٢٠٠٨دا وتاربێژی مزگەوتێک دەیوت "زانایانی فەلەک بە کافر و موسڵمانەوە لەو باوەڕەدان کە لەگەڵ هاتنی مانگی رەمەزاندا گۆڕانکارییەکی گەورە لەم کەونەدا ڕوو دەدا"، بەبێ ئەوەی بچێتە نێو وردەکاریی ئەو ئیدیعا گەورەیە و بەشێک لەو لێکۆڵینەوە زانستییانە، کە بەگوتەی خۆی زانایانی فەلەکی "موسڵمان و کافر" کردوویانە، بخاتە ڕوو کە ئەو بۆچوونە دەیسەلمێنن.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە زۆرێک لە وتاربێژان رۆشنبیرییەکەیان لە چوارچێوەی رشتە ئاینییە کلاسیکییەکاندایە و ئاشنا نین بە ئەفکار و فەلسەفە هاوچەرخەکان، لەبەرئەوە کاتێ لە شوێنگەی رەخنەلێگرتندا باسیان دەکەن، دەکەونە هەڵەی زانستیی زەقەوە.

لە خوتبەی رۆژی ٢٠٠٤/٢/١٣دا وتاربێژێکی گەنجی یەکێ لە مزگەوتەکان لەمیانی رەخنەگرتنی لە کۆمۆنیستەکان، بە ئامادەبوونی هەزاران کەس وتی "دەزانن کۆمۆنیست یانی چی؟"، هەر خۆی وەڵامی دایەوە: "کۆمۆنیست، لە دوو وشە پێک دێ، کۆمۆن واتە خوا، نیست-یش یانی نیە، کەواتە کۆمۆنیست یانی خوا نیە!".

ئایا ڕەوایە وتاربێژێک بە حساب ١٢ عیلمە و ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە و ڕێنوێنی و ڕەنگڕێژکردنی هەست و دەماخی هەزاران کەسی پێ سپێردراوە هێندە لە رووی رۆشنبیریی گشتییەوە کەم تفاق و هەژار بێ کە نەک هەر هیچ لەبارەی کۆمۆنیزمەوە نەزانێ، بگرە نەزانێ لانی کەم نەزانێ وشەی "کۆمۆنیست" بە مانای "خوا نییە" نایەت؟ چۆن وشەیەک نیوەی لاتینی و نیوەی فارسییە؟

ئەوەی ئەلف و بێیەکی لە فیکر و زمان خوێندبێ ئەو هەڵەیە ناکات. کۆمۆنیست بەو کەسە دەوترێ کە باوەڕی بە کۆمۆنیزم هەیە، کاپیتالیست ئەو کەسەیە باوەڕی بە سیستەمی سەرمایەداری هەیە، ناسیونالیست ئەو کەسەیە باوەڕی بە فەلسەفەی نەتەوایەتی هەیە.

وشەی کۆمۆن common بەمانای "گشتی" یان "هاوبەش" دێ و هیچ پێوەندیی بەو لێکدانەوەی مامۆستاوە نییە.

جارێکی تر هەر هەمان وتاربێژ لە باسی مافی مرۆڤدا دەیوت "ئیسلام مافی بە هەموو کەس داوە، بەڵام لە غەرب سەرەتا سەگ مافی لە هەمووان زیاترە، دواتر منداڵ، ئەنجا ژن ئەنجا پیاو!". نازانم ئەو پۆلێنەی لە کوێوە هێنا و پشتی بە چ دیراسەیەک بەست؟ پێم وایە تەنیا وەهمێکە بۆی هاتووە و هیچی تر.

ئاخر ناکرێ زانای موسڵمان هێندە لە سروشت و بیروباوەڕ و فەلسەفەکانی دنیای نوێ و پێشکەوتنەکانی بێ خەبەر بێ لە کاتێکدا مەرجە ئەوان سەرتۆپی خوێندەوارانی سەردەمی خۆیان بن.

ئاخۆ چەند لە زانا و وتاربێژەکانمان بە وردی ئینجیل و تەورات و فیکری ئەو دوو ئاینەیان خوێندووەتەوە و تێیدا شارەزان؟ چەندیان لە دیراسەکردنی قوتابخانە فیکری و سیاسییەکاندا (کۆمۆنیزم، سۆشیالیزم، لیبرالیزم، کاپیتالیزم، پۆزەتیڤیزم، ستراکچرالیزم، ئیگسیزستێنیشیالیزم و... هتد) قووڵ بوونەتەوە و بە شارستانیەتی و مێژووی خۆرئاوا ئاشنان؟! بۆچی

زاناکانی ئێمە هەوڵ نادەن وەک ئەحمەد دیدات و ئیبن خەلیل ئەڕەحمان ئەلهندی و محەمەد باقر سەدر و ئەدیم ئەلجسر لە هەمان کاتدا زانای ئاینی و پسپۆڕی بواری ئاین و فەلسەفەکانی دنیاش بن؟

ئەبولحەسەنی نەدەوی لەبارەی بەرهەمەکانی هەندێ لە زانایانی هیندەوە دەڵێ "ژمارەی دانراوەکانی ریفۆرمخوازی گەورە مەولانا ئەشرەف عەلی ئەلتەهانەوی گەیشتە ٩١٠ دانراو، کە ١٣ کتێبی عەرەبیان تێدایە، هەروەها عەلامە مەحموود حەسەن خان ئەلتونکی کتێبێکی هەبوو بەناوی (معجم المصنفين) کە وەک ئینسکلۆپیدیایەک بوو لە نزیکەی ٦٠ بەرگ پێک هاتبوو، کە نزیکەی ٢٠ هەزار لاپەڕە دەبوو. ژمارەی لاپەڕەکانی دانراوەکانی د. سلێمان نەدەوی گەیشتە نزیکەی ٦ هەزار لاپەڕە".(٤٩)

هاشم ساڵح لەبارەی پاپا بنیدکتی شازدەیەمی پاپای ڤاتیکانەوە دەڵێ "ئەو نە تەنیا گەورەترین کەسە لە کەنیسەی مەسیحیدا، بگرە گەورەترین لاهوتی و فەیلەسووفە لە مێژووی پاپاویەتدا و موحازەرەکەی-ئەوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر هەرایەکی نایەوە- ئەوەندە ئاستی بەرزە مەگەر ئەوانە کە لە بواری زانست و ئاگەداری لە مێژووی فەلسەفە و ئایندا دەریایەکن، لیی تێ بگەن"، بۆیە دواتر دەڵێ "بریا زاناکانی موسڵمانانیش وەک پاپا بەڕووی تیۆرە زانستی و فەلسەفییەکاندا دەکرانەوە و تەنیا بە زانستە ئاینی و فیقهییەکان وازیان نەدەهێنا".

شێخ محەمەد غەزالی دەڵێ "رۆهەڵاتناسی مەجەری گۆڵدز هیر لە دانانی کتێبی (الشريعة و العقيدة في الاسلام)دا، کە رەخنەیە، نزیکەی ٢٠٠ سەرچاوەی سوود لێ بینیوە، کاتێ ئەمەم بینی وتم چۆن کەسێ دەتوانێ وەڵامی ئەم کتێبە بداتەوە کە ژمارەی ئەو کتێبانەی خوێندونیەتیەوە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێ ناپەڕێ".(٥٠)

## ڕەچاوکردنی زەوقی خەڵک

بۆ ئەو کەسەی قسە بۆ جەماوەرێک دەکات، جا کۆڕی کراوە بێ وەک وتاری هەینی، یان وتار و بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و رادیۆیی بێ، پێویستە زاراوەی ناسک و جوان لە وتاردا بەکار بێنێ و ڕەچاوی زەوق و دڵی گوێگر بکات و وشەی زبر و سووک و دڵتێکدەر بەکار نەهێنێ، بەڵام هەندێ وتاربێژ ڕەچاوی ئەم خاڵە ناکەن.

لە ٢٥-٧-٢٠٠٣ خەتیبی مزگەوتێک، کە لە تەلەڤزیۆنەوە وتارەکەیم دی، دەیوت "ئەو باوکەی دەست بەسەر کچەکەیدا دەگرێ و بەشووی نادات، لە قیامەتدا خوێنی حەیزی کچەکەی دەبێتە حەوز و دەبێ باوکی مەلەی تێدا بکات و خواپەنامان بدات دەبێ ئەو خوێنە بخواتەوە!".

ئاخر مامۆستای شیرینم! ئەوە چ زەوق و سەلیقەیەکە تۆ ئەو وێنە قیزەونە بێنیتە بەرچاوی خەڵک، کە باوک لەناو خوێنی حەیزی کچەکەیدا نوقم بێ و مەلە بکات یان بیخواتەوە، گوایە دەتەوێ بەوە هانیان بدەیت کچەکانیان بەشوو بدەن.

لە شەوی ١-١٢-٢٠٠٤دا لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا یەکێک لە بانگخوازە ناسراوەکان لە کۆڕێکی جەماوەریدا لە باسی داوێنپاکیی گەنجێکی وەهمیدا (دەڵێم وەهمی چونکە ئەو جۆرە چیرۆکانە بە وردەکاریی جیاواز لە دەیان وتاردا دەگێڕدرێنەو،ە بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو پاڵەوانانە ناویان چی بووە و ڕووداوەکە لە کوێ بووە و شایەتحاڵەکانی کێن) گێڕایەوە کە "گەنجێکی ئیماندار بە عارەبانە شتی دەفرۆشت، کچێک بەناوی هێنانە ژوورەوەی شتێکەوە بانگی کردە ژوورەوە و دەرگەی لێ داخست و هەڕەشەی لێ کرد ئەگەر ئەوەی دەیەوێ لەگەڵ نەیکات دەقیژێنێ و حەیای دەبات، ئەویش

دوای ئەوەی ناتوانێ بە قسەی خۆش ئافرەتەکە پەشیمان بکاتەوە، دەڵێ باشە رازیم، بەڵام با بچمە سەرئاو و بێمەوە چیت ویست دەیکەین. جا دەچێ بە پیسایی ئاودەستەکە هەموو لەشی خۆی پیس دەکات و دێتەوە بۆ لای کچەکە، ئەویش قیزی لێ دەکاتەوە و دەری دەکات".

ئیی تر مامۆستای وتاربێژ هیچ خەمی ئەوەی نییە دڵی ئامادەبووان بەوە تێک بچێ و رشانەوەیان بێ، هەر وەک لە خۆی ناپرسێ ئەو رووداوە چەندە واقیعییە و ئایا چۆن ئەو گەنجە بەو جلوبەرگە (.....)ەوە چۆن بە کۆڵان و بازاڕدا تێپەڕی و گەڕایەوە ماڵ و کەس لێی نەپرسی ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟ عەجەبا ئایا شتی وا دەبێ؟

ئاخر دەقەکان هەرچی بن مەرج نییە وتاربێژ لە هەر سات و جێ و بارودۆخ و ناوەند و بۆنەیەکدا هەر دەقێک وەک خۆی بەکار بێنێ، بگرە پێویستە زیرەکانە شوێن و سیاق و شێوازی باسکردن بۆ هەر دەقێک هەڵبژێرێ، ناکرێ تۆ ئامۆژگاری کۆمەڵێ منداڵ یان مێردمنداڵ بکەیت باسی شەڕ و کوشتار و ئەحکامی حدودیان بۆ بکەیت، یان باسی ئەحکامی جیماع و حەیز و نیفاسیان بۆ بکەیت، بەو پاساوەی ئەوە دەقی قورئانە و دەبێ هەموو کەس بیبیستێ.

چەند ساڵێک لەمەوبەر گوێم لە برادەرێک بوو لە هۆڵی مەڵبەندی حزبێک، بەحساب ئامۆژگاری دەستەیەک پەپوولەی براکانی دەکرد، دەیوت "خوای گەورە هەڕەشەمان لێ دەکا..!!".

ئاخر ئەو منداڵانە کەی کاتی ئەوەیانە باسی هەڕەشە و غەزەبی خوایان بۆ بکرێ؟!

## زمانی حەماسی

راستە بوونی حەماس و گەرموگوڕی ڕەگەزێکی گرینگە لە وتارداندا، بەڵام حەماسەت وەک وورووژان و دڵگەرمکردنێکی عاتیفی جیایە لەوەی وورووژانی عاتیفە و حەماسەت سەربکێشێ بۆ بەکارهێنانی زمانێکی توندوتیژ لە مەسەلەکاندا، کە کاریگەریی خراپی بۆ سەر کۆمەڵگە و گیانی لێبووردەیی دەبێ.

لە کاتی گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پڕۆژە یاساکانی فرەژنی و یاسای باری کەسییەتی لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٨دا، لە هەندێ خوتبەدا بە ئاشکرا بانگەشە بۆ توندوتیژی دەکرا، کە ئەوە زۆر مەترسیدارە. خەتیبێک پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد "پێویستە حکومەتی هەرێم ئەو زمانانە ببڕێ کە لە پەرلەمان فڵانە قسەیان کردووە"، هەروەها لە نزاکاندا دەپاڕایەوە "خوایە ئەو دەستانە فەلەج بکەیت کە دەستیان بۆ فڵانە بڕیار هەڵبڕی!".

هیچ دوور مەبینە ئاپۆرای هەزاران گەنجی ڕوومەت سوور و سەرسام و بەحەماسی نێو مزگەوت، وتاربێژێکی حەماسی بەشێوەیەک جۆش بدا، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ فتوای کوشتنی کەسێک دەربکا، کە بەلای ئەوەوە کارێکی هەڵەی کردووە، یان بۆچوونێکی دژ بە قەناعەتەکانی ئەوی دەربڕیوە.

ئاخر ئەوە گێڕانەوەی کولتووری خوێن و شەڕە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زۆرمان ماوە لە فەلسەفەی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە تێ بگەین.

وتاربێژ وەک هەر هاووڵاتییەک مافی خۆیەتی بەرگری لەو بیروباوەڕ و

بڕیاره بکات که باوەڕی پێیەتی و ڕەخنە لەو بڕیارانە بگرێ کە بە نادروستیان دەزانێ، بەڵام بەرامـــبـــەریش وەک هـاووڵاتی مـــافی ئـەوەی هـەیـە بەبێ ترس بۆچوونی خۆی دەربڕێ.

بانگەشـەکـردن بۆ "زمـانبـڕین" لەسـەر رادەربڕین دیاردەیەکی ترسنـاکـە، بەتایبەت ئەگەر ئـەو بانگەشـەیە لەلایەن کەسانێکەوە بێ کە خـۆیان ئامـرازی چالاکییەکەیان زمانە و هەموو کات قسە دەکەن و دوور نیە ڕۆژێک بێ بێن بە داوی زمانیانەوە و خەڵکێک داوای زمانبڕینی ئەوان لە دەسەڵات بکات.

زانایانی ئاینی پێویستی زۆریان بە ئازادیی دەربڕین هەیە، لەبەرئەوە دەبێ داکۆکی لە ئازادیی دەربڕین بکەن تا ئەو مافە جێگیر ببێ و ببێتە کولتوور، چونکە ئەگـەر دەسـەڵات زمـانبـڕین بکاتە مـۆدە، ئـەمـڕۆ بێ یان سـبـەی ئەو مـقـەسـتـە زمـانی ئەوانیش دەگـرێتـەوە، بگرە رەنگە ئەوان زۆرترین زیانیـان بەرکەوێ.

حەسـەن بەننای دامـەزرێنەری کۆمـەڵی ئیخـوان موسلیـمینی میـسر، لە چارەکی دووەمی سەدەی رابردوودا دژایەتیی خۆی بۆ دروستکردنی حزبەکان و دیاردەی فرەحـزبی لە میـسر دەربـڕی و بە هۆکاری پەرتەوازەکـردنی گەلی مـیـسـری دادەنان، هـەر بۆیەش گـرووپەکـەی ناو نـەنا "حـزب"، کـەچی دواتر ئیخوان خۆی بووە یەکەم قوربانیی سەپاندنی تاکحزبی و لەلایەن دەسەڵاتەوە بێ ڕەحـمـانە سـەرکوت کـرا و تـا ئێسـتـەیش، وێڕایی بنکە جـەمـاوەرییـە بەرفراوانەکەی، ڕێی پێ نەدراوە لە میسر حزبێک دروست بکا.

بۆیە مـەترسـیـیـە ئەهلی مـیـمبـەر و ڕۆشـنبـیـر و ڕۆژنامـەنووسـان، داوای بەرتەسککردنەوەی ئازادیی دەربڕین بکەن.

سـەیرە کـەسایەتییـەک خـۆی بە خـاوەنی ئایەتی "لا اكراه في الدين" بزانێ، کـەچی هێندە لە ئازادیی دەربڕینی نـەیارەکـانی بتـرسێ، چێـژ لەوە ببـینێ نـەوێرن زار بکەنـەوە و داوای "زمـــانبـــڕین"یان بکات ئـەگـــەر زاریان پڕا و گوزارشـتـیـان لە خـۆیان کـرد، ئەمـە لەکاتێکدا پێشـیـی وایە ئەو حـەقیـقـەتی

ڕەهای لایە ترسی لە ڕەخنە و ململانێی بیروباوەڕەکان نییە.

سەید قوتب، کە لە ناوەندی فیکری و سیاسیدا بە کەسێکی توندڕەویش ناوی ڕۆیشتووە، لە "في ظلال"ەکەیدا دەڵێ "ئازادیی بیروباوەڕ یەکێ لە مافەکانی مرۆڤە کە بەهۆیەوە پێی دەوترێ مرۆڤ، ئەوەی ئازادیی بیروباوەڕ لە مرۆڤ زەوت دەکات، ئەوە هەر لە سەرەتاوە لە مرۆڤایەتییەکەی دادەڕنێ".

بۆیە دواتر دەڵێ "لەگەڵ ئازادیی بیروباوەڕدا ئازادیی بانگەواز بۆ بیروباوەڕ و پارێزراوی لە ترس و ئەزیەتدانیش دێتە پێشەوە، ئەگەر وانەبێ ئەو ئازادییە تەنیا ناوە و ناوەڕۆکێکی لە واقیعی ژیاندا نییە".(٥١)

تا ئێستە نەتوانراوە کەشێکی وا دروست بکرێ کە زانایانی ئاینی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی عەلمانیی کوردستان بکەونە گفتوگۆیەکی هێمن و بابەتییەوە لەبارەی ئەو چەمکانەی لای هەردوو لا جێی ناکۆکی و مشتومڕن، لەبەرئەوە دەبینی کارلێکی نێوانیان شێوازی زبر و توندوتیژ دەگرێتە خۆ.

هەندێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی لائیکی وتار یان کتێبی رادیکالی لە دژی ئاین بڵاو دەکەنەوە و زانایانی ئاینیش لەبری پەنابردن بۆ وتوێژ و وەڵامدانەوە بە فیکر و پرۆژە، رەوشەکە بەرەو گرژیی زیاتر دەبن و لە وتارەکانی هەینیدا هێرش دەکەنە سەر ئەو نووسەرانە.

پەنابردن بۆ وروژاندنی خەڵک لە دژی نووسەرێک، کە زۆربەیان نازانن چی و چۆنی نووسیوە، نە لە خزمەتی سەنگینی پەیامی ئاین و مزگەوتدایە و، نە لە خزمەتی کەشی پێکەوەژیان و دایەلۆگی شارستانیانەی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدایە.

ئەمرۆ بە ئەستەم ناوی مامۆستایەکی ئاینی لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و کۆوارەکانی کوردستاندا دەبینی کە بە زمانی نووسین و دایەلۆگی مەنتیقی وتوێژ لەسەر ئەو چەمک و کێشە و باسانە بکا کە دنیای ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی پێیانەوە سەرقاڵن و خۆیانیان لە سنووری مینبەر و وتارەکانی هەینیدا حەسر کردووە، بەوەش بۆشایی و لێک حاڵینەبوون و

بەدگومانیی دووسەرە لە نێوان ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئاینی دروست بووە.

پێشتر زانایانی وەک محەمەدی خاڵ و عەلادین سەجادی لەگەڵ ئەرکە ئاینییەکانیاندا شۆڕەسواری مەیدانە ڕۆژنامەنووسییەکەیش بوون، کەچی ئێستا دەگمەن دەبینین مامۆستایەکی ئاینی هەبێ لە هەمان کاتدا نووسەر یان ڕۆژنامەنووسێکی دیاری نێو گۆڕەپانە ڕۆشنبیرییەکەش بێ و لە نزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ نوخبە ڕۆشنبیرەکەدا بکات و کار بۆ ڕەوینەوەی ئەو تەمی بەدگومانییە بکا.

## هەڵوێست لە یاسا گەردوونییەکان

هەندێ لە وتاربێژان و بانگخوازانی ئاینی چێژ لەوە دەبینن کە یاسا گەردوونییەکان (السنن الکونیة) زەربی سفر بکەن و کێشە ئاڵۆزەکان بە چاوترووکانێک و زیکر و ئەورادێک بەبێ کرد و کۆشش بە رێگەچارەیەکی سیحری و ناواقیعی چارەسەر بکرێن، کە ئەمە بە زیان بەسەر گیانی واقیعبینانەی ئیسلامدا، کە باوەڕی بەم دنیایە و یاسا چەسپاوەکانی و زەرورەتی پابەندبوون بەو یاسایانەوە بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێک هەیە، دەشکێتەوە.

ئەوەتا عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە بەرامبەر ئەو پیاوەی وتی "ئەسپەکەم بە تەمای خوا بەبێ بەستنەوە بەجێ دێڵم"، وتی "بیبەستەوە ئەنجا بەتەمای خوا بەجێی بێڵە"، پێی نەوت "برۆ دوعا بکە یان فلانە ویرد بخوێنە خوا دەیپارێزێ".

یان عومەری کوڕی خەتاب بڕیار دەدا نەچێتە شارێکەوە کە تاعوونی تێدا بڵاو بووەتەوە، کاتێ لێی دەپرسن ئایا تۆ لە قەدەری خوا رادەکەیت؟ ئەویش دەڵێ "نەخێر لە قەدەرێکی خواوە–کە تووشبوونە بە نەخۆشییەکە– هەڵدێین بۆ قەدەرێکی تری خوا–کە سەلامەتی و تووشنەبوونە".(٥٢)

واتە یاساگەلێک لەم گەردوونەدا هەن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بوون و ژیاندا، جێگیر، کۆنکریتی، توند، یەکلاکەرەوە و خاتر نەگرن. بە چاوپۆشین لە بیروباوەڕ و حەز و ئارەزووی مرۆڤ چۆن بەرمەجە کراون بەو شێوەیە کاری خۆیان دەکەن و ئێمە ناچارین لێیان تێ بگەین و پێیانەوە پابەند بین، تا بگەینە ئەنجامی دروست.

یەکێک لەوانە یاسای هۆ و هۆکارە (السببية)، کە هەر ئەنجامێک هۆیەکی هەیە، برسیەتی بەهۆی خاڵیبوونەوەی گەدەوەیە و تێربوونیشی لە ڕێی پڕکردنەوەی گەدەوە دەبێ بەو مادە خۆراکییانەی قبوڵیان دەکات. هەژاری بەهۆی بێ پارەییەوەیە، بێ پارەیش بەهۆی کارنەکردنەوەیە. بۆ گۆڕینی ئەو ئەنجامە پێویست دەکات پارەت هەبێ، بۆ ئەوەی پارەت هەبێ دەبێ ئامرازەکانی دەستخستنی بەکار بێنی.

هەناسەدان بەهۆی هەڵمژینی ئۆکسجینەوەیە، ئۆکسجین نەما دەخنکێیت، بۆ ئەوەی نەخنکێیت دەبێ هۆکارێک بۆ پەیداکردنی ئۆکسجین بدۆزیتەوە. نەبوونی هەوا لە ژوورێکدا نە بە ئاو خواردنەوە چارەسەر دەبێ، نە بە نوێژ و دوعاکردن. چەند خولەکێک هەوا هەڵنەمژیت دەمریت، ئەمە یاسایەکی کۆنکریتییە.

قورئان راشکاونە ئەم یاسایەی سەلماندووە کاتێ پێمان دەڵێ:

"وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى {النجم/ ٣٩} وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى {النجم/ ٤٠}. واتە "بەڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ نییە جگە لەوەی کە خۆی کردویەتی، بێگومان هەوڵ و کۆششەکەیشی دەبینرێتەوە".

"قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ..{العنكبوت/ ٢٠}، واتە "بڵێ با بگەڕێن بە زەویدا بزانن ئافراندنی گەردوون چۆن دەستی پێ کرد".

"وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى {النجم/٣٩} وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى {النجم/ ٤٠}. واتە "هەرگیز گۆڕانکاری نابینی لە یاساکانی خوادا".

ئەمانە و چەندان ئایەتی تر کە ئاماژەن بە ڕاستیی یاسا گەردوونییەکان لە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

هەندی لە واعیز و وتاربێژەکان چێژ لەوە دەبین بەسەرهاتی وا بگێڕنەوە کە تێیدا ئەو یاسایانە پەک خرابن و ئامانجەکان لە ڕێیەکی کورت و ئاسانەوە بەقودرەتی موعجزەییانەی قادر، نەک بە قودرەتی سونەنیانەی قادر، هاتبنە دی، تا بەوە بیسەلمێنن یاساکان تەنیا رووکەشن یان تەنیا بۆ ئەهلی کوفرە کە

پەتی پێوندییان بەخوا پچڕاندووە و ئەویش یاسا کەونییەکانیان بۆ خەرق ناکات، وەک ئەوەی خوای گەورە کارێکی دروستی نەکردبێ کە ئەو یاسایانەی داناوە، بۆیە پێی خۆشە زوو زوو بۆ وەلییەکانی خۆی پەکیان بخات.

ئەم بیرکردنەوەیە ڕێزگرتن نییە لە گەورەیی زاتی ئیلاهی، بگرە پیرۆزکردن و ڕێزگرتنی زاتی ئیلاهی بەوەیە دان بەوەدا بنێین دانانی ئەو یاسایانە بەبێ هۆ و حیکمەت نییە، بگرە حیکمەتەکەی زۆر قووڵتر و گەورەترە لە حیکمەتی خەرقکردنیان بۆ ئەم یان ئەو.

دوعاکردن جگە لەوەی داواکارییە، هاوکات وەک لە فەرمووددا هەیە "مێشکی عیبادەت"یشە، واتە کە مرۆڤ دوعا دەکات و ویردەکانی شەو و ڕۆژ دەخوێنێ، هەر بۆ ئەوە نییە داواکارییەکەی بێتە دی، بگرە بۆ ئەوەیشە لە خوا نێزیک بێتەوە و خێری بگات. ڕەنگە هەر لێرەوە بێ زانای گەورە سەعیدی نوورسی پێی وابووە نوێژە بارانە بۆ ئەوە نییە باران ببارێ، بگرە باران نەبارین تەنیا وەرزێکە بۆ کردنی ئەو جۆرە نوێژە، نەک بۆ خودی بارانبارین.

خوێندنی نزا و ئەوراد پەرستشێکی ڕوحییە بۆ پاکبوونەوە و لە خوا نزیکبوونەوە و بەهێزبوونی ئیرادە و ئومێدی مرۆڤ، نەک بۆ ئەوەی ببنە بەدیلی پابەند بوون بە سوننە کەونییەکان، لە پێویستیی کارکردن و پلاندانان و شەونخونی و داهێنان، وەک لە وتارەکانی هەندێ وتاربێژەوە دەخوێنرێتەوە.

کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و ژینگە و جیهان بە دوعا و پاڕانەوە و خوێندنی ئەوراد چارەسەر نابن، بگرە بە بیرکردنەوەی زانستی و کارکردن و بەرنامەڕێژی و شەونخوونی چارەسەر دەبن و هەر کەمتەرخەمییەکیش لەو ڕووەوە ئەنجامی یەکلاکەرەوەی دەبێ .

لە ٦-١١-٢٠٠٦دا وتاربێژێک وتی "بەپێی فەرموودەکان هەر کەسێک کە شەو هات سورەتی ئیخلاس و مەعوزەتەین و ئایەتەلکورسی بخوێنێ و فووی بکا بە خۆی ماڵ و منداڵیدا، تا بەیانی لە هەموو خراپەیەکی شەیاتینی ئینس و جین و ئاژەڵان و نەخۆشی و... هتد دوور دەبێ، هەروەها هەر کەس نوێژی

بەیانی بە جـەمـاعـەت بکات ئەو ڕۆژە تا ئێـوارە لە زیمەی خـوادا دەبێ و دەیپـارێزێ، هەروەها هەرکەس فلان ویرد بخوێنێ، خوا لە هەموو خراپەیەک دەیپارێزێ".

ئەمانە ڕەنگە دەقی حەدیسیان لەسەر بێ، هێزی سەنەدەکانیان هەر چۆن بێ گرینگ نییە بەقەدەر ئەوەی گرینگە زانایان هەندێ حاڵەتی لەو شێوە بە هەل بزانن بۆ پێداچوونەوەی ڕادەی ڕاستیی ئەو جۆرە دەقانە، چونکە ئێمە ئەگەر باوەڕمان وا بێ ئەوەی پێغەمبەر دەیڵێ ڕاستیی حاشاهەڵنەگرە و بەڵگەکانی واقیع پشتیوانیی لێ دەکەن، ئەوە ئەرکمانە هەر دەقێکی گێڕاوە ڕەت بکەینەوە کە واقیعی خۆمان و جۆری مامەڵەی پەیامبەر پشتگیری لێ نەکات.

با ئێمە لێرەدا لێگەڕێین لەو سەرگوزەشتە تاکەکەسیانەی وەک حاڵەتێکی ناوازە لێـرە و لەوێ لەسـەر زاری کـەسـانی ناسـراو یان نەناسـراو بەسەرزارەکی، یان لە هەندێ کتێبی مەواعیزدا دەگێڕدرێنەوە و باس لە کاریگەرییە سیحرییەکانی دوعا یان ویردێک دەکەن و بێین بەشێوەیەکی گشتی لە دیاردەکە ورد بینەوە.

ئایا لە واقیعدا ڕاستە مرۆڤ بە خوێندنی دوعایەک یان ویردێک، دەتوانێ ئیتر بێباک بێ لە جرۆجانەوەر و لە دەرودەشت و چرەدارستاندا پشتوێنی لێ بکاتەوە و ترسی لە گەستن نەبێ؟ ئایا ڕاستە بە خوێندنی دوعا و ویردێک دز و پیاوخراپ و باخەڵبڕ نایەنە سەری ئەگەر لە وڵاتێکیشدا کە پاشاگەردانی تێـدا بێ و پڕ بووبێ لە باندی دز و تیـرۆر؟ ئایا ئەو زیکرانە دڵ و چاوی دوژمنەکانی دەبەستن و ناتوانان بدەن بەسـەریدا؟ تووشی نەخۆشی نابێ ئەگەر لە جەرگەی وڵاتێکی پەتاداریشدا بێ؟

ئەگەر بڵێین بەڵێ وایە، کەواتە ئیتر ئێمە هیچ پێویستمان بە خۆپارێزی و دوکتۆر و دەرمان و نەخۆشخانە و سەنگەر و پاسەوان و خانووبەرە و... هتد نییە. هەروەها دەبێ گومان لە هەموو ئەو دەقە گرینگانە بکەین کە داوای عەقڵکاری و پلاندانان و خۆپارێزی و دیراسەمان لێ دەکەن.

لە سەروو هەموو ئەمانەوە، ئایا پێغەمبەر خۆی بەو شێوەیە لە واتای دوعا و ویردەکان گەیشتووە و کردوونی بە بەدیلی پلاندانان و شەونخوونی و قوربانیدانەکانی؟ ئایا تەنانەت چاوەڕێی ئەوەی نەکردووە هەندێ جار تەنانەت هەموو پلان و دوعا و ویردەکانیشی بێ ئاکام بن و شتی نەخوازراو روو بدات؟

ئاخر چەندان کەس لە گەورەیارانیی لە کاتی گەڕانەوەیان لە نوێژی جەماعەتی بەیانی کوژراون، لەوانە عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کە ئەمەی دوایی لە کاتی نوێژی بەیانیدا شەهید کرا. ئایا عومەر و عەلی ئاگایان لەو دوعا و ویردانە نەبوون، یان پێوەیان پابەند بوون، ئەی بۆچی تووشی زیان بوون و کوژران؟!

لێرەدا قسە لەسەر ئەو نەغمە حەدییەیە کە هەندێ لە وتاربێژەکان لە باسکردنی رۆڵی دوعا و ویردەکان لە چارەسەرکردنی کێشە و مەترسییە جۆراوجۆرەکانی ژیان بەکاری دێنن، ئەگینا دوعا و ویرد پەرستشی روحیی گرینگن و فێنکی و ئومێد بە روحی مرۆڤ دەدەن و بۆ ژیان و گیانی ئادەمیزاد بایەخی گەورەیان هەیە.

* وتاربێژێکی تر، کە خۆم ئامادەی ئەو جومعەیە بووم، دەیوت "هۆکاری ئەوەی منداڵ بە گوێی باوک و دایکیان ناکەن و هۆکاری ئەو هەموو گرفتەی لە خێزاندا هەیە ئەوەیە ژن و مێرد لە کاتی جووتبووندا بیسمیلا ناکەن" و بە متمانەوە سێ جار وەک رێکلامی بازرگانی دووبارەی کردەوە کە " ئەگەر دەتانەوێ لە گرفتەکانتان رزگارتان بێ و کێشە لە خێزانەکانتاندا روو نەدات لە کاتی جیماعدا بیسمیلا لەبیر مەکەن".

بەڵام ئایا راستە هۆی گرفتە ئاڵۆز و جۆراوجۆرەکانی ناو خێزانەکان بیسمیلا نەکردنە؟ ئەی چی بڵێین لەبارەی گرفتەکانی ئەو خێزانانەی کە ئەندامانیان کەسانی خاوەن بیروباوەڕ و پابەندن بە ئاینەوە؟ ئایا خێزانە موتەدەینەکان کێشەیان لە نێودا نییە و منداڵی لاساریان نابێ؟ نوح پێغەمبەر کوڕەکەی بێباوەڕ بوو، دەکرێ بڵێین پێغەمبەرێکی خوا نەیدەزانی

بیسمیلاکردن زامنی رزگارکردنی بووە لەو کێشەیە؟

* لە شەوی ١٨/١٩-١٢-٢٠٠٠ لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا واعیزێک گێڕایەوە "پیاوێک هاتە لای حەزرەتی عومەر وتی باران نابارێ، ئەویش پێی وت: ئەستەغفیروڵا بکە. پیاوێکی تر هاتە لای وتی رزقم کەمە، پێی وت: ئەستەغفیروڵا بکە. یەکێکی تر هات وتی: منداڵمان نابێ، بەویشی وت: ئەستەغفیروڵا بکە. یەکێ لە ئامادەبووان وتی: قوربان! بۆچی بۆ هەر سێ حاڵەتەکە وات وەڵامدایەوە؟ وتی: ئەوەتە خوا دەفەرموویێ "يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَاراً {نوح/١١} وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَاراً {نوح/١٢}.

ئێمە دڵنیا نین ئایا ئەم رووداوە بەو شێوە سەیرە و بەو رێککەوتنە سەیرە، کە سێ کەس لە یەک کاتدا بێن و بە هەرسێکیان پرسیار لەو سێ بابەتە بکەن کە لە ئایەتەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، لە مێژوودا رووی داوە یان نا، بەڵام ئەگەر واش دابنێین رووی داوە، ئەوە لەوە دەرناچێ کە ئیجتیهاد و لێکدانەوەی حەزرەتی عومەر خۆیەتی و نابێتە شەرع بۆ موسڵمانان، چونکە ئەو ئایەتە تاک دەلالەت "قطعي الدلالة" نییە، بگرە دەکرێ مانای جۆراوجۆری بۆ بکرێ، بەتایبەت کە ئەو لێکدانەوەیەی پێشوو لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی جیهانبینی ئیسلام و هەروەها راستییە کۆنکریتییەکانی زانست و واقیعدا لێک دەدا، کە هەژاری و بێبارانی و منداڵ نەبوون هۆکار و رێگەچارەی خۆیان هەیە و تەنیا بە ئیستیغفار چارەسەر نابن.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە دەقەکان، ئاین دەکاتە پەیامێک بۆ یەقینێکی زڕ و پاڵدانەوە و نەجوڵان و کارنەکردن، ئەمە لە کاتێکدا خوا خۆی دەفەرموویێ "لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي كَبَدٍ {البلد/٤}، واتە ئێمە مرۆڤمان لە رەنج و ماندووبووندا خولقاندووە.

زانایەک وتویێتی ئومەتێک خاوەنی ئایەتی"اقرأ"ـە کەچی ناخوێنێتەوە، بە هەمان شێوە لێرەشدا دەڵێین ئومەتێک خاوەنی ئایەتی "کبد"ـە کەچی باوەڕی

بە پاڵدانەوە هەیە، خـاوەنی ئایەتی "لا اکراه في الدین"ـە کـەچی باوەڕی بە سانسۆرکردنی فیکر و دەربڕین هەیە.

زانایانی گـەورەی پێـشین وتویانە "لە حـاڵـەتێکدا ئـەگـەر دەلیلـێکی نەقـڵی زەننی لەگـەڵ دەلیلـێکی عـەقڵی قـەتعی تەعـاروزی کرد عـەقـڵـیـیـەکە پەسـەند دەکرێ، خۆ ئەگەر نەقڵییەکی قەتعی لەگەڵ عەقڵییەکی قـەتعی تەعاروزی کرد، ئەوە عەقڵییەکە وەردەگیرێ و نـەقڵییەکە تەئویل دەکرێ، چونکە ناکرێ دەلیلی عەقڵیی قەتعی و دەلیلی نەقڵیی قەتعی پێچەوانەی یەکتر بن".

دەبا ئێمەی نەوەی سـەدەی بیست و یەک هیچ نەبێ ئەم فـەلسەفـەیە بکەینە پێوەر بۆ خوێندنەوەی ئەو جۆرە دەقانە.

* لە ١٣-١٠-٢٠٠٦ وتـاربێـژێک لـە باسی ئـەفـزالی شــەوی قــەدردا و لە تەفسیری ئایەتی (سلام حتی مطلع الفجر)دا وتی: (لەبەر خـاتری قورئان لەو شـەوەدا خـوا کـەس لەناو نابات، بلـەرزە روو نادات، کـەس نامرێ. لە ئەسـەردا هـاتووە جـبریل لەو شـەوەدا تەوقـە لـەگـەڵ هـەمـوو ئیمـانداران دەکـات. جـا هـەر کەس رەعشە بە لەشیدا هـات ئەوە بزانێ ئەوە جبریلە و خوا لێی خۆش بووە).

ئایا دەکرێ ئەم قسەیە راست بێ؟

ئایا راستە لە شەوی قەدردا کەس نامرێ و خوا کەس لەناو نابات و یاسای مـردن لەو شـەوەدا رادەگرێ؟ ئـەگـەر راسـتـە بۆ جیـهـان پێی نـەزانیوە؟ یان با کۆمەڵێ لـە زاناکان خـۆیان لیژنەیەک دروست بکەن چەند سـاڵێک لەو شـەوەدا موتابـەعەی دەزگاکانی راگەیاندنی دنیا بکەن بزانن راسـتە لەو شـەوەدا کەس نامرێ.

خۆ ئەگەر وا بێ دەبێتە موعجیزەیەکی گەورە، کە وێنەی نەبێ.

یان ئایا راسـتـە هـەر کەس لەو شەوەدا مـووچڕکەی پێدا هات ئەوە نیـشانەی ئەوەیە جـبریل تەوقەی لەگەڵدا کردووە، لە کـاتێکدا خۆی دەیوت ئەو قەولە کە باسی تەوقەی جبریل دەکات ئەسـەرە-واتە قسـەی خەڵک- نەک فەرمووده؟

ئەمـانە هیچ نین جگە لە رەنگدانەوەی ئاسـتی بیـرکردنـەوەی خودی واعیـز و

وتاربێـژەکـە، بەڵام گـرفـتــەکـە لەوەدایە وەک بەشــێک لە وێناکــانی ئـاین دەرخواردی خـەڵکەکەیشی دەدەن و رەنگە رەخنەلێگرتنیشی بە رەخنەگرتن لە ئیمان و بەڵگەکانی لە قەڵەم بدەن.

## خەمە ئینسانییەکان

پەیامی ئیسلام هەڵگری گیانێکی ئەخلاقییە، لە قورئاندا دەیان دەق دەبینیتەوە کە جەخت لە بەها ئینسانییەکانی وەک سۆز و بەزەیی، خۆشەویستی و تەبای، ئازادی و ئازایی، راستگۆیی و دەستپاکی، داوێنپاکی و بەوەفایی، ئاشتیخوازی و بێوەیی، خەمخۆری و بەخشندەیی، هاوکاری و یارمەتی، دادپەروەری و مرۆڤدۆستی دەکەن،[٥٣] نەک تەنیا لە نێوان موسڵماناندا، بگرە لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا، نەک تەنیا لەگەڵ دۆستاندا بگرە لەگەڵ نەیاران و دوژمنانیشدا.

چوار لە ئەو پێنج ئامانجەی شەریعەت (واتە: مقاصد الشريعة) کە زانایانی دێرینی ئیسلام لە کۆی دەقەکانی ئاینەکە ئەنجامگیرییان کردووە (کە بریتین لە پاراستنی ئاین، ژیان، عەقڵ، ماڵ، وەچە)، باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن. تەنانەت عیزی کوڕی عەبدولسەلام پێی وایە ئایەتی (ان الله يأمر بالعدل) بنەمای گشتیی هەموو حوکمە شەرعییەکانە لە گشت کایەکانی فیقهدا.[٥٤]

چەند نمونەیەک لە ئایەتەکانی قورئان لەو بارەیەوە:

"يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ {المائدة/٨}. ، واتە "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بە دادپەروەرانە هەستن بە شایەتیدان، رق و دوژمنایەتیی کەس و لایەنێک واتان لێ نەکات دادپەروەر نەبن، دادپەروەر بن ئەوە نزیکترە لە خواناسییەوە".

وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى {الأنعام/١٥٢} واتە "ئەگەر قسەتان کرد دادپەوەر بن لە قسەکردندا".

إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ {السجدة/٢٢}، واته "ئێمه تۆڵەسێنەرین له تاوانباران".

تەنانەت خەڵک هان دەدا لەسەر ستەملێکراوان شەڕ بکەن: وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا {النساء/٧٥}، واته "ئەوه چیتانه و بۆچی ناجەنگن لەپێناوی خوا و رزگارکردنی چەوساوەکان له پیاوان و ئافرەتان و منداڵان، ئەوانەی دەڵێن پەروەردگارا! تۆ رزگارمان بکه لەم شارەی که خەڵکەکەی ستەمکارن".

واته پەیامەکه تەنیا پەیامێک نییه بۆ گەیاندنی کۆمەڵێ بیروباوەڕی غەیبی، بگره پەیامێکیشه بۆ بەرقەرارکردنی مرۆڤایەتی و دادپەوەری له ژیانی مرۆڤایەتیدا. بگره بناخه روحییەکەیش داینەمۆیەکه بۆ گوڕپێدانی ئەو بەها ئینسانییانەی مرۆڤایەتی و دادپەروەری دەچەسپێنن، هەروەک ئەو دادپەوەرییەیش له جێی خۆیەوه سەرنجی خەڵک بۆ بایەخی بنەما ئیمانییەکان رادەکێشێ.

واته ئیمان و دادپەروەری وەک ژێرخان و سەرخان تەواوکری یەکترن و ئەمیان نرخ بەویان دەدا، رێک وەک ئەو باڵەی باڵندەیەکی پێ دەفڕێ.

ئەوەتا له چەندان جێی قورئاندا وشەی "ایمان" و "العمل الصالح" بەیەکەوه هاتوون: "وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاء الْحُسْنَى وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا" {الكهف/٨٨}

إ"لاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ شَيْئًا" {مريم/٦٠}

"وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى" {طه/٨٢}

نه ئیمانەکه بەبێ کردەوەی چاک نرخی هەیە و نه کردەوەی چاکیش بەبێ ئیمانەکه ریشەیەکی پتەوی دەبێ و بەرقەرابوونی مسۆگەره.

لەبەرئەوە زێدەبایەخدان بەهەر کام لەم دوو بوارە و پەراوێزخستنی ئەوی تر لە گوتاری ئاینیدا، ئەو هاوسەنگییە تێک دەدا و هۆش و گوتارێکی شێواو دێنیتە کایە.

بەڵام لە گوتاری ئاینیی بەگشتی و گوتاری وتاربێژان و واعیزەکاندا بەتایبەتی، ئەو ڕەهەندە ئینسانییەی تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ کراوەتەوە و زیاتر جەخت لەسەر لایەنە روحی و ئیمانییە رووتەکە دەکرێ.

ئەم گوتارە وای کردووە هەندێ جار سووتانی خەڵکی شارێک، تاڵانکردنی قووتی وڵاتێک، قەتلوعامکردنی هەزاران مرۆڤ بەلای کۆهۆشی ئاینیی ئێمەوە هێندەی کەمتەرخەمییەک یان رەخنەیەک لە سیمبول یان دروشمێکی ئاینی نەمانورووژێنێ.

بە نەخوێندەوار مانەوەی سەدان هەزار منداڵ، تووشبوونی دەیان هەزار بە نەخۆشی و بەدخۆراکی بەهۆی نەبوونی خۆراک و خزمەتگوزاریی تەندروستییەوە، فەلەجبوونی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری و کشتوکاڵی و پیشەسازیی وڵات و پشتبەستن بە دەرەوە تەنانەت بۆ دابینکردنی پیاز و پەتاتە و خەیاریش، بەلای عەقڵی ئاینییەوە هێندەی مەسەلەکانی مردوو شۆردن و باسی عەزابی قەبر و گەشتی عەمرە، جێی بایەخ نەبن و چارەسەرکردنیان بەلای دەوڵەمەندێکی پابەندەوە بەقەدەر دروستکردنی مزگەوتێک لە کوێرەدێیەکدا گرینگ و جێ بایەخ نەبێ.

یان لووشدانی سامانی وڵات لەلایەن تاقمێکی دەستڕۆیشتووی دەسەڵات و بێبەشکردنی خەڵک لە مافە سەرەتاییەکانیان، کۆت بو بەندکردنی زمان و ئازادیی بیر و باوەڕ، بەلای هەندێ زانا یان کەسایەتیی ئاینییەوە، هێندەی هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی فرەژنی نەیانورووژێنێ.

ئەگەر ئەمە هەڵوێستیان بێ بەرامبەر کێشەکانی موسڵمانان، ئەوە ئاساییە ئەگەر ببینین شەقامی جیهانی ئیسلامی و زانا ئاینییەکانمان کەمترین راچڵەکان و هەڵوێستی بەدەمەوەچوونیان پێوە دیار بێ لە ئاست ئەو

کارەساتە سروشتییانەی تووشی کۆمەڵگە ناموسڵمانەکانی دنیا دەبێ، وەک بلەرزەکەی هایتی لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ۲۰۱۰دا کە زیاتر لە ۱۰۰ هەزار کەسی کوشت یان وەک کارەساتی تسۆنامی لە ناوچەی ئۆقیانووسی هیندی لە کانوونی یەکەمی ۲۰۰٤، کە نزیکەی (۲۰۰) هەزار کەسی تێداکوژرا، کە زۆربەیان موسڵمان بوون. بگرە هەندێ جار ئەو کارەساتانە لە باتی ئەوەی رایانبچڵەکێنێ و بەزەیی ئینسانییان بەرامبەر قوربانییەکان ببزوێنێ و باربۆیان بۆ کۆبکەنەوە، شاگەشکە دەبن و بە غەزەبی شایستەی خوای دادەنێن، لە کاتێکدا گەلانی تر لە بری ئەوە کۆمەکیی مرۆیی دەگەیەننە لێقەوماوان.

وتارەکانی هەینیی بایەخ بە کێشەکانی کۆمەڵگە دەدەن، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ رادەی بایەخدانیان بە مەسەلە ڕوحی و عیبادییەکان، بایەخپێدانێکی سنووردار و ناشایستە و ناهاوسەنگە، ئەمە لە بارێکدا ئەو سەردەمە بەسەر چووە خەڵک مەترسی لە ئیمانی هەبێ، بەڵام مەترسییەکان لەسەر نان و ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەو و نەوەکانی، نەک نەڕەوینەتەوە بگرە بە بەرگی نوێوە و بەهێزی زیاترەوە بەردەوام نوێ ئەپدەیت دەبنەوە.

فەهمی هوەیدی لە کتێبی "التدين المنقوص"دا وەسفێکی ورد و زیرەکانەی بۆ ئەو ناهاوسەنگییەی عەقڵی ئاینی و زانا و بانگخوازە ئاینییە ئیسلامییەکان لە زێدە بایەخدان بە مەسەلە عیبادی و ئوخرەوییەکان و پەراوێزخستنی کێشە و قەیرانە ژیانییە دەستەویەخەکانی کۆمەڵگەدا، کردووە، کە بە گرینگی دەزانم لێرەدا پوختەیەکی تۆمار بکەم.

هوەیدی دەڵێ "جیاکردنەوەی ئاین و دنیا بە روونی لە بنیاتی عەقڵیی ئێمەدا لە لایەک و لە گوتاری ئیسلامیدا بەگشتی لەلایەکی ترەوە بەرقەرارە، بەو واتایەی گشتاندنێکی رۆشنبیری ئەو جیاکردنەوەیە کەڵەکە و پشتئەستوور دەکا و تەلقینێکی ئاینیش بەو ئاراستەیە کار دەکا".

دواتر دەڵێ "لە ئاست ئەو تەرکیزکردنە بەردەوامە لەسەر مەسەلەکانی عەقیدە و عیبادات، زۆربەی قسەکەران بەناوی ئیسلامەوە بازنەی

مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسەکانی دنیا تەسک کردووەتەوە و وای لێ هاتووە بێشەرعی و گوناهەکان تەنیا تایبەت بێ بەپێشێلکردنی سنوورەکانی ئەخلاق و رەوشتە پەسەندەکان و کەموکورتی لە عەقیدە و بەجێهێنانی فەرزەکان و سونەتەکاندا، گوێمان لێیان نابێ هیچ بڵێن کاتێ مافەکانی خەڵک پێشێل دەکرێ، یان سامانی هەژاران فەرهود دەکرێ، یان بەهاکانی سستی و تەمبەڵی و زیادەڕۆیکردن لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەبنەوە. ئێمە نازانین چۆن بەفیرۆدانی سامانی گشتی گوناه و تاوان نییە و چۆن پشتبەستنی تەواوی وڵات بە دەرەوە بۆ دابینکردنی نانەکەی بە مونکەرێک دانانرێ کە پێویستە بگۆڕێ؟ چۆن بەقاچاخبردنی شمەکەکان و دراوی نیشتمانی و تێکدانی بناخەی ئابووریی وڵات خراپەکاری نییە لەسەر زەویدا؟"

هەروەها دەڵێ "ئەرکی زانا و بانگخوازەکانی ئیسلامە بەپلەی یەکەم، کە ببنە نموونە لە شەڕکردن لەپێناو چەسپاندنی هەق و بەرقەرارکردنی دادپەوەری و بەرگری لە ئازادی و کەرامەتی خەڵک".

هوەیدی رەخنە لە گوتاری ئیسلامییەکان و زانایانی ئاینی لەو بارەوە دەگرێ کە خەمە ئینسانییەکانیان نەکردووەتە بەشێک لە ئەولەویاتی کار و خەباتیان و دەڵێ "گوتاری ئیسلامی وای لێ هاتووە بایەخ بە بابەتگەلێکی بێئەندازە دەدا، بێ ئەوەی مەسەلەکانی رۆژ و نیگەرانییەکانی خەڵکی تێدا بێ، تا ئەو رادەیەی هەندێ جار وا دیارە وەک ئەوەی لە سەردەمێکی ترەوە یان رەنگە لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبێ، ئەو مشتومڕەی لەنێو گەنجاندایە لەبارەی تێکەڵبوونی کوڕ و کچ و نیقاب و گێڕانەوەی خەلافەت و راستیی فەرموودەکانی مەحەمەدی مەهدی، نموونەی ئەو بابەتانەن کە پێیانەوە سەرقاڵن".

لە جێیەکی تردا دەڵێ "هەرچی گوتاری شێخەکان (زانایانی ئاینی)یشە، هەمان دوورییان لە واقیع هەیە... وتاربێژێکی هەینی وتارێکی دوور و درێژی دا لەبارەی بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی گرتن یان بەردانەوەی دەست لە نوێژدا، بەڵام کاتێ ویستی قسە لەسەر قەرزەکانی میسر بکا، بەکورتی ئەوەی

به جەماوەری ناوجەرگەی قاهیرەدا چرپاند کە چارەسەر لە یەک شتدایە، ئەویش داوای لێخۆشبووونە لە خوا (ئیستغفار) و دوورکەوتنەوەیە لە کارە بەد و خراپەکان، ئەو کاتە بەڵێنی خوا بۆ نوح پێغەمبەر دێتە دێ کە دەفەرمووێ "یرسل السماء علیکم مدرارا، ویمددکم باموال و بنین و یجعل لکم جنات و یجعل لکم انهارا".

دوای ئەوە دەڵێ "ئێمە نرخی ئاین نازانین لە کاتێکدا ئایندارەکان بار بن بەسەر غەیری خۆیانەوە، ئیسلامەتی ئێمە دروست نییە لەکاتێکدا موسڵمانان نانەکەیان لە غەیری خۆیانەوە هاوردە دەکەن... هەندێ لە فەقیهەکانمان ئاڵۆسکان و تورە بوونی خۆیان راگەیاند کاتێ زانکۆی ئەزهەر بەشداری کرد لە پرۆژەیەکی ئەمەریکایی بۆ سنووردارکردنی وەچە، بەپاساوی ئەوەی گومانێک لە شەرعیبوونیدا هەیە، بەڵام بە خەیاڵی کەسدا نەهات بیر لە شەرعیەتی پشتبەستنی سەراپای ئومەت بە گەنمی ئەمەریکایی بکاتەوە".(٥٥)

ئەم خۆدابرینە لە خەمەکانی خەڵک وای کردووە وتارەکان ئەو گەرموگورییەی پێویستە تێیاندا بێ لە دەستیان داوە، چونکە بابەتە روحی و ئیمانی و عیبادییەکان شتی جێگیر و دووبارەن و ساڵانە لە بۆنەکاندا دووپات دەبنەوە و گوێی گوێگر چیی تر چێژ لە بیستنەوەیان نابینێ، بەڵام کێشە و خەمەکانی خەڵک هەموو کات لە گۆڕان و پەرەسەندندان، لەبەرئەوە باسکردنیشیان زیندوویەتی و گەرموگورییەکی وای تێدایە گوێگر لە بیستنی وەڕس نابێ.

سەرەتای دووهەزارەکان بوو، لە مزگەوتەکەی نزیک ماڵمان لەبەر هەر هۆیەک بوو لە ٣ هەفتەدا ٣ خەتیبی جیا وتاریان تێدا دا، هیچ پێتان سەیر نەبێ کە دەڵێم هەرسێکیان، بەبێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێ، بابەتی خوتبەکەیان باسی مردن بوو.

باسەکانی مردن بەشی شێریان بەردەکەوێ، بەدوای ئەودا باسەکانی وەک عەزابی قەبر و بێنرخیی ژیانی دنیا و گوناهباریی مرۆڤ و پایەکانی ئیمان و وردەکارییەکانی چوار پایەکانی ئیسلام و خوێندنی ویردەکان زۆرترین

بایەخیان پێ دەدرێ، بەڵام کێشە زیندووەکانی خەڵک وەک گەندەڵیی سیاسی و ئابووری، پاشکۆیی ڕۆشنبیری و مەعریفی، زاڵبوونی عەقڵیەتی بەکاربردن و کزیی بەرهەمهێنان، کێشەی نیشتەجێبوون، کێشەکانی لاوانی کوڕ و کچان، بەتاڵە و بێ کاری، لاوازیی ئاستی زانستیی گشتی، توندڕەوی ئاینی و نەتەوەیی، لاوازبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لاوازبوونی هەست بە بەرپرسیاریەتی، پیسبوونی ژینگە، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، هۆشیاریی تەندروستی، نەخوێندەواری، توندوتیژیی خێزانی، قەیرەیی. بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و چەندان کێشەی تری ناوەخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی، کەمترین بایەخیان پێ دەدرێ.

## ساناکردنی کێشە ئاڵۆزەکان

یەکێک لە گرفتەکانی گوتاری وەعزی بەگشتی ئەوەیە ناتوانێ لە سروشتی مرۆڤ و ئاڵۆزییەکانی ژیان و مەرج و پێداویستییە کۆنکریتییەکانی سەرکەوتنی پرۆژەکانی گۆڕانکاری و چاکسازی و لەمپەرە حەتمییەکانی بەردەمی تێ بگات، یان لانی کەم هەوڵ نادات تێیان بگات لەبەرئەوە کێشەکان سانا دەبینێ و لێرەیشەوە پێی وا بێ چارەسەری ئەو کێشانە ئاسانە، تا ئەو رادەیەی پێی وا بێ تەنیا بە پابەندبوونی خەڵک بە هەندێ دروشم و ئیلتیزاماتی روحیی ئاینیی، ئەو کێشە و قەیرانە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ژینگەیی و تەندروستی و زانستییانەی کۆمەڵگەکانی ئەمرۆی دنیا بەو هەموو ئیمکانات و بەرنامەڕێژییەی هەیانە، لە ئاست چارەسەرکردنیاندا دەستەوەستانن، وەک بەفری بەهار لەبەر تیشکی هەتاودا دەتوێنەوە.

چەندان جار لە وتارەکاندا بیستومە کە هۆکاری هەموو کێشەکانی ئێمە، لە گرانیی، وشکەساڵی، شەڕوشۆڕ، هەژاری، بێ کاری، نەخۆشی، دواکەوتوویی، کێشەکانی خێزان، دووریمانە لە بەرنامەی خوا و چارەسەریش گەڕانەوەمانە بۆ سەر رێگەی ئیمان و بۆ لای خوا، ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی سەدری ئیسلام و سەدە یەکەمەکانیشدا، کە بە (خیر القرون) ناسراون، ئەو کێشانە هەر هەبوون و لە هیچ کۆمەڵگەیەک نەبڕاون.

یان بیستومە دەڵێ ئەگەر رۆژانە ئەوەندە قورئان بخوێنیت ئیتر کێشە روو لەو ماڵە ناکات.

یان وتاربێژیکی تر لە مانگی ئایار/مایسی ٢٠٠٩ لە وتارێکیدا بە متمانەوە باسی لە چارەسەرە سیحرییەکەی پرۆژەی ئیسلامی دەکرد لەناو دەوڵەتی

ئیسلامیدا و دەیوت: "کاکە دەوڵەتی ئیسلامی خانییەکی چاکت دەداتێ، معاشەکی چاکت دەداتێ؟ ژنێکی چاکت لۆ دێنی، سەیارەیەکی چاکت دەداتێ، ئیتر چت دەوێ؟!". وەڵا لەوە زیاتر هیچ!

ئاخر مامۆستای قەدرگرانم! ئەو قسەیە ئەگەر راست بێ، تەنیا بۆ خەڵکی عێراق و وڵاتانی کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوت نییە کە رەنگە حکومەتێکی دادپەوەر بەبێ ڕشتنی ئارەقێکی زۆر و بەپارەی مشەی نەوت بتوانێ شتێکی وا بکات، بگرە دەبێ وڵاتانی هەژاری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینیش بگرێتەوە.

جا ئایا حکوومەتی ئیسلامی، ئەو حکوومەتەی مامۆستا هیچی لەبارەی پلانە ستراتیجییە چەند ساڵانەکانی بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشە ئاڵۆز و درێژخایەنانە باس نەکرد، دەتوانێ بە"سەبرێک و دوو فوو" ژن و (مێرد و) سەیارە و خانوو و مووچەی شیاو بۆ هەموو هاووڵاتییەک دابین بکات؟.

**ماوەی وتار:**

درێژیی ماوەی وتارەکانی هەندێ لە وتاربێژەکانیش، کە زۆرجار دەبێتە هۆی وەڕسکردنی ئامادەبووان، یەکێکی ترە لەو خاڵانەی جێی رەخنەن، ئەگەرچی زۆر جەوهەری نییە.

ئەو کەسەی وتار بۆ جەماوەر دەدا هەموو کات حەزی لەوەیە وتارەکەی بۆ زۆرترین ماوە درێژ بکاتەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە وتاربێژێکی لەبلەبان و قسەزان و پشوودرێژ بێ و خەڵکەکەیش سەرنجی بدەنێ و بەبایەخەوە گوێی بۆ بگرن.

بەڵام ئەوانەی گوێ دەگرن دوای ماوەیەکی کەم، رەنگە کەمتر لە نیو سەعات، تاقەتیان دەچێ و خواخوایانە وتارەکە زووتر کۆتایی بێ، بەتایبەت ئەگەر بابەتی وتارەکە شتێکی ئاسایی و بیستراو بێ و بابەتێکی ورووژێنەر نەبێ، کە ببێ هۆی وریاکردنەوەیان.

ئەمە بۆ هەموو وتار و موحازەرەکان بەگشتی، ئاینی بن یان رۆشنبیری

یان فەلسەفی یان زانستی، وایە، ئەوەندە هەیە رەنگە لە وتارێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە وتاربێژ و موحازیرێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە جەماوەرێکەوە بۆ جۆرێکی تر لە جەماوەر گۆڕانێکی رێژەیی هەبێ.

لە وتارەکانی هەینیدا حاڵەتیکی تایبەت هەیە وا دەکات کێشەی درێژیی وتارەکان بێ بە باو و درێژە بکێشێ، ئەویش ئەوەیە لە کاتی خوتبەدا بابای وتارخوێن وتار دەدا و خەڵکەکە تەنیا گوێ دەگرن و بە هیچ شێوەیەک بۆیان نییە قسە بکەن، رەخنە لە بۆچوونەکان بگرن، یان بڵێن ئیتر بەسە، یان لانی کەم پێش تەواوبوونی خوتبەکە هەستن کۆبوونەوەکە بەجێی بێڵن، چونکە گوێگرتن لە وتاری هەینی بەشێکە لە رێوڕەسمی نوێژی هەینی و نوێژەکەیش دوای تەواوبوونی وتار ئەنجام دەدرێ.

خۆ ئەگەر نوێژکردن پێش خوتبە بوایە، رەنگە ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان دوای نوێژەکە هەستابان و گوێیان لە خوتبەکە نەگرتایە، ئەوەتا دەبینین زۆر کەس لە نیوەی خوتبە و هەندێکیان لە کۆتاییەکانی و هەندێکیان چەند دەقیقەیەک پێش لە دەست پێکردنی نوێژ دێن بۆ مزگەوت، ئەوەیش مانای وایە دڵگەرم نین بۆ گوێگرتن لە وتارەکان، بەتایبەت لەو مزگەوتانەی وتاربێژەکانیان تا رادەی وەڕسبوونی زۆرێک لە ئامادەبووان وتارەکانیان درێژ دەکەنەوە.

هەروەها سەرنجدانی سەدان کەسی نێو مزگەوتیش لە وتاربێژەکە لەو کاتەی وتار دەدا، هەستێکی لە خۆڕازیبوون و ورووژاندن لای وتاربێژ دروست دەکات و وا هەست دەکات خەڵکەکە تامەزرۆی قسەکانن و حەز دەکەن بەردەوام بێ، بۆیە زیاتر درێژی دەکاتەوە، کە مەرج نییە ئەم بۆچوونەی دروست بێ.

هەروەها ئەوەیش کە هەندێ کەس بەڕاستیان بێ یان بۆ موجامەلەکردن بێ، لای وتاربێژەکە ستایشی وتارەکانی دەکەن و بە "بەهێز و هاوچەرخ و کاریگەر" ناوی دەبەن، زیاتر وتاربێژ هان دەدا درێژە بەدرێژکردنەوە بدا و درێژتریشی بکات و چیی تر گوێ بەو دەنگانەیش نەدا کە داوای کورتبڕی لێ

دەکەن، چونک پێی وا دەبێ ئەو رەخنەیە شتێکی شەخسییە و ئەو چەند کەسە لە ئیمان لاوازیی یان تەمەڵی و بێ حەوسەڵەییی خۆیانەوە چاویان بە وتارە بەهێز و کاریگەرەکانی ئەوان هەڵنایەت، ئەگینا وتارەکان زۆر باشن و درێژ نین.

هەندێ لە وتاربێژان درێژیی وتارەکانیان بە نیشانەی بەهێزی دەزانن بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوە ئامادەبووان تووشی بێزاری و خەوبردنەوە دەکات، ئەمە جگە لەوەی خەڵکێکی زۆر هەن رەنگە نەخۆش بن، ئازاریان هەبێ، پەلەیان بێ، برسییان بێ، سەرما و گەرمایان بێ، نەتوانن ئەوەندە خۆیان راگرن، کەچی بابای وتاربێژ لەم بابەتەوە دەیبات بۆ ئەو بابەت و خاڵ بەدوای خاڵ وتارەکەی درێژ دەکاتەوە بێ گوێدانە حاڵەتە تایبەتەکانی ئامادەبووان.

بۆ خۆم حاڵەتم بینیوە لە قرچەی گەرمای هاویندا دەیان نوێژکەر لە رەمەزاندا لەبەرخۆر دانیشتوون و چین چین ئارەقیان دەرداوە و هەسکەهاسکیان پێ کەوتووە و برستیان لەبەر براوە، وتاربێژیش بەکاوەخۆ درێژەی بە وتارەکەی دەدا.

جارێکیان مامۆستایەک لە یەکێک لە مزگەوتەکانی هەولێر، کە بەشێوەیەکی کاتی لەجیاتی مامۆستای مزگەوتەکە خوتبەی دەدا، بەرنامەیەکی تەواوی بۆ باسکردنی لە ئەلیفەوە تا (ی)ی ئاینی ئیسلام دانا و برگە بە برگە شی دەکردەوە، هەر درێژی کردەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی پیرە پیاوێک گەیشتە گیانی و هەستایە سەرپێ و وتی "مامۆستا بەسە! ئێمە ئیختیارین میزمان پێراناگیرێ"، کەچی ئەو لە باتی داوای لێبووردنکردن وتی "خۆ کاتمان ماوە هێشتا".

ئەم درێژدادرییە ناپێویستە لە کاتێکدایە سونەت وایە مرۆڤ کاتێ پێشنوێژی بۆ خەڵک دەکات، یان وتار دەدا بە کورتی بیکات، ئەوەتە لە فەرموودەیەکی سەحیحدا کە "پێنج ئیمامەکە "الخمسە" ریوایەتیان کردووە ئەنەس دەگێڕێتەوە: لە دوای هیچ پێشنوێژێکەوە نوێژم نەکردووە سوکتر و

تەواوتر بێ لە پێغەمبەر (د.خ) و ئەگەر دەنگی گریانی منداڵێکی ببیستایە نوێژەکەی کورت دەکردەوە نەوەک دایکەکەی سەری لێ بشێوێ".

هەروەها لە ریوایەتێکی تردا کە پێنجەکە جگە لە بوخاری گێڕاویانەتەوە جابری کوڕی سومەرە دەڵێ "لەگەڵ پێغەمبەر نوێژم دەکرد، نوێژەکەی مامناوەند و وتارەکەی مامناوەند بوو.

لە ریوایەتێکی تردا کە موسلیم و ئەحمەد ریوایەتیان کردووە عەمار دەڵێ "لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو درێژیی نوێژی پیاو و کورتیی وتارەکانی نیشانەی شارەزاییەتی".(٥٦)

خۆشبەختانە لە لێکۆڵینەوە و ڕاپرسیەکدا کە دوو توێژەری کۆمەڵایەتی بە هاوکاری وەزارەتی ئەوقافی هەرێم لە ماوەی ٦ مانگدا لە هەولێر ئەنجامیان داوە ٨٧٪ی کۆی ئەو ١٣٥ وتاربێژ و پێشنوێژانەی ڕایان وەرگیراوە، پێیان باش بووە وتارەکانی ڕۆژانی هەینی لە نیوکاتژمێر تێپەڕ نەبێ و داوایان کردووە وەزارەتی ئەوقاف ئەوە بکاتە ڕێنوێنی گشت مزگەوتەکان...، ئەمە بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی وەزارەتی ئەوقافی هەرێم لە ٢٠١٠/٤/٦ ئەم هەواڵە ئومێدگەیێنە ئەگەرچی کەمتر لە نیو کاتژمێریش بێ ڕوح سووکتر و باشترە.

ئاخر خەڵک هەیە نەخۆشە، هەیە پیر و پەک کەوتەیە، هەیە ئازارێکی هەیە، هەیە کاری بەجێ هێشتووە، هەیە نەخۆشی بەجێ هێشتووە، هەیە هەژارە و پێویستە بچێت بەدەم کارێکەوە. بەڵام زۆرێک لە وتاربێژەکان، بەتایبەت ئەوانەیان کە خۆیان بە جەماوەری و زیندوو دادەنێن، خۆ لەم فەرموودانە نەبان دەکەن، کەچی هەندێ جار لەسەر سەرپێچیکردنی خەڵکێک لە فەرموودەیەکی تر هەڵایەک لە وتارەکانیاندا دەنێنەوە؟

# دوا وته

له کۆتاییی ئەم هەوڵەدا ئەم چەند پێشنیازە دەخەمە بەردەست مامۆستایانی ئاینیی و هەر کەس و لایەنێکی پێوەندیدار، بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی جۆرایەتی لە وتارەکانی هەینیدا، کە وەک وتم یەکێ لە ناوەندە سەرەکییەکانی ئاراستەکردن و دروستکردنی رای گشتییە:

١- دەرچووانی قوتابخانە و کۆلێج و پەیمانگە ئاینییەکان بەگشتی و وتاربێژەکان بەتایبەتی خۆیان لە چوارچێوەی سەرچاوە فیکری و فیقهییە ئاینییەکاندا قەتیس نەکەن و بە رووی سەرچاوە فیکری و زانستییە هاوچەرخەکانیشدا بکرێنەوە، تا بتوانن ئاین لەگەڵ عەقڵ و واقیع پێکەوە گرێ بدەن، چونکە عەقڵێکی ئاینیی دابڕاو لە واقیع و رۆحی سەردەم ناتوانێ لەگەڵ واقیعی نوێ هەڵبکات و داهێنانێک پێشکێشی واقیع بکا، یان ئیدارەی بکا.

ناکرێ زانایەک یان وتاربێژێک کە قسە بۆ هەزاران کەس لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵ دەکات، یان بە نوێنەری ئاینێک دادەنرێ و هیچ دوور نییە رۆژێ لە رۆژان بۆ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە دایەلۆگ و ململانێی ئاین و فەلسەفە و شارستانیەتەکان بانگهێشت بکرێ، کەچی لە بواری شارەزایی لە فیکری هاوچەرخ و ئاین و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیاکانی دنیادا نەخوێندەوار بێ.

٢- وتاربێژەکان هەوڵ بدەن بە رووی سەرچاوەکانی کولتووری دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و لێبووردەیی و پێکەوەژیاندا بکرێنەوە و خۆیان قەتیس نەکەن لە قۆزاخەی کولتووری سیاسیی بەرکار لە مێژووی سیاسیی ئیسلامیدا، کە سیستەمێکی میراتی و بنەماڵەیی و جەنگی بووە و زۆر

جاران خەلیفە یان سوڵتان یان میر هەقی بەخۆی داوە بەسووک و ئاسانی لەسەر هەڵەیەک بەڕاست و چەپدا خەڵک بکوژێ و نەیارانی لەناو ببات و ئەوەش لای خەڵکەکە بووەتە شتێکی ئاسایی(٥٧)، ئەمە لە بارێکدایە ئەو کولتوورە سیاسییە شتێک نەبووە دەقێکی نەگۆڕی لەسەر بووبێ تا موسڵمانانی سەردەمە لە دوای یەکەکان ناچار بن لەسەری برۆن، بگرە کولتوورێکی بەشەریی باو بووە لەو سەردەمەدا کە هێز و بنەماڵە باڵادەستەکانی ئەو سەردەمانە پەنایان بۆ بردووە و کردوویانەتە بناخە و چوارچێوەی سیستەمی دەسەڵاتدارییان و بەرامەیەکی ئاینییان پێ داوە.

ئەگەر ئەو سیستەمە مەرکەزی و توندوتیژ و ناشوورایی و نالێبووردەیە، کە تەنانەت لەگەڵ زهنیەتی شوورایی سەردەمی راشدینیشدا ناکۆکە، بۆ ئەو سەردەمە، لەبەر ناچاری، پاساوێکی هەبووبێ و تەنانەت زۆرێک لە گەورە زاناکانیش تەئسیلیان بۆ کردبێ یان لێی بێدەنگ بووبن، ئەوە درێژەپێدان یان لاساییکردنەوە و جێ پێ هەڵگرتنی ئەو کولتوورە شمولی و بێ ڕەحمە لەم سەردەمەدا هیچ پاساوێکی نییە.

جێی نیگەرانییە کە هێشتا ئەو زهنیەتە لای ئێمە حزوری خۆی هەیە، هەر بۆیە بەئاسانی بڕیار لەسەر تەفسیق و تەخوینی نەیارانمان دەدەین و خۆزگە دەخوازین "دەستیان بشکێ" و "زمانیان ببڕدرێ".

پێویستە لەوە تێ بگەین کە دەکرێ لەبری ئەو سیستەمە مەرکەزییە و کولتوورە سەنترالیزمەکەی، دیموکراسیەت و لێبووردەییش بکرێنە بناخە بۆ کولتووری ئیسلامی و سیستەمی سیاسیی ئیسلامی.

٣- وتاربێژان دەست هەڵگرن لە زمانی هەڕەشە و هەڵنانی جەماوەر لە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە دەربڕینی بیر و بۆچووندا (مەسەلەی سوکایەتیکردن شتێکی ترە و دەبی یاسا ڕێی لێ بگرێ) و خۆیان لەو گۆشەگیرییە لە دنیای رۆشنبیری و رۆژنامەنووسیی کوردستان و خۆقەتیسکردن لە ناوەندە ئاینییەکەدا بێننە دەرێ و لەبری ئەوە هەوڵ

بدەن ببنە بەشێک لە ڕەمزەکانی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و فیکریی کوردستان و لەگەڵ گۆڕەپانە ڕۆشنبیرییەکە کارلێک بکەن، کاری تێ بکەن و لێوەی فێربن و ئەو بەستەڵەکە دەروونییە بشکێنن کە لەگەڵ ڕۆشنبیراندا دروست بووە.

هەندێ لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی سیکیولار، لە دنیایەکی تەواو جودا لە دنیای مامۆستایانی ئاینی و خەڵکە موحافیزەکەدا دەژین، هاوکات وێنایەکی تەڵخیان بۆ پیاوانی ئاینی و کۆی عەقڵی ئاینی و ڕەنگە هەندێکیان بۆ خودی ئاینەکەیش هەبێ، لێرەوە شتێکی چاوەڕێکراوە بە ڕاستەوخۆ بی یان بە ناڕاستەوخۆ پەلاماری ئەو دنیایە بدەن و هەندێ جار سنووری قبووڵکراویش ببەزێنن.

ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینی و هەر خەڵکێکی باوەڕدارە بەرگری لەو بەها و باوەڕ و ئاکار و سیاسەتانە بکا کە باوەڕیان پێیەتی و کەس بۆی نییە ئەم مافەیان لێ زەوت بکا، بەڵام پێویستە ئەوە بە زمانی نووسین و بە چەکی قەڵەم و بە گیانی لێبووردەیی و باوەڕبوون بەجیاوازییەکان و دوور لە تەکفیر و تەفسیق و تەخوین و هەڵنانی شەقام و گرژکردنی کەشی کۆمەڵایەتیی کوردستان ئەو کارە بکەن.

هەرچی مەسەلەی سوکایەتیکردنە، ئەوە کارێکە لە دەرەوەی بازنەی را و ڕای جیاواز و پێویستە یاسا و دەوڵەت تێیدا بێنە جواب و لایەنی دەستدرێژکار دیاری بکەن و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن.

لە بارێکی وادا هەر وەک سوکایەتیکردنی قەڵەمێکی سەرەڕۆ بە پیرۆزییە ئاینییەکان دەبێتە سەرپێچییەکی یاسایی، بەهەمان شێوە پەنابردنی مامۆستایەکی سەر مینبەریش بۆ تەکفیر و تەفسیق و جوێندان و هەڵنانی خەڵک لەو کەسانە، ئەمیش هەر سەرپێچییە.

کرانەوەی مامۆستا و زانایانی ئاینی و دەرچووانی قوتابخانە ئاینیەکان بەڕووی ناوەندی ڕۆشنبیری و میدیای کوردیدا، وا دەکات ئەو مەیدانە قۆرخ نەبێ لەسەر ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرانەی بەلای پیاوانی ئاینیی

ئێمەوە دژی ئاین دەنووسن، لە بری ئەوە دەتوانن ئەوانیش ببنە رەگەزێکی کارای ئەو مەیدانە و هەر بەو زمانەی نەیارانیان هێرش دەکەن و رەخنە دەگرن، وەڵامیان بدەنەوە.

هەروەک دەتوانن فێری لۆجیک و زمانێکی نوێی گفتوگۆ ببن جیاواز لەو زمانە کلاسیکییەی دوانگەی مزگەوتەکان، بەمەیش نیشانی دەدەن کە ئەوان تەنیا حافیزی قورئان و حەدیس نین کە نەزانن لە دەرەوەی ئەو دوانە گفتوگۆیەک بەرپا بکەن، بگرە لە پاڵ زانستە ئاینییەکەدا چەکدارن بە زمانی زانست و بیری نوێیش.

٤- کرانەوە بە رووی تەفسیر و خوێندنەوە نوێیەکان بۆ دەقەکانی قورئان و فەرمووده و خۆقەتیس نەدان لە چوارچێوەی تەفسیر و سەرچاوە کلاسیکییەکاندا، چونکە ئەوە یەکێ لە پێداویستییەکانی نوێکردنەوەی ئاینە، کە یەکێ لە خاسیەتەکانی ئیسلامە.

جێی داخە لە کاتێکدا هەموو لا باس لەوە دەکەن "ئیسلام بەردەوام پێویستی بەوەیە نوێ بکرێتەوە" کەچی کار بۆ ئەم نوێکردنەوەیە ناکرێ، بگرە وەک یاخیبوونێک تەماشای هەر هەوڵێک بۆ خۆراپسکاندن لە قاوغە کلاسیکییەی فیکر و تەسەوراتی ئیسلامی دەکرێ.

لە بارێکی وادا و لەنێو ئەو بازنە بڤەرێژکراوەیشدا ئەنجامدانی نوێکردنەوە مەحاڵ دەبێ، بەتایبەت کە زانایان خۆیان خۆ لە قەرەی نەدەن و چێژ لەوە ببینن کە پابەندێکی دڵسۆزی تێگەیشتنە کلاسیکییەکانن.

ئەرکی ئەوانە ئاین و ژیان، ئاین و زانست، ئاین و عەقڵ، ئاین و گۆڕان، ئاین و پێشکەوتن، ئاین و لێبووردەیی، ئاین و چاکسازی، ئاین و داهێنان پێکەوە گرێ بدەنەوە و تەرزێکی تازە لە بیرکردنەوە و هۆشیاری و دنیابینی و کولتووری ئاینی بەرهەم بێنن، کە ئەو زنجیرە دوالیزمانە شانبەشانی یەکتر کار بکەن، نەک دژ بوەستن.

٥- وتاربێژان پەرە بە بیرکردنەوەی زانستیانە و رەخنەگرانەیان بدەن و لە ئاست دەق و گێڕانەوە و چیرۆک و هەواڵە باوەکاندا رەخنەگرانە مامەڵە

بکەن و لە مەحەکی عەقڵ و مەنتیق و لێکدانەوەی واقیعییانەیان بدەن، ئەنجا لە وتارەکانیاندا باسیان بکەن، بەتایبەت لە مەسەلەی بەکارهێنانی فەرمووده و چیرۆکەکانی نێو کتێبەکانی مۆچیاریدا و خۆ دوور بگرن لە چیرۆکی دوور لە واقیع و نزیک لە ئەفسانە و خەیاڵ.

تێبینی دەکرێ زۆرێک لە وتاربێژەکان ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگە چیرۆکێک بگێڕنەوە کە زۆرترین سەرسوڕمان و حەپەسان لای ئامادەبووان دروست بکات، ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییە ئاخۆ ئەو چیرۆکە لە رووی مەتن و ناوەرۆک، یان لە رووی سەنەدی مێژوویییەوە چەندە راست و واقیعییە، هەروەها چەندە خزمەت بەبیرکردنەوەی هۆشیارانە و عەقڵانیی خەڵکەکە دەکات.

٦- هەروەها گرینگە کە مۆچیارانی ئاینیی وردتر لە سروشتی ئاڵۆزی ژیان و مرۆڤ و مێژوو و یاسا گەردوونییەکان رامێنن و دەرک بە زەحمەتییەکانی سەر رێگەی گۆڕانکاری و چاکسازیی کۆمەڵگە بکەن، نەک تەنیا لە روانگەی دەقە تەجریدییەکانەوە بۆیان بڕوانن و پێیان وا بێ تەنیا لە رێی مۆچیاری و وتاری حەماسییەوە دەتوانن مرۆڤەکان وەک قورەسناعە بەئارەزووی خۆیان بشێلن و وێنەی جۆراوجۆریان لێ دروست بکەن.

گرینگە بە سانایی لە ژیان نەڕوانن و پێیان وا نەبێ چارەسەری کێشەکان و بردنە سەری بەڵێنە گەورەکان کارێکی ئاسانە و تەنیا نیەتپاکی و لێبڕان بەسە، پێیان وا نەبێ هەر ئەوەندەی خەڵک روویان کردە مزگەوتەکان و عیبادەتەکانیان ئەنجام دا و جار جار لە ترسی خوا گریان، رەمەزانان خەتمی قورئانیان کرد، ویردەکانیان رەوان کرد ئیتر لە ئاسمانەوە خێرات دەبارێ، برسیەتی و شەڕوشۆڕ و نەهامەتی و ستەمکاری و ناعەدالەتی و هەژاری و نەخۆشی و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ژینگەیییەکان نامێنن و لە مێژوو دەچنە دەرەوە.

پەروەردەکردنی زهنیەتی خەڵکی موسڵمان بەم لۆجیکە زیانی هەیە و

سـوودی نییـە، چونکە خـەڵک تووشی شـۆک دەکات کـاتێ دەبیـنن لە هیچ گـۆشـەیەکی سـەرزەویدا، لە کـۆن و نوێدا، کـە وێنەی کـۆپیی جـیـاواز لە ئیسلامـەتی و بزاوتی جۆراوجـۆری ئاینیی تێدایە، ئەو یۆتیـۆپیا خـەیاڵییـە نەهاتووەتە دی کە باس دەکرێ.

دینداریکردن بـەتەنیـا نـابێـتـە هۆی زیـادبوونی بـەرهـەم و بەرقـەرابـوونی عـەدالەتی کۆمـەلآیەتی و نەهێشتنی سـتـەم و نەخۆشـی و نەخـوێندەواری و پێـشـخـسـتـنی کـۆمـەڵگە و نەمـانی وشکەسـاڵی و رێگرتـن لە رووداوە سـروشتییـەکانی وەک لافاوی تسـۆنامی و گڕکان و بلەرزە و نەخـۆشـییـە ترسناکەکان.

روونتـرین بـەڵگە لەسـەر ئـەمـە ئەوەیە پێـغـەمـبـەران و یاوەرانیـان کـە خۆشـەویستترین مـرۆڤەکانن لای خوا، ئەو دنیـا خـەیاڵییـەیان بۆ فـەراهـەم نەبووە، بگرە ژیـانێکی ئـاسـایی، کە نـاخـۆشـییـەکان بەشـێکی جـەوهـەرین لێی، ژیاون.

کەوابێ ئەو دنیا خـەیاڵییـە کە وا گـومـان دەبرێ لە رێی وابەسـتـەبوون بە رێنوێنییـە ئاینییـەرۆحییـەکانەوە، لە ئاسمـانەوە لەسـەر سـفرەیەکی حـازر بۆمان دادەبەزێنرێ، شتێکە ئاین ئیدیعای نەکردوە، بگرە بەرهـەمی عەقڵی مرۆڤە مـۆچیاریکارەکانە و سادەکارییەکی ترسناکە بۆ کێشـەکانی ژیان و تێڕوانینی ئاین بۆ شێوەی چارەسـەرکردنی ئەو کێشانە.

٧- وتاربێـژەکـان ئـاورێکی مـرۆڤـدۆسـتـانە لە مـرۆڤ بدەنەوە وەک مـرۆڤ، بـاسکردن لە خـــەم و ئازارەکـــانی یـەکـــێک لە تـەوەرە ســـەرەکی و هـەمیشـەیییـەکانی کارەکانیان بێ و هـەوڵ بدەن ئەو هـەسـتـە ئینسـانییە لای خوێەرانیش بکەنە کولتوور، تا مرۆڤەی مـوسـڵمان ببێتە نموونـەی مرۆڤی مرۆڤدۆست.

ناکرێ تۆ خۆت بە "خیر امة اخرجت للناس، تامرون بالمعروف و تنهون عن المنكر" دابنێیت، بەلآم کەمـترین کارلێک و ورووژانت هـەبێ بۆ کێشـەکانی

مرۆڤـایەتی. ناکرێ هۆشی ئیسـلامی بەزەیی و سۆز و هـاوکارییەکـانی تەنیـا بـۆ هـاوئاینەکـانـی خـۆی بێ و ئەگـەر دنیـای نائیـسـلامی تاعـوون، تسونامی، گڕکان و بلەرزە، شەڕوشـۆڕ، برسیەتی قڕی بکا، هەستی بۆی نەبزوێ.

دەبێ ئـەم دنیـا بێ دڵە بـەجێ بێـڵن و ببنە هەڵگری خـەم و خـەونەکـانی مرۆڤەکان، ئەو کاتە گوتارەکانیان هەموو کات سەوز و کاریگەر دەبن.

٨- لایەنگریی زەق بۆ دەسـەڵات و حـزب لە هـەیبـەت و سـەنگینی زانـای ئاینی کـەم دەکـاتـەوە. ئەوان دەبێ بەشـێک بن لە پێکهـێنـەرەکـانی کـۆمـەڵگەی مـەدەنی لە کـوردسـتـان کـە دەسـەڵات و حـزبـەکـان نـاچاری ریفـۆرم و بەخۆداچوونەوە بکەن.

خـۆ ئەگـەر بە ویسـتی خـۆیان بێ یان لەژێر پاڵەپەسـتـۆشـدا ناچـار بکرێن پێڕەوی لە سیـاسـەتی دەسەڵات یان حـزب بکەن، ئەوە دیسـان راگـرتنی هاوسـەنگی گرینگە و پێویسـتە لایەنگیـرییـەکە بۆ هێڵـە گشـتییـەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەییی گەلی کوردستان بێ و شۆڕ نەبێتەوە بۆ لایەنگری بۆ وردەکارییەکانی سیاسەتی حزبی حاکم، یان غەیری حاکم.

مـامـۆسـتـایانـی ئاینی وەک هـەر هاووڵاتیـیـەک مـافی خـۆیانە سـۆزیان بۆ هێزێکی سیاسی هـەبێ، یان تەنانەت ببنە ئەندام لە رێکخستنەکانی ئەو هێزەیشـدا، بەڵام لەم بارەدا دەبێ ئەوەیان لە لا روون بێ کـە بەو کـارەیان بەشێک لە جەماوەرەکەیان لە دەست دەدەن و چیی تر ئەو بەشە لە خەڵک، کە لایەنگری هێزەکانی ترن یان حەزیان لە سیاسـەت و حزبـایەتیکردن نیـیـــە و پێـــیــان وایە زانای ئـاینی دەبێ خـــەریکی ئایینداری بـێ نەک حـــزبـایـەتی، گـــوتاری ئەو زانا ئـاینیـــیـــە وەک بەشـــێک لـە گـــوتاری ئاراستەکراوی حزبەکەی سەیر دەکا، نەک وەک بۆچوونی خودی ئاینەکە.

لەلایەکی تریشەوە مافی خەڵک و ئاینەکەیشە کە ئەو زانا ئاینییە حزبییە، هەر حـزبێک بێ، لانی کـەم لە وتارەکـانی هەینی و بۆنەکـانی تری نێـو مزگەوتدا لە چوارچێوەی ئامۆژگارییە ئاینییە گشتییەکان دەرنەچێ و

میمبەری مزگەوت و پیرۆزیی شوێنەکە نەخاتە خزمەتی بەرژەوەندییە حزبییەکانی حزبەکەیەوە.

٩- ئەرکی حکوومەتیشە دوور لە هەر نیەتێکی سوڵتەوی و حزبی، مامەڵە لەگەڵ زانایانی ئاینی و رۆڵی میمبەرکانی مزگەوتدا بکا.

ئەرکی حکوومەتە وەک بەئاشکرا رای دەگەیەنێ کە پێویستە مامۆستایانی ئاینی بەکاری ئامۆگارییەوە خەریک بن و نەبنە یەکێک لە ئامرازەکانی شەڕی سیاسیی حزبە ئاینی و نائاینییەکان، بە کردەوەیش هەر بەو مەنتیقە بجوڵێتەوە و میمبەرەکان نەخاتە خزمەتی بەرژەوەندیی حزبە سیاسییە باڵادەستەکان و هەر کات پێویستی بە مەلاکان بوو کە باسی سیاسەتی بۆ بکەن، سیاسەتکردن واجبێکی ئاینیی ئەوان بێ و هەر کات پێویستی بوو بێدەنگ بن، ئیتر قسەکردنیان لە سیاسەت حەرام و قەدەخە بێ.

ئەم سیاسەتە دووفاقییە زانایانی ئاینی و میمبەرەکانی مزگەوت عەیبدار دەکات، هاوکات گومان لەسەر فەلسەفەی سیاسیی حکوومەت و هێزە باڵادەستەکان دروست دەکات، کە ئەوان بەدروشم عەلمانی و بە کردەوە تێکەڵەیەکن لە ئاینی و عەلمانی، ئەویش نەک لە خۆشەویستی و وابەستەییەوە بەئاین بگرە لە روانگەیەکی براگماتی و بەرژەوەندیی حزبییەوە.

لە رووی زانستیشەوە ئەرکی حکوومەتە کار بۆ بەهێزکردنی توانا زانستییەکانی زانایانی ئاینی بەگشتی و وتاربێژان بەتایبەتی بکا و میمبەری وتاردان نەداتە دەست هەموو دەرچوویەکی زانستگە ئاینییە فەرمی و نافەرمییەکان، چونکە وتاردان یانی رەنگرێژکردنی جۆری عەقڵیەت و ئاکاری گشتی و ئەوەش ئەرکێکی گەلێک سەخت و هەستیارە و ناکرێ بە هەموو کەس بسپێردرێ.

١٠- هاوکات ئەرکی رۆشنبیران و نووسەران و تەنانەت خەڵکی گشتیشە، رۆڵیان هەبێ لە چاکسازیکردن لە گوتاری ئاینیدا، بەتایبەت گوتاری

دوانگەکـانی رۆژی هـەینی، ئەویش بەوەی رێز و شـەرم رێی ئەوەیان لێ نەگرێ تێبینی و سـەرنجـەکانیـان بدەنە مـامـۆسـتـایانی ئاینی، چونکە بەدڵنیـاییـیەوە هـەمـوو گوێگران دوای هـەر وتـارێک هـەریەکە و بەشـێوە و رێژەیەک تێبینیی هەیە، ئەگەر دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی بۆت بکرێ گوێ لە دەمـەتەقێ سەرڕێی گەڕانەوەی نوێژکەران بگری دەبیستی زۆریان باس لە وتارەکـە دەکـەن. هـەندێ جـار مـرقـەمـرقـیـانە و رەخنەیان لە بۆچوونەکـان یان لە درێژیی وتـارەکـە هـەیە، هـەندێ جـاریش سـتـایشی دەکەن.

پێـویسـتـە خـوێندەواران و نووسـەران بە زمـان و بـە نووسین، خـەڵکە هۆشـیارە گشتیـیەکەیش بە زمان قسـەی خۆیان بەگوێی وتاربێژەکاندا بدەن، چونکە ئەوە هەم ئەرک و هەم مافی خۆشیانە.

***

## پەراوێزەکان

(١) بڕوانە: اسس التقدم عند مفكرى الاسلام، فهمى جدعان.

(٢) بڕوانە : مشاهير الكرد، محمد امين زكي، تعريب: الانسة كريمته، راجعة و نقحة محمد علي عوني، ١٩٤٧

(٣) حاجی قادری کۆیی، بەشی سێیەم، مەسعوود محەمەد، ل٢٧٩- ٣٩٥.

(٤) حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، مەسعوود محەمەد، ل٢٧٧-٢٨٦.

(٥) (٦) (٧) هەمان سەرچاوە ل ٢٩٥-٢٩٩. بڕوانە: ئاین لە فیکری مەسعوود محەمەددا، عومەر عەلی غەفور، ٢٠٠٩.

(٨) لەبارەی مێژووی فیکری چینی و ژینی فەیلەسووف و بیرمەندە دێرینەکانی چین بڕوانە: تاريخ تطور الفكر الصيني، تاليف: خة جا وو، بو جين جي، تانغ يو يان، صون كاي تين.

ترجمة: عبدالعزيز حمدي عبدالعزيز، المشروع القومي للترجمة.

(٩) العودة الي الذات، علي شريعتي، ترجمة: د. ابراهيم الدسوقي شتا، چاپی یەکەم ١٩٨٦. ل ١٠٠-١٠٥

(١٠) مستقبل وهم، سيغموند فرويد، ترجمه: جورج طرابيشي ل ٤٣.

(١١) العودة الي الذات، پێشوو ل١٩٤

(١٢) موسلیم ریوایەتی کردووە، رياض الصالحين، الامام النووي، دار الجيل، بيروت- لبنان، ل ٧٦.

(١٣) لەو فەرموودانە:

- (لزوال الدنيا أهون على الله من قتل رجل مسلم)، رواه الترمذي وهو حديث صحيح كما قال العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي ٢/ ٥٦,٠

واتە لەناوچوونی دنیا لای خوا ئەهوەنترە لە کوشتنی پیاوێکی موسڵمان".

- (وعن عبد الله بن عمر رضي الله عنه قال رأيت رسول الله صلي الله عليه وسلم

يطوف بالكعبة ويقول: (ما أطيبك وأطيب ريحك ما أعظمك وأعظم حرمتك والذي نفس محمد بيده لحرمة المؤمن أعظم عند الله حرمة منك ماله ودمه وأن نظن به إلا خيراً) رواه ابن ماجة وصححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب ٢/ ,٦٣٠

واته: پێغەمبەرم دی بە دەوری کەعبەدا دەسووڕایەوە و دەیوت: ئای چەند نازداریت و بۆنت چەند خۆشە، چەند گەورەیت و حورمەتت چەند گەورەیە، سوێند بەو کەسەی گیانی محەمەدی بەدەستە، ئیماندار حورمەتی لای خوا لە تۆ زیاترە، ماڵ و خوێنی، ئێمەیش تەنیا گومانی چاکەمان بەرامبەری هەیە".

– هەرچی فەرموودەی (لهدم الكعبة حجراً حجراً أهون من قتل المسلم)، واتە روخاندنی بەرد بە بەردی کەعبە ئەهوەنترە لە کوشتنی موسڵمانێک"، ئەمەیان وەک دوکتۆر حوسام عەفانە مامۆستای فیقھ و ئوسوڵی فیقھ لە زانکۆی قودس لە فەلەستین باسی دەکات، شێخ ئەلعەجلونی واتای ئەو فەرموودەیەی لە کتێبی (كشف الخفاء)دا باس کردووە، بەڵام نەک بەو لەفزە.

بڕوانە ئەم لینکە: http://www.islamdor.com/vb/showthread.php?t=19105

(١٥) موسلیم ریوایەتی کردووە، ریاض الصالحين، لا ٤٢٩.

(١٥) حكم النبي محمد، للفيلسوف تولستوي، نقله الي العربية من الروسية، سليم قبعين، ط ٣، ١٩٨٧)

(١٦) قالوا عن الاسلام، د. عمادالدين خليل، ١٩٩٢.

(١٧) ئەمەی خوارەوە دەقی وتەکەی برنادشۆیە بەزمانی ئەسڵیی خۆی:

"I have always held the religion of Muhammad in high estimation because of its wonderful vitality .It is the only religion which appears to me to possess that assimilating capacity to the changing phase of existence which can make itself appeal to every age .I have studied him - the wonderful man and in my opinion far from being an anti-Christ, he must be called the Savior of Humanity ".

I believe that if a man like him were to assume the dictatorship of the modern" world he would succeed in solving its problems in a way that would bring it the much needed peace and happiness: I have prophesied about the faith of Muhammad that it would be acceptable to the Europe of tomorrow as it is beginning to be acceptable to the Europe of today."

(١٨) ركائز الايمان، محمد الغزالي، لا ٢٥٧.

( ١٩) بڕوانە: تفسير الطبرى، أبو جعفر الطبرى، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠ ، ٦٤٤/١٧، نوسخەیەکی ئەلیکترۆنی، لە سایتی www.qurancomplex.com وەرگیراوە، کە ژمارەی لاپەرەکانی بەپێی نوسخە چاپکراوەکەیە.

(٢٠) کێشەکە لەوەدایە خەڵک حەزیان لەم جۆرە چیرۆکە سەیرانەیە، ئەوە بوو کاتێ مامۆستا وتی کچەکە موسڵمان بوو و شایەتمانی هێنا بەجارێ مزگەوتەکە بوو بەگرمەگرم و ئامادەبووان لە خۆشیا شایەتمانیان دەوتەوە، هەروەها کاتێ وتی کوڕەکە بە کافری مرد، پیاوێک لە تەنیشتم بوو بەدەنگی بەرز و بەئاخ و ئۆفەوە وتی: پەککو!

(٢١) بڕوانە: تدوين السنة النبوية؟، نشأته وتطوره، الدكتور محمد بن مطر الزهراني، مكتبة دار المنهاج، لا١٩٧).

(٢٢) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٢٣) موسلیم ریوایەتی کردووە.

(٢٤) بوخاری ریوایەتی کردووە

(٢٥) تدوين السنة، پێشوو لا ٣٠

(٢٦) هەمان سەرچاوە.

لەبارەی حوجیەتی سوننەوە بڕوانە:

- حجية السنة، الشيخ عبدالغني عبدالخالق.
- تدوين السنة النبوية، پێشوو.
- كيف نتعامل مع السنة النبوية، معالم و ضوابط، د.يوسف القرضاوي لا ٣٥.

(٢٧) هەمان سەرچاوە لا ٤٦.

(٢٨) كيف نتعامل مع السنة النبوية، پێشوو.

(٢٩) هەمان سەرچاوە، لا ١٠٣.

(٣٠) سەرچاوەکانی کتێبی فەرموودە لای شیعە جیاوازن لە سەرچاوەکانی ئەهلی سوننە، لەوانە:

- کتێبی (الکافی)ی شێخ ئەلکلێنی (٣٨١ ک مردووە)، کە ١٦٠٩٩ فەرموودەی تێدایە و بە ڕاستترین سەرچاوەی دادەنێن.

- کتێبی (من لایحضره الفقیه)ی شێخ ئیبن بابەویهـ کە ٩٠٤٤ فەرموودەی تێدایە.
- کتێبی (التهذیب)ی شێخی ئەلتووسی کە ١٣٠٩٥ فەرموودەی تێدایە.
- هەروەها کتیبی (الاستبصار)ی هەمان دانەر کە ٥٥١١ فەرموودەی تێدایە.

(٣١) هەمان سەرچاوە لا ١٠٧.

(٣٢) هەمان سەرچاوە.

کاتی خۆی کتێبەکانی فەرمووده هەریەکەیان بەپێی شێوەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ناوی جۆراوجۆریان لێ نراوە، ئیمام مالک کە لە یەکەم وەچەی فەرموودەناسەکانە کتێبەکەی خۆی ناو ناوە (الموطأ)، کە وەک لە کتێبی "تدوین السنه"دا باس کراوە، ژمارەی فەرموودەکانی چەند هەزارێکە کە لە ١٠٠ هەزار فەرمووده دەری هێناون، لا ٨٣.

ئیمام ئەحمەد کتێبەکەی بەناوی مەسنەد ناوناوە، ئەبوداود ناوی ناوە سونەن، لەبەرئەوە ئەویان بە مەسنەدی ئەحمەد و ئەمیان بە سونەنی ئەبوداود بەناوبانگە.

(٣٣) مقدمة ابن خلدون. دیارە چەندان زانای کۆن و نوێی سوننە و شیعەیش بەرپەرچی بۆچوونەکەی ئیبن خەلدونیان داوەتەوە و هاتنی مەهدییان بە ڕاستییەکی مێژوویی داناوە.

(٣٤) بڕوانە: طبقات الشافعیة، للسبکي.

(٣٥) لەبارەی فەرمووده لاواز و دانراوەکانەوە دەتوانی سەیری ئەم سەرچاوانە بکەیت:

- جامع الاحادیث القدسیة الضعیفة و الموضوعة، الشیخ ابوعبدالرحمن عصام الدین الصابطي، مکتبة المشکاة الاسلامیة)، کە ١٩٥٠ فەرموودەی قودسیی لاواز و دانراوی دەستنیشان کردووە، کە لە سەرچاوەکانی فەرمووده و تەفسیردا هاتوون.
- الاحادیث الضعیفة في ریاض الصالحین، احسان العتیبي، کە دەیان فەرموودەی ئەو کتێبەی ئیمامی نەوەوی بە لاواز داناوە کە پێشەوایانی فەرمووده وەک تەرموزی و نەسائی و ئەبوداود و حاکم بە ڕاست یان (حەسەن)یان داناون.
- سلسلة الاحادیث الضعیفة، ناصر الدین الالباني.

(٣٦) بڕوانە: السلطة في الاسلام، عبدالجواد ياسين.

(٣٧) كيف نتعامل مع السنة.. پێشوو لا ,٣٧

(٣٨ ) السنة النبوية بين اهل الفقه و اهل الحديث، محمد الغزالي، دارالشروق، چاپی ١١، ١٩٩٦، لا٢١-,٢٢

(٣٩) دەقەکەی، بەم شێوەیە: عن عائشة -رضي الله عنها- أن سالماً مولي أبي حذيفة كان مع أبي حذيفة وأهله في بيتهم فأتت (تعني ابنة سهيل) النبي فقالت: إن في نفس أبي حذيفة من ذلك شيئاً، فقال لها النبي: "ارضعيه تحرمي عليه، ويذهب الذي في نفس أبي حذيفة" فرجعت، فقالت: إني قد أرضعته، فذهب الذي في نفس أبي حذيفة".

واتە: سالمی کۆیلەی ئەبوحوزەیفە لەگەڵ ماڵی ئەبوحوزەیفە دەژیا، هاوسەری ئەبوحوزەیفە هەستی کرد مێردەکەی تووشی هەندێ دڵپیسی دەبێ بەو هۆیەوە، بۆیە ئەوەی بە پێغەمبەر ڕاگەیاند، ئەویش پێی وت: شیر بدە سالم لێی حەرام دەبیت و ئەوەیش لە دڵی ئەبوحوزەیفەدایە نامێنێ. ئەویش ئەوەی کرد و دواتر گەڕایەوە وتی : شیرم پێ دا و ئەوەی لە دڵی ئەبوحوزەیفەدا بوو نەما.

(٤٠) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

(٤١) لە مادەی ١٨ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە "هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئاینی هەیە، ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئاین یان بیروباوەڕیش دەگرێتەوە..".

(٤٢) حقوق المواطنة، راشد الغنوشي لا ٥٠.

(٤٣) الحلال و الحرام في الاسلام، الدكتور يوسف القرضاوي، المكتب الاسلامي، لا ,٢٩٦ فەرمودەکە (متفق عليه)يە.

(٤٤) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

(٤٥) رياض الصالحين، لا ٢٦٧.

(٤٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٣١٤-٣١٩).

(٤٧) تاريخ المذاهب الاسلامية، الامام محمد أبوزهرة، دار الفكر العربي، لا٥٨-٧٠.

(٤٨) بۆ واتای ئایەتەکان سوود لە تەفسیری (ئاسان)، بورهان محەمەد ئەمین، وەرگیراوە.

(٤٩) المسلمين في الهند، حسن الندوي، لا ٤٠–٤١.

(٥٠) كۆواری: الوعي الاسلامي، ژماره ٣٠٥. لا ٨٦.

(٥١) الفكر الاسلامي، قراءات و مراجعات، زكي ميلاد، ئەويش لە "في ظلال القران، سيد قطب، بيروت، دار احياء التراپ العربي، ج ١، لا٤٢٥).

(٥٢) بڕوانە: تاريخ المذاهب الاسلامية، الامام محمد زهرة، لا ,٩٩

(٥٣) لەبارەی سیستەمی ئەخلاق لە قورئاندا بڕوانە: دستور الاخلاق في القران، د. محمد عبدالله دراز، تعريب و تحقيق و تعليق، عبدالصبور شاهين، مؤسسة الرسالة.

(٥٤) حقوق المواطنة، راشد الغنوشي، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، چاپی ٢، ١٩٩٣ن لا٢٥.

(٥٥) التدين المنقوص، فهمي هويدي، ط ١، دار الشروق، ١٩٩٤، لا ١١–٢٥.

(٥٦) فەرموودەکان لە کتێبی: تاج الاصول، مەنسوور عەلی ناسف، بەرگی یەکەم وەرگیراون.

(٥٧) بۆ شارەزابوون لە بەشێک لەو مێژووە، خوێنەر دەتوانێ گەشتەکەی ئیبن بەتوتە بخوێنێتەوە، کە چۆن سوڵتانی موسڵمانی وا لە هیند هەبووە زۆر دیندار و خێرۆمەند بووە، کەچی لە هەمان کاتدا زۆر خوێنرێژیش بووە، خیانەتی لە باوکی کردوە و بەکوشتنی داوە تا خۆی جێی بگرێتەوە، لەسەر نوێژنەکردن خەڵکی کوشتووە، لەگەڵ نەیارەکانی توندتر بووە.

# پێڕست


پێشـەکی ..... 5
پێگەی مزگەوت و زانایانی ئاینی ..... 10
شەقام، داینەمۆی گۆڕانکاری ..... 16
دوانگەی ئاراستەکردنی عەقڵی گشتی بەکێ بسپێرێ؟ ..... 21
پێش دەست پێکردن ..... 26
خاڵە لاوازەکانی گوتاری ئاینی ..... 30
مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودەکان ..... 49
سیاسەت و گرووپگەرایی ..... 64
ئاشنایی بە رۆشنبیریی سەردەم ..... 74
رەچاوکردنی زەوقی خەڵک ..... 79
زمانی حەماسی ..... 81
هەڵوێست لە یاسا گەردوونییەکان ..... 85
خەمە ئینسانییەکان ..... 93
ساناکردنی کێشە ئاڵۆزەکان ..... 100
دوا وتە ..... 105